# هەڵوەشاندنەوەی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران

# هەنگاوێکی دیکەی گرنگی حکومەتی هەرێمی کوردستانە

بڕیاری بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤، هەوڵێك بوو بۆ شکاندنی ئیرادەی خەڵکی کوردستان و شکستهێنان بە ئەزموونی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان، بەڵام خۆڕاگریی تێکڕای فەرمانبەرانی کوردستان و تێگەیشتنیان لەو قەیرانە گەورە ئابوورییەی کە بە هۆکاری سیاسی خراوەتە سەر هەرێمی کوردستان، بووە هۆکاری ئەوەی کە گەمارۆی ئابووری و بڕینی مووچە ئامانجی خۆی نەپێکێت.

لەوانەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتاوە و تا رادەیەکی زۆر لەو بڕوایەدا نەبووبێت کە حکومەتی بەغدا درێژە بە سیاسەتی قووتبڕینی خەڵك بۆ ئەو ماوە درێژە دەدات، بۆیە لە ساڵی یەکەم و دووەمدا لەگەڵ ئەوەی نرخی نەوت بۆ ئاستێکی زۆر نزمیش دابەزی، بەڵام بە رێگەی قەرزکردن توانرا لە هەر ساڵیکدا مووچەی ٨-٩ مانگ دابین بکرێت، بەڵام دیرێژەکێشانی گەمارۆی بەغدا، هەروەها درێژەکێشانی شەڕی دژی داعش وایکرد، قەیرانەکە زۆر سەختتر بێت و حکومەت چیتر نەتوانێت مووچەی فەرمانبەران دابین بکات، هەربۆیە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦ حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا راشکاوانە ئەم پرسە لەگەڵ تێکڕای چین و توێژەکانی کوردستان باس بکات و، هەموو پێکەوە بیر لە چارەسەرێکی لەبار بۆ ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە بکەنەوە، هەتا رێکارێکی بۆ بدۆزرێتەوە، بەمەش دوای چەندین کۆبوونەوەی راستەوخۆی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ نوێنەرانی گشت چین و توێژەکانی کوردستان، حکومەت بە ناچاری ناچار بوو کە سیستمی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران پیادە بکات.

ئەم سیستمە لەگەڵ ئەوەی بڕیارێکی قورس و سەخت بوو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە پێناوی ئەوە بوو ئەم هەنگاوە ببێتە دەروازەیەك بۆ تێپەڕاندنی ئەم قەیرانە قورسە و پاراستنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، بەڵام ناحەزانی گەلی کوردستان چونکە ئامانجیان ئەوە بوو قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان شکست بهێنێت، ئەمجارەیان بە رێگەی هەندێك هێز و لایەنی سیاسیی بەناو ئۆپۆزسیۆن کەوتنە هاندانی فەرمانبەرانی کوردستان و بایکۆتکردنی دەوامی ئاسایی قوتابخانە و فەرمانگەکانی حکومەت و خۆپیشاندان و دروستکردنی ژینگەیەکی ئاڵۆزی سیاسی و حوکمڕانی لە کوردستاندا، لەمەش ناخۆشتر ئەوە بوو هەوڵەکانی ناحەزانی کوردستان بەو ئاراستەیە بوو کە بەرپرسیاریەتی ئەم قەیرانە سەختە بخاتە سەر شانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان بە پشتیوانیکردنی تەواوی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بووە هۆکاری ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان شێلگیرانە و راستگۆیانە لەگەڵ تەواوی خەڵکی کوردستان و فەرمانبەرانی کوردستان شانیان دایە بەر ئەم ئەرکە سەختە و نەیانهێشت هەوڵەکانی ناحەزانی گەلی کوردستان ئامانجەکەی خۆی بپێکێت. دیارە ئەم هەڵوێستە

مێژوویەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو قۆناخە سەختەدا، زۆر بە باشی لەلایەن گەلی کوردستانەوە هەڵسەنگێندرا، هەر بۆیە لە هەردوو هەڵبژاردنی ئایاری ٢٠١٨ بۆ پەرلەمانی عێراق و ئەیلوولی ٢٠١٨ بۆ پەرلەمانی کوردستان، خەڵکی کوردستان بە شێوەیەك متمانەی خۆیان بە پارتی دیموکراتی کوردستان بەخشی کە پارتی ببێتە حزبی یەکەم لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان.

پارتی دیموکراتی کوردستان کە لایەنی سەرەکیی کوردستانییە بوو بۆ وتووێژکردن لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکانی شیعە لە عێراق هەم بۆ پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەتی عێراق و هەمیش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، توانی بە شێوازێکی زۆر زیرەکانە بەستەڵەکی نێوان هەولێر و بەغدا بتوێنێتەوە و جۆرێك لە لێکتێگەیشتن لەگەڵ لایەنە شیعەکان دروست بکات، بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، ئەم لێکتێگەیشتنەش لەسەر ئەو نەخشەرێگەیە هاتە ئاراوە کە سەرۆك بارزانی، بەشداریی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە کابینەی تازەی حکومەتی عێراق، گرێ دابووەوە بە بەرنامەی حکومەتی داهاتوو بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا.

دوای رێککەوتن لەسەر ئەم نەخشەرێگەیە، سەردانی بارزانی بۆ بەغدا بووە فاکتەرێکی دیکەی لێکتێگەیشتنی نێوان بارزانی و لایەنە سیاسییەکانی شیعە لە عێراق و هەروەها بووە هۆکارێك بۆ کاری پێکەوەیی لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا، لەهەمانکاتدا ئەم زەمینە لەبارەی دوای سەردانەکەی بارزانی بۆ بەغدا هاتەئاراوە، بووە هۆکاری ئەوەی کە فراکسیۆنە کوردستانییەکانی ناو پەرلەمانی عێراقیش جوامێرانەتر لەسەر پرسە نیشتمانییەکان پێکەوە کاربکەن و هەوڵەکانیان چڕبکەنەوە بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی تازە لەنێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکان و فراکسیۆنەکانی دیکەی ناو پەرلەمانی عێراق دروست بێت.

لەگەڵ ئەوەی لە سەرکەوتنی هەوڵەکاندا، پارتی دیموکراتی کوردستان رۆڵی سەرەکی تێدا گێڕاوە، بەڵام هەوڵی فراکسیۆنە کوردستانییەکانیش فاکتەرێکی گرنگ بووە بۆ سەرکەوتنی ئەو هەوڵانە و زەمینە رەخساندن بۆ تێگەیشتنێکی هاوبەش لەنێوان بەغدا و هەولێر، کە جێگەی ئاماژەپێکردنە لەم تێگەیشتنە هاوبەشەدا، د.عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی عێراق رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە و فاکتەرێکی گرنگ بووە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئیجابییانە وەڵامی خواستەکانی هەرێمی کوردستان بدرێتەوە.


هەڵوەشانەوەی سیستمی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران لەوانەیە لە رووی ئابوورییەوە فاکتەرێکی هێجگار گرنگ بێت بۆ باشتربوونی بژێوی فەرمانبەرانی کوردستان و دروستبوونی جووڵەیەکی کارا لە بازاڕەکانی کوردستاندا، بەڵام ئەم بڕیارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەڵوەشانەوەی سیستمی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران، زۆر لەوە گەورەترە کە تەنیا لە رەهەندە ئابوورییەکەیەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم بڕیارە رەهەندێکی گەورەی نیشتمانی هەیە و ئەوەمان پێ دەڵێت: ئەگەر گەلی کوردستان یەك هەڵوێست و یەکگرتوو بێت و هاوکات پشتیوانی حکومەتی خۆی بێت و لە رۆژانی تەنگانە پشت لە حکومەتی خۆی نەکات، ئەوا داو و پیلانی ناحەزانی کوردستان چەند گەورە بێت، هەر ئیرادەی خەڵکی کوردستان سەردەکەوێت و هەر گەلی کوردستان سەربەرزانە خۆی بڕیاری کۆتاییهاتنی نەهامەتییەکان دەدات.

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە میانەی راگەیاندنی بڕیاری هەڵوەشانەوەی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران، زۆر جوامێرانە هەڵوەستەی لەسەر ئەو خاڵە گرنگە کردەوە کە سەرکەوتن بەسەر ئەو قەیرانە سەختەی ئابووری کە چەندین ساڵ بوو یەخەی هەرێمی کوردستانی گرتبوو، بە پلەی یەکەم گێڕایەوە بۆ تێگەیشتنی نیشتمانییانەی فەرمانبەرانی کوردستان لەگەڵ حکومەتی خۆیان، هەروەها بۆ هاوکاری و تێگەیشتنی تەواوی چین و توێژەکانی کوردستان لەگەڵ ئەو قەیرانە سەختەی بەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی گرتبوو. ئەم پێزانینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بۆ هەڵوێستی جوامێرانەی فەرمانبەران و تێکڕای خەڵکی کوردستان، جیا لەوەی هەڵوێستێکی نیشتمانییانەی بەرز وێنا دەکات، لە هەمانکاتدا پیشاندانی گەورەیی ئیرادەی خەڵکی کوردستانە کە بەسەر قەیرانێکدا زاڵ بوون و کۆتاییان پێ هێنا، کە ناحەزانی کوردستان گرەوی ئەوەیان لەسەر کردبوو قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانی پێ لەناو بەرن.



### سەید کاکە پێشمەرگەی دێرینی کوردستان:

# مەلا مستەفا فێری کردووین چەپڵە بۆ کەس لێ نەدەین و دەستی کەسیش ماچ نەکەین



**شەرع و یاسا بنەمای دادپەروەریی مەلا مستەفا بارزانی بوو**

پێنج رۆژ پێش ئەوەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١ دەست پێ بکات، سەید کاکە فەرمانی دەستگیرکردنی لەلایەن حکومەتی (عەبدولکەریم قاسم)ەوە بۆ دەردەچێت، لەبەر ئەوەی سەید کاکە و کۆمەڵێك گەنج لە دژی پەشیمانبوونەوەی عەبدولکەریم قاسم لە ماددەی ٣ی دەستووری کاتیی عێراق (ئەو ماددەیەی کە ئاماژەی بەوە کردووە عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە) خۆپیشاندان دەکەن و ڕێگەی هەولێر- کەرکووك دەگرن. سەید کاکە ئەو راستییە ناشارێتەوە کە ئەو وەك ئەندامێکی پارتی دیموکراتی کوردستان سەر بە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی بووە، بەڵام پاش ئەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی چوونە پاڵ ئاغا و دەرەبەگەکان لەدژی ئیسلاحی زەراعی و، لەبەرامبەردا مەلا مستەفا بارزانی پشتگیریی ئیسلاحی زەراعی و جووتیارانی کردووە، لەو کاتەوە بووەتە یەکێك لە پێشمەرگەکانی ڕێبازی بارزانی، لە ماوەی ژیانی خەباتی سیاسی و چەکداریی خۆیدا ئەم پێشمەرگە قارەمانە لە چەندین حزبی سیاسیدا ئەندامی سەرکردایەتی بووە، بەڵام خۆی جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بوویێت، یان سۆشالیست، یان پارتی دیموکراتی کوردستان، هەر خۆی بە پێشمەرگەی ڕێبازی بارزانی زانیوە. بۆ قسەکردن لەسەر پێگەی پڕشکۆی مەلا مستەفا بارزانی و شێوازی ڕێبەرایەتیکردنی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان و ئەو دادپەروەرییەی لە ویژدانی مستەفا بارزانی هەبووە، ئەم دیدارەمان لەگەڵ سەید کاکە سازکرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

**لە سەردەمی مەلا مستەفا ئیمكانیەت كەم بوو، بەڵام عەدالەتی ئەو ڕێبەرە وایكردبوو كە خەڵك هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی بكات، بەڵام ئێستا ئیمكانیەت زۆر زیاترەو ناعەدالەتی وایكردووە كە خەڵك هەست بە ئاسوودەیی و كامەرانی نەكات**

*** وەك پێشمەرگەیەكی دێرین كە ماوەی ٥٨ ساڵە پێشمەرگەیت، ئایا كاتێك گوێت لە ناوی مەلا مستەفا بارزانی دەبێت، چ هەستێكت لا دروست دەبێت؟**

- مەلا مستەفا بارزانی تەنیا لای من نا، بەڵكو كاتێك هەر هاووڵاتییەكی كوردستان گوێی لە ناوی مەلا مستەفا بارزانی دەبێت، چ هەستێكی لا دروست دەبێت؟ هەقە پرسیارەكە بەو شێوەیە لێ بكەیت، چۆن مەلا مستەفا بووە ئەو ڕێبەرەی كە هەموو خەڵكی كوردستان لە دەوری كۆببێتەوە و بە هێما و ڕەمزی خۆی بزانێت؟ من لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێم، ئەوكاتی مەلا مستەفا لە رووسیا هاتەوە، حزبی شیوعی عێراق لەو پەڕی ئاستی جەماوەری خۆیدا بوو، باڵی مەكتەبی سیاسی لەناو پارتیدا رۆڵیان هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوان لە سەركردایەتیی قۆناخەكە بۆ ئاراستەكردنی خەباتی رزگاریی نیشتمانی شكستیان هێنا، خەڵكەكە لە دەوری مەلا مستەفا كۆبوونەوە، لەلایەكی دیكەوە خۆ مەلا مستەفا بارزانی بە هێز نەهاتووە خۆی بەسەر میللەتدا بسەپێنێت، بۆیە دەبێت هەموومان هەڵوەستە لەسەر ئەوە بكەین، ئەم جوامێری و قارەمانییەی مەلا مستەفا بارزانی لای خەڵكی كوردستان چۆن دروست بوو.

*** هەر پرسیارەكەی خۆت ئاراستەت دەكەینەوە و دەپرسین: ئەو خۆشەویستییەی مەلا مستەفا بارزانی لای خەڵكی كوردستان چۆن دروست بوو؟**

- ئاشكرایە دیدو تێڕوانینی مەلا مستەفا بارزانی بۆ هەڵگیرسانی شۆڕش لە دیدوبۆچوونی باڵی مەكتەبی سیاسیی پارتی جیاواز بوو، مەلا مستەفا پێی وابوو شۆڕش ئامادەكاری باشتری دەوێت، هەر بۆیەش ڕێبەرایەتیی بارزانی بۆ شۆڕشی ئەیلوول چەند رۆژێك دواكەوت. لێرەدا گرنگە بۆ مێژوو ئەوە بڵێم كە مەلا مستەفا بارزانی لە دژی یاسای ئیسلاحی زەراعی عەبدولكەریم قاسم نەبوو، بەڵام باڵی مەكتەبی سیاسی بە هاندانی شای ئێران پشتگیری ئەو ئاغا و دەرەبەگانەیان دەكرد كە دژی یاسای ئیسلاحی زەراعی بوون، بۆیە ئەو ئاغاو دەرەبەگانە بۆ تێكدانی یاسای ئیسلاحی زەراعی دەستیان دایە چەك و پەلاماری چەندین جووتیاریشیان لە ناوچە جیاوازەكانی كوردستان دا، لەمەش زیاتر شای ئێران لەگەڵ بەعسییەكان رێككەوتبوو بۆ ئەوەی حكومەتی عەبدولكەریم قاسم بڕووخێنێت، بەڵام كە هیچیان پێ نەكرا، گەڕانەوە ناوچە سنوورییەكان و پەیوەندیشیان لەگەڵ شای ئێران بەردەوام بوو، بەڵام كە مەلا مستەفا ڕێبەرایەتیی شۆڕشی گرتە دەست، رایگەیاند كە ئەو دژی یاسای ئیسلاحی زەراعی نییە، بۆیە ئێمەومانانیش كە سۆزێكمان بۆ باڵی مەكتەبی سیاسی هەبوو، پاش ئەوەی باڵی مەكتەبی سیاسی لە ئاغا و دەرەبەگەكان بێدەنگ بوو، ئێمە لێیان دڵگران بووین و بووینە پێشمەرگەی مەلا مستەفا بارزانی.

**عەبدولكەریم قاسمم خۆش دەویست، بەڵام كاتێک گوتیان لە ماددەی ٣ی دەستووری عێراق پاشگەز بووەتەوە (ئەو ماددەی كە دەڵێت: عێراق نیشتمانی هاوبەشی كورد و عەرەبە) لەگەڵ كۆمەڵێک گەنج بڕیارمان دا خۆپیشاندان بكەین و ڕێگەی هەولێر – كەركووكمان داخست**

*** دەڵێن پێنج رۆژ پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول فەرمانی دەستگیركردنت لەلایەن حكومەتی عەبدولكەریم قاسمەوە بۆ دەرچووە، لەلایەكی دیكەشەوە خۆت دەڵێیت: من دژی یاسای ئیسلاحی زەراعی نەبووم، ئایا لەسەر چی فەرمانی دەستگیركردنت بۆ دەرچوو؟**

- من ئێستاش دەڵێم دژی یاسای ئیسلاحی زەراعی نەبووم و عەبدولكەریم قاسمیشم خۆش دەویست، بەڵام كاتێك گوتیان عەبدولكەریم قاسم لە ماددەی ٣ی دەستووری عێراق پاشگەز بووەتەوە (ئەو ماددەی كە دەڵێت: عێراق نیشتمانی هاوبەشی كورد و عەرەبە) كۆمەڵێك گەنج هاتن و گوتیان لە دژی ئەو هەڵوێستە خۆپیشاندان دەكەین و نارەزایی دەردەبڕین، بۆ ئەمەش بڕیارمان دا، بچین لەلای شێراوە رێگەی هەولێر - كەركووك بگرین، من ئەو كاتیش چەكدار بووم، لەبەر ئەوەی پێشتریش بەشداری راپەڕینی جووتیارانم كردبوو بە سەرۆكایەتی حزبی شیوعی عێراقی، بۆیە ئەو كاتیش كە چووین ئەو رێگەیەمان گرت، من هەر چەكم پێ بوو. ئەو رۆژە تا دەمەو ئێوارە ئەو رێگەیەمان گرت، بەڵام دەمەو ئێوارە هێزێكی (قوەی سەیار) هات، هەندێك لە گەڵیان بەشەڕ هاتین و شەو توانیمان خۆمان رزگار بكەین، لەو كاتەوە من فەرمانی دەستگیركردنم بۆ دەرچوو.

*** پێشتر ئاماژەت بەوە كرد كە باڵی مەكتەبی سیاسی پەیوەندییەكی باشیان لەگەڵ شای ئێران هەبووە، ئایا شای ئێران دوای رووخانی عەبدولكەریم قاسم مەبەستی لەو پەیوەندییە تاكلایەنیە لەگەڵ باڵی مەكتەبی سیاسی چی بوو؟**

- بە راستی شای ئێران فێڵی لە كاك ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال كرد. شا پێی گوتبوون: من پشتی ئێوە دەگرم و شۆڕشەكەتان لەژێر دەستی مەلا مستەفا بارزانی دەربێنن و بیكەن بە شۆڕشی حزب، دیارە شا مەبەستی بوو كە پەرتەوازەیی لەناو ماڵی كورددا دروست بكات، بەداخەوە باڵی مەكتەبی سیاسی بە هاندانی شای ئێران

بەیاننامەیەکیان دەرکرد، دوای ئەم بەیاننامەیە ئێمە لەگەڵ مەلا مستەفا بووین و ئەوە بوو کۆنگرەی قەڵادزێ گرێ درا، لەم کۆنگرەیەدا مەلا مستەفا داوای لە باڵی مەکتەبی سیاسی کرد کە بێن لە ناو کۆنگرە خۆیان هەڵبژێرن و گوتی: ئەگەر لە کۆنگرە دەرچوون، ئەوا ئێمە پیرۆزباییان لێ دەکەین و من دەگەڕێمەوە بۆ بارزان و پشتگیریشیان لێ دەکەم، بەڵام بەداخەوە، باڵی مەکتەبی سیاسی لە بری ئەوەی بێن بۆ کۆنگرەکە، بەیاننامەیەکی دیکەیان دەرکرد و رایانگەیاند ئەوانەش بەشداریی کۆنگرەی قەڵادزێیان کردووە، لە حزب دەردەکرێن، بۆیە کۆنگرە بە سەرپەرشتیی مەلا مستەفا بەردەوام بوو. لیژنەی ناوەندیی سەرکردایەتیی تازە هەڵبژێردرا، پاشانیش هەر لەسەر راسپاردەی کۆنگرە، هێزێك رەوانە کرا بۆ ماوەت و لەوێ باڵی مەکتەبی سیاسی ئاودیوی ئێران کران.

*** پێتوایە نهێنیی سەرکەوتنەکانی مستەفا بارزانی لە چیدا بەرجەستە دەبن؟**

- من لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەر گەورە بووم، باوکیشم پیاوێکی ئایینپەروەر بووە، بۆیە بەردەوام مەلا و پیاوانی ئایینی روویان لە ماڵی ئێمە کردووە. زۆر جار ئەو مەلا و پیاوە ئایینییانە باسی گرنگی دادپەروەریی خەلیفەی موسڵمانان بەگشتی و ئیمامی عومەری کوڕی خەتابیان بەتایبەتی دەکرد و جەختیان لەوە دەکردەوە کە لە ناو خەلیفەکانی ئیسلامدا، لەم روانگەیەوە کە سەیری شێوازی رێبەرایەتیی مەلا مستەفام بۆ شۆڕشەکە دەکرد و، زۆر دادپەروەرانە لەهەموو بوارەکانی مامەڵەی دەکرد، هەستمدەکرد کە دادپەروەریی بۆ سەرکەوتنی شۆڕش چەند گرنگە، بۆ ئەمەش حەزدەکەم ئاماژە بەسادەیی کەسێتی مەلا مسەفا بکەم،، هەر بۆ نموونە کە لە هەندێك بۆنەدا دەچووین بۆ سەردانی مەلا مستەفا، پێش هاتنی ئەو، دوو پێشمەرگە دەهاتن پێیان دەگوتین، بارزانی سڵاوی هەیە بۆتان، بەڵام کاتێك هات، حەزناکات لە بەری هەستن و چەپڵەی بۆ لێ بدەن، ئەم پەروەردەیەی بارزانی بۆ من هەتا ئێستاش کاریگەری لەسەرم هەیە، بڕوا بکەن، ئێستاش لە هیچ بۆنەیەکدا ناتوانم چەپڵە بۆ هیچ کەسێك لێ بدەم، چونکە مەلا مستەفا بارزانی فێری کردووین نە چەپڵە بۆ کەس لێ بدەین، نە دەستی کەسیش ماچ بکەین، ئەوە پەروەردەی مەلا مستەفا بارزانی-یە، خۆی پێی دەگوتین: تەوقەم لەگەڵ بکە و پێم بڵێ بارزانی چۆنی، بەڵام نە دەستی من و نە دەستی هیچ کەسێکی دیکەش ماچ نەکەن. هەروەها مەلا مستەفا فێری کردین، ئەگەر هەر کەسێك زللەیەك، یان شەقێك لە یەکێك بدات، دەبێت ئەو زللەیە، یان ئەو شەقەی لێ بدرێتەوە، ئەوجا ئەو کەسە هەر کەسێك، یان هەر پلە و پایەکی لە شۆڕشدا هەبێت. ئەمەی دەڵێم ئەمە تەریقەتی شێخانی بارزانە، ماوەیەك هێزەکەمان لە ناوچەی بارزان بوو لە نزیك چیای شیرین، رۆژێکیان لە رێگە کابرایەکم بینی و بەسەرهاتێکی بۆ گێڕامەوە و گوتی: لەسەردەمی گەنجیما شوان بووم، رۆژێکیان مەڕەکانم چووبوونە ناو دەغل و دانی خەڵك، منیش چووم مەڕەکان لەناو دەغل و دانەکە دەربکەم، سەیرم کرد مەلا مستەفا بەرەو چیاکە دەچێت و لێی پرسیم: بۆ ئەو مەڕانەت بەرداوەتە دەغڵی خەڵك، منیش پێم گوت: ئینجا تۆ هەقت چییە خۆ دەغل و دانی تۆ نییە، لەسەر ئەمە مەلا مستەفا زللەیەکی لێ دام، منیش ئێوارە کە گەڕامەوە، چووم لای شێخ ئەحمەدی بارزان شکاتم لێکرد، شێخ ئەحمەد ئەمری کرد، بچن مەلا مستەفا بێنن، بۆ ئەوەی ئەم کابرایە زللەکەی لێ بداتەوە، کابرا گوتی: من چەند هەوڵمدا کە زللەکەی لێ نەدەمەوە، بەڵام شێخ ئەحمەد ئەمری کرد، مادام زللەی لە تۆ داوە، دەبێت تۆ مافی خۆت وەربگریتەوە. بۆیە مەلا مستەفا پەروەردەی ئەم تەریقەتە بوو. ئەم تەریقەتە جیا لە شێخ ئەحمەد و شێخ محەمەد، مەلا مستەفاش پیادەی کردووە، بەڵام دوای مەلا مستەفا بەداخەوە نەتوانراوە وەك خۆی پیادە بکرێت.

*** زۆر جاران دەڵێن، شۆڕشی ئەیلوول تەنیا شۆڕشێکی چەکداری نەبووە، شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیش بووە، ئایا مەبەست لە شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە شۆڕشی ئەیلوولدا چییە؟**

- من فەرماندەی یەکێك لە بەتالیۆنەکانی هێزی دەشتی هەولێر بووم کە فارس باوە فەرماندەی هێزەکە بوو. رۆژێکیان برووسکەیەك لە بارەگای بارزانی بۆ هێزی دەشتی هەولێر هاتبوو و ئاماژەی بەوە کردبوو کە مافە کۆمەڵایەتییەکانی ئافرەت لە ناوچەی دەشتی هەولێر لاوازە و لە برووسکەکەدا هاتبوو: (نابێت لەمەودا بەهیچ جۆرێك کچان لەسەر پشتی لانك لە کەس مارە بکرێن، یان گەورە بە بچووك بکرێت، یان ژن بە ژن هەبێت، هەروەها نابێت کەس کچ، یان خوشکی خۆی بە پارە بدات..) دیارە چۆن شێوازی مەلا مستەفا بۆ رێبەرایەتیکردنی شۆڕشی کوردستان شاز بوو،

**شای ئێران فێڵی لە کاک ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال کرد. شا پێی گوتبوون: من پشتی ئێوە دەگرم و شۆڕشەکەتان لەژێر دەستی مەلا مستەفا بارزانی دەربێنن و بیکەن بە شۆڕشی حزب، دیارە شا مەبەستی بوو کە پەرتەوازەیی لەناو ماڵی کورددا دروست بکات**

**لە هەندێک بۆنەدا دەچووین بۆ سەردانی مەلا مستەفا، پێش هاتنی ئەو دوو پێشمەرگە دەهاتن پێیان دەگوتین، بارزانی سڵاوی هەیە بۆتان، بەڵام کاتێک هات، حەزناکات لە بەری هەستن و چەپڵەی بۆ لێ بدەن، ئەم پەروەردەیەی بارزانی بۆ من هەتا ئێستاش کاریگەری لەسەرم هەیە**

دەتوانم بڵێم شێوازی فارس باوەش بۆ جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی مەلا مستەفا شاز بوو، هەر بۆیە بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارانەی بارزانی، فارس باوە هات پێشمەرگەیەکی خۆی لە پشتی ئۆتۆمبێلێك دەبەستەوە بە ناوچە جیاجیاکانی دەشتی هەولێردا دەیگێڕا و بە خەڵکەکەی دەگوت، ئەم کابرایە ژن بە ژنی کردووە، یان خوشکەکەی خۆی بە پارە داوە بەشوو، یان دەیگوت گەورە بە بچووکی کردووە، بۆیە خەڵکەکە کە ئەمەیان دەبینی، ئیدی کەس نەیدەوێرا جارێکی دیکە ئەو کارانە دژی ئافرەتان ئەنجام بدات، ئێمە لە دەشتی هەولێر هەموو بڕیارەکانی مەلا مستەفا-مان جێبەجێ کرد، بەبێ ئەوەی لێپرسینەوە لەگەڵ کەس بکەین.

*** ئایا شێوازی دادپەروەریی مەلا مستەفا بە ڕێگەی یاسا بوو، یان بە ڕێگەی شەرع و شەریعەتی ئایینی ئیسلام؟**

- لە سەردەمی مەلا مستەفا هەردوو شێوازی یاسا و شەرع بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پەیڕەو دەکران، بۆ نموونە من فەرماندەی بەتالیۆنی یەك بووم لە هێزی دەشتی هەولێر، وەك فەرماندەیەکی سەربازی ئەو مافەم نەبوو لێپرسینەوە لەگەڵ خەڵك بکەم، بەڵکو مەلایەکیان بۆ دانابووین، ناوی مەلا تەڵعەت بوو، کە پاشان بووە پەرلەمانتاریش، هەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هەبوایە، دەمانناردە لای مەلا تەڵعەت، ئەگەر مەلا تەڵعەت بەپێی شەرع کێشەکەی چارەسەر بکردایە و هەردوولا ڕازی بوونایە، ئەوە کێشەکەمان چارەسەر دەکرد، ئەگەر چارەسەر نەکرایە، کێشەکەمان ڕەوانەی سەرکردایەتی دەکرد بۆ ئەوەی بە یاسا چارەسەری بکەن. هەر بۆ نموونە لە ناوچەی ئێمە سەرپەلێك بەناوی سادق لەگەڵ چوار پێشمەرگە چووبوونە گوندی (باش تەپە) لەوێ کابرایەکیان لە ماڵی خۆی دەرهێنابوو بە دار لێیان دابوو، بە ڕێکەوت دارێك بەر سەری کابرا کەوتبوو، گیانی لەدەست دابوو، لەسەر ئەم پرسە دادگا بڕیاری دابوو سەرپەلەکە لە سێدارە بدرێت و چوار پێشمەرگەکەش هەر یەکەیان پێنج ساڵ زیندانی بکرێت، ئەوجا ئەم سەرپەلە سەر بە هۆزێکی گەورەی کوردستان بوو، زیاتر لە ٢٠٠ پێشمەرگەیان لەناو شۆڕشدا هەبوو، عەرەب گوندەکانی ئەو هۆزەی هەموو داگیر کردبوو، چەندین فەرماندە و سەرپەل و سەرلقی دیکەیان هەبوو، سەرۆك هۆزەکەیان ناوی سابیر بوو، هاتبووە لای فارس باوە بۆ ئەوەی پێکەوە بچنە لای مەلا مستەفا و حوکمی دادگا لەسەر ئەو سەرپەلە کەم بکەنەوە، هەروەها پێشنیاریش بکەن بۆ ئەمە ئامادەن سوڵحن و خوێنی ١٠ کەسیش بدەن، ئەوە بوو چوونە لای مەلا مستەفا بارزانی و پێیانگوت ئەوان ئامادەن سوڵح بکەن، تەنیا حوکمەکەی کەم بکرێتەوە و لەسێدارە نەدرێت، لە وەڵامدا مەلا مستەفا گوتبووی: من چیم هەتا عەفوی بکەم، یان دەستکاریی فەرمانی دادگا بکەم، ئەو سەرپەلە خۆ برای منی نەکوشتووە، هەتا من عەفوی بکەم، ئەو برای خەلیلی کوشتووە، بچنە لای خەلیل ئەگەر عەفوی کرد، منیش خوێنی ١٠کەسی دیکە دەدەم، ئەوە دەبێ بە خوێنی بیست کەس و کێشەکە چارەسەر بکەن، بەڵام ئەگەر عەفوی نەکات، من دەسەڵاتی ئەوەم نییە داوای لێ بکەم عەفوی بکات، کە چووبوون خەلیل سەرپەلەکەی عەفو نەکرد، بۆیە دادگا فەرمانی خۆی جێبەجێ کرد.

*** دیارە لە ژیانی پێشمەرگایەتیی خۆتدا لە ناو عەدالەتی بارزانی لێپرسینەوەت لەگەڵ نەکراوە، بۆیە زۆر بە عەدالەتی بارزانی سەرسامی، ئایا قەت سەرپێچیت کردووە و لێپرسینەوەت لەگەڵ کرابێت؟**

- بەڵێ منیش سەرپێچیم کردووە و لێپرسینەوەشم لەگەڵ کراوە، بەڵام ئەوەی من زۆر سەرنجڕاکێشترە. ساڵی ١٩٦٣ ئەو کاتە کە حەرەکەی حەرەس قەومی دەستی پێ کردبوو، ئەم حەرەس قەومییانە هێرشیان کردە سەر گوندی کەندیناوە و هێزەکەیان زۆر بوو، ئێمە وەك پێشمەرگە پاشەکشەمان کرد و دوای ئەم پاشەکشەیەش حەرەس قەومییەکان بڵاویان کردەوە کە پێشمەرگە نەماون و هەموویان تەسلیم بوونەتەوە. کە ئەم هەواڵەمان بیست، پێشمەرگەیەکمان هەبوو، ناوی محەمەد بوو، جێبێکی هەبوو، وتم محەمەد لەگەڵم وەرە دەچینەوە ناوچەی قەرەچووغ و بەناو خەڵکەدا دەگەڕێین، ئەوکاتە کە خەڵك ئێمە دەبینێت، بۆیان دەردەکەوێت کە حەرەس قەومییە بەعسییەکان درۆ دەکەن و پێشمەرگە ماوە و تەسلیم نەبوونەتەوە. لەو ناوچەیە کابرایەکی کوردم دەستگیر کرد کە لە ترسی حەرەس قەومییەکان چەکی هەڵگرتبوو، وازی لە کوردبوونی خۆی هێنابوو، منیش چەکم کردو زۆریش قسەم پێی وت، پاشان ئەو پێشمەرگەی لەگەڵم بوو، وتی ئێمە ئەو هەموو چەکەمان بۆ چییە، چەکەکەی بدەوە و دینارێکی لێ بستێنە بۆ ئەوەی بیدەین بە بەنزین و بگەڕێینەوە، منیش دینارێکم لەکابرا سەند و تفەنگەکەم دایەوە، پاش نزیکەی ٢٠ رۆژ لە بارەگای بارزانی-یەوە

**ئەوە پەروەردەی مەلا مستەفا بارزانی-یە، خۆی پێی دەگوتین: تەوقەم لەگەڵ بکە و پێم بڵێ بارزانی چۆنی، بەڵام نە دەستی من و نە دەستی هیچ کەسێکی دیکەش ماچ نەکەن.**

**برووسکەیەک لە بارەگای بارزانی بۆ هێزی دەشتی هەولێر هاتبوو و ئاماژەی بەوە کردبوو کە مافە کۆمەڵایەتییەکانی ئافرەت لە ناوچەی دەشتی هەولێر لاوازە و لە برووسکەکەدا هاتبوو: (نابێت لەمەودا بەهیچ جۆرێک کچان لەسەر پشتی لانک لە کەس مارە بکرێن، یان گەورە بە بچووک بکرێت، یان ژن بە ژن هەبێت، هەروەها نابێت کەس کچ، یان خوشکی خۆی بە پارە بدات..)**

بروسکەیەك بۆ فارس باوە هاتبوو و لە بروسەکەدا هاتووە کە سەید کاکە دینارێکی لە هاووڵاتیەك سەندووە و دەبێت ئەو دینارە بگەڕێندرێتەوە بۆ ئەو کابرایە، دیارە فارس باوە منی زۆر خۆش دەویست و لە ترسی ئەوەی من نیگەران نەبم، کە وا هەست بکەم، ئەو ئەم هەواڵەی گەیاندۆتە بارزانی، بەبێ ئەوەی بە من بڵێ، هەر خۆی بەناو ئەو هەموو جەیش و جاشەدا چووبووە هەمان شوێن و کابرای دۆزیبووەوە و دینارەکەی بۆ گەڕاندبووەوە. ئینجا بزانە دادپەروەریی مەلا مستەفا گەیشتۆتە چ ئاستێك، لە سەر کابرایەك چۆن هاتە دەنگ و قبووڵی نەکرد بە یەك دیناریش غەدری لێ بکرێت. بارزانی بۆ دیلەکانی شەڕیش (جاش، یان سەرباز) قەت قبووڵی نەدەکرد دیل بکوژرێت. لە ساڵی ١٩٧٥ و لە شەڕی ماکۆك سێ سەربازی عێراقیمان بە پلەی (عەریف و نائب عەریف) بە بریندارى کەوتە دەست، لەوێ پێیان گوتین ئەم سێ کەسە بە نارنجۆکی دەستی چەند ڕەبایەکی پێشمەرگەیان لە کێوەڕەش گرتووە و ژمارەیەك پێشمەرگەشیان شەهید کردووە، بڕوا بکەن ئێمە لەترسی مەلا مستەفا نەمانوێرا هیچیان لێ بکەین، بەناچاری ناردمان وڵاخمان بۆ بەکرێ گرتن و بە سواری وڵاخ ناردمان بۆ نەخۆشخانەی شۆڕش لە سەرکردایەتی، کێ حەددی هەبوو لە زەمانی مەلا مستەفا-دا دیلێکی سەرباز، یان جاش بکوژرێت.

*** ئەم قسانەت ئەوە دەگەیەنێت لەسەردەمی مەلا مستەفا بەرپرسەکان نەیاندەتوانی گەندەڵی بکەن؟**

- کە من لە سەرەتاوە ئاماژەم بە عەدالەتی مەلا مستەفا کرد، مەبەستم ئەوە بوو یاسای دادپەروەریی مەلا مستەفا جیاوازی لەنێوان کەسدا نەدەکرد، ئەوەی سەرپێچی بکردایە ئەو یاسایە سزای دەدا، بۆیە کەس نەیدەوێرا گەندەڵی بکات، مەلا مستەفا قەناعەتی بەو جۆرە بوو، ئەگەر کەسێك ٢٠ هەزار پێشمەرگەی لەگەڵ بێت و زوڵمێك لە هاووڵاتیەك بدات، دەبێت ئەو زوڵمەی لێ بدرێتەوە، هەتا ئەگەر ئەو کەسە و ئەو ٢٠ هەزار چەکدارەشی کە لەگەڵین هەموویان ببن بە جاش، قەناعەتی مەلا مستەفا بەوجۆرە بوو گێڕانەوەی ماف بۆ کەسێکی غەدرلێکراو لەو ٢٠ هەزار کەسە بەنرختره، بۆیە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، ئەگەر تەنیا ئەو کەسەم لەگەڵ بمێنێتەوە کە مافەکەی بۆ دەگێڕمەوە، ئەو زۆر لەو خەڵکانە باشترە کە مافی خەڵك پێشێل دەکەن.

*** لە ماوەی چوار ساڵی ڕێککەوتنی ئادار (١٩٧٠-١٩٧٤) ئایا شۆڕش بە ڕێبەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی تاچەند ئاوڕی لە شەهیدان و پێشمەرگە و هاووڵاتیانی زیانلێکەتوو دایەوە؟**

- ئەمەشیان دیسان پرسێکی زۆر گرنگە لە دوو ڕووەوە، یەکەمیان شۆڕش لە بەرنامەیدا بوو کە خانوو بۆ شەهیدانی پێشمەرگە و پێشمەرگە و ئەو خەڵکانەی حکومەت خانووەکانی سووتاندوون، یان ڕووخێنراون دروست بکاتەوە، بەڵام حکومەتی عێراق ئەو پارەی کە ناردبووی بۆ خانووی شەهیدان ٥٠٠ دیناری ناردبوو، بۆ خانووی خەڵکی زیانلێکەتوو ٣٠٠ دیناری ناردبوو، ئەندازیارەکانیش دەیانگوت خانووی شەهیدان ١٠٠٠ دیناری تێدەچێت و خانووی زیانلێکەتووان ٦٠٠ دینار، ئەمەشیان بۆیە وادانابوو، بۆ ئەوەی بەرنامەکەی مەلا مستەفا بۆ دروستکردنی خانووی شەهیدان و خەڵکانی زیانلێکەتوو سەرنەگرێت، بۆ ئەمە فارس باوە چووە لای مەلا مستەفا و پێی گوتبوو، ئەندازیارەکان وا دەڵێن و پارەکە بەش ناکات، مەلا مستەفاش پێی گوتبوو، ئەگەر خانووەکان دروست نەکەن، پارەکە دەگەڕێتەوە کە ئەمەیان خراپە، بۆیە بچن لای دەوڵەمەند و خێرخوازەکانی کوردستان سواڵ بکەن بۆ ئەوەی ئەو خانوانە دروست بکەن، ئەگەر بەشی نەکرد، منیش لای خۆمەوە سواڵتان بۆ دەکەم و دەبێت ئەو خانوانە تەواو بکرێن. هەربۆیە جێگەی خۆیەتی ئەوە بڵێم، لە سەردەمی مەلا مستەفا ئیمکانیەت کەم بوو، بەڵام عەدالەتی ئەو ڕێبەرە وایکردبوو کە خەڵك هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی بکات، بەڵام ئێستا ئیمکانیەت زۆر زیاترە ناعەدالەتی وایکردووە کە خەڵك هەست بە ئاسوودەیی و کامەرانی نەکات.

*** چ شتێك لە مستەفا بارزانی فێربوویت کە بە درێژایی تەمەنت لەبیرت نەچۆتەوە؟**

مەلا مستەفا گەنجەکانی فێری دوو شێوازی خەباتکردن دەکرد، یەکەم پێیوابوو مرۆڤی سەرکەوتوو ئەوەیە کە مانای بەهاکانی مرۆڤایەتی بزانێت و بزانێت کەرامەت مانای چییە، بۆیە دەیگوت: ئەوەی کەرامەتی هەبێت، نە خیانەت دەکات، نە گەندەڵی، شێوازێکی دیکەی بارزانی کە لاوانی پەروەردە دەکرد، ئەوە بوو کە لاوانی فێردەکرد ئازا و چاونەترس بن، ڕێز لە خەڵك بگرن، بەڵام چەپڵە بۆ کەس لێ نەدەن و دەستی کەس ماچ نەکەن و سازش لەسەر مافی نەتەوەکەیان و مافی ئەو کەسانەی غەدریان لێ دەکرێت، نەکەن.

**مەلا مستەفا فێری کردین، ئەگەر هەر کەسێک زوڵمێک، یان شەقێک لە یەکێک بدات، دەبێت ئەو زوڵمە، یان ئەو شەقەی لێ بدرێتەوە، ئەوجا ئەو کەسە هەر کەسێک، یان هەر پلە و پایەکی لە شۆڕشدا هەبێت**

**یاسای دادپەوەریی مەلا مستەفا جیاوازی لەنێوان کەسدا نەدەکرد، ئەوەی سەرپێچی بکردایە ئەو یاسایە سزای دەدا، بۆیە کەس نەیدەوێرا گەندەڵی بکات**



# لە ساڵیادی لەدایکبوونی مستەفا بارزانی- ی نەمردا



سەلاح بەدرەدین
■
تایبە ت بۆ گوڵانی نووسیوە



دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە سەدەیەك بەسەر لەدایکبوونی سەرکردەی مەزن مەلا مستەفا بارزانی و زیاتر لە چوار دەیە بەسەر کۆچی دواییدا، تائێستا ڕێبازو دەستکەوتەکانی و ڕووداوە مێژووییەکانی پەیوەست بە کەسایەتیی ئەو سەرکردەیە لەناوماندا ماون، لە قۆناخە گرنگەکان و لە وەڵامی ئەو کەسانەی گومان دەکەن لە ڕۆڵی ئەو سەرکردە سیاسی و فیکری و ڕۆشنبیرییە لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا، بە پێویستی دەزانین ڕۆشنایی بخەینە سەر چەند لایەنێك، بەتایبەتیش کە من یەکێکم لەوانەی لە چەند قۆناخێکدا لەگەڵیدا ژیاوم و هەر لەسەرەتای لاویمەوە بە وردی ئاگاداری ڕێبازی تێکۆشان و بەرخۆدانی دوور و درێژی ئەو زاتەم.

کورد وەك هەموو گەلانی دیکە هێماو سەرکردەو بیرمەندی خۆی هەیە، یەکێك لەوانەی لەنێویاندا هەڵکەوتووەو ڕێچکەی ژیان و ئایندەو چارەنووسی گۆڕیون، مستەفا بارزانی-یە، کە لە سەردەمی تازەدا ئەزموونێکی دەوڵەمەندی هەیە و ڕووبەڕووی چەندین تەحەددی بۆتەوە. لە نزیکەوە ئەزموونی سۆشیالیزمی تاقی کردۆتەوە ئەو کاتەی کە لە یەکێتیی سۆڤییەتی جاران بووە، پێش ئەویش مستەفا بارزانی لە سەرەتای لاوییەوە سەرکردایەتیی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کردووە، هەروەها ڕووخانی کۆماری کوردستانی لە مەهاباد بەچاوی خۆی دیوەو ئاگاداری ململانێی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو کاردانەوەکانی بووە بۆ سەر کێشەی کوردو هەموو ئەو گرێبەست و ڕێککەوتنانەی نێوان زلهێزەکان دەربارەی چارەنووسی گەلان، لە پەیماننامەو ڕێککەوتننامەکانی (پۆتسدام، تاران، ماڵتا،یاڵتا و ڕێکەوتنی جەزائیر). بێگومان هەموو ئەمانە وانەو پەندی پێ بەخشیوە و ئامادەکاریی لا خوڵقاندووە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە سرووشتی بزووتنەوەی کوردی، هەروەها بۆ دانانی شێوازو ڕێچکەی لەبارتر بۆ بەدەستهێنانی مافەکان بە خەباتی ئاشتییانە و شۆڕشگێڕانە.

بارزانی وابەستەی مێژووی گەل و بنەماڵەکەی بوو، دوو نەوەی پێش ئەویش هەر خەریکی کوردایەتی بوون، لەسەردەمی شێخ عەبدولسەلام بارزانی، میراتێکی بەرچاو و باڵای نەتەوەیی بۆ بەجێماوە.

**مستەفا بارزانی لە سەرەتای لاوییەوە سەرکردایەتیی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کردووە، هەروەها ڕووخانی کۆماری کوردستانی لە مەهاباد بەچاوی خۆی دیوەو ئاگاداری ململانێی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کاردانەکانی بووە بۆ سەر کێشەی کوردو هەموو ئەو گرێبەست و ڕێککەوتنانەی نێوان زلهێزەکان دەربارەی چارەنووسی گەلان، وانەو پەندی پێ بەخشیوە و ئامادەکاریی لا خوڵقاندووە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە سرووشتی بزووتنەوەی کوردی**

**بارزانی وابەستەی مێژووی گەل و بنەماڵەکەی بوو، دوو نەوەی پێش ئەویش هەر خەریکی کوردایەتی بوون، لەسەردەمی شێخ عەبدولسەلام بارزانی میراتێکی بەرچاو و باڵای نەتەوەیی بۆ بەجێماوە**

**یەکێک لە خەسڵەتە تایبەتییەکانی بارزانی، دوورکەوتنەوە بوو لە حزبایەتیی تەسک، ئەو پابەند بوو بە چەمکەکانی نەتەوە و نیشتمانەوە، هەروەها وابەستەبوو بە گەلەکەی و ڕێزگرتن لە بیروباوەڕو ئامانجە ڕەواکانی گەل**

یەکێك لە خەسڵەتە تایبەتییەکانی بارزانی، دوورکەوتنەوە بوو لە حزبایەتیی تەسك، ئەو پابەند بوو بە چەمکەکانی نەتەوە و نیشتمانەوە، هەروەها وابەستەبوو بە گەلەکەی و ڕێزگرتن لە بیروباوەڕو ئامانجە ڕەواکانی گەل، هاوکات کراوە بووە بەرامبەر پەیڕەوکارانی ئایینەکانی دیکەی موسڵمان و کریستیان و ئێزیدی، پاڵپشتی هەژاران بوو و هاوسۆز بوو لەگەڵ مەینەتیی ئافرەتانی کوردستان و داواکاری دۆستایەتیی بوو لەنێوان کوردو عەرەبدا و لەگەڵ جوداکردنەوەی ئایین بوو لە سیاسەت.

بێگومان بارزانی کەوتبووە ژێر کاریگەریی کولتوور و دابونەریتی ناوچەی بارزان، چونکە هەر لەوێدا چاوی بۆ ژیان هەڵێنابوو، بارزان ناوچەی شۆڕش و یاخیبوونەکان بووە دژی ستەمکارانی ئینگلیز و حکومەتە عێراقییە یەك لەدوای یەکەکان، هەروەها لە پەیوەندیی بە حزبی هیواوە، بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کتێبەکەیدا «البارزاني والحركة التحررية الكردية» باسی ئەوە دەکات کە پەیوەندی هەبووە لەگەڵ شێخ سەعید، بزووتنەوەی خۆیبوون گەیشتۆتە ناوچەی بارزان و لە هەولێر و سلێمانی و بەغدا بڵاوبۆتەوە، خۆیبوون بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی سەرتاسەریی بووە لە سێ پارچەکانی کوردستان لەسەردەمی عوسمانیدا.

## ● سەرچاوە بنەڕەتییەکانی فیکری بارزانی:

١. لە ١٩-١-١٩٤٨دا کۆنفرانسێك لە شاری باکۆ بەستراو تێیدا کوردی ئێران و عێراق و سووریا ئامادەبوون، بارزانی بۆ یەکەم جار بوو باسی پرسە سیاسی و فیکری و فەلسەفییەکانی کرد، دەقی وتارە بەناوبانگەکەی لە کتێبەکەی بەڕێز مسعود بارزانی بڵاوکراوەتەوە، کە تێیدا ستراتیژیەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی خستبووەڕوو، لەو قۆناخەشدا جیاوازیی کردبوو لەنێوان دوژمنان و دۆستانی کورد، بەردی بناخەی ستراتیژیی فیکری بارزانی لە کۆنفرانسی باکۆوە دەستی پێکرد، زۆربەی مێژوونووسان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەمە یەکەم جارە بارزانی باس لە بواری فیکری و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بزووتنەوەو ململانێکانی ناوچەکە دەکات، بە ڕای من ئەمە هەوڵێك بووە بۆ دۆزینەوەی پێگەیەك بۆ کورد لە ناوچەکەدا، چونکە پێشتر کورد هیچ پێگە و ڕۆڵێکی نەبووە شایانی باسکردن بێت، هەروەها بارزانی هەوڵی دەدا یەکێتیی سۆڤییەتی جاران تێبگەیەنێت کە (ئەو کاتە) ٢٠ ملیۆن کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەن، دەتوانن ڕۆڵی گرنگ لە ناوچەکەدا ببینن، ئەو کوردانە پەیوەستن بە شۆڕشی جیهانییەوە، ئەم وتارە بووەتە بەڵگەنامەیەکی ئەرشیفکراوی یەکێتیی سۆڤیەت و قسە و لێکۆڵینەوەی زۆر دەربارەی کراوە.

٢. بۆ جاری دووەم کە فیکری بارزانی تێیدا دەرکەوت لە کۆنگرەی کانی سماق بوو لە ١٥-٤-١٩٦٧، وا ڕێکەوت کە لەوێ یەکەم سەردانم بێت بۆ لای بارزانی و ناوچە ئازادکراوەکان و ئامادەی کۆنگرەی سیاسی-سەربازیی سەرکردەکانی هێزی پێشمەرگە بووم کە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی و ئیدریس بارزانی-ی هەمیشە لە یاد ئامادەی بوون.

بارزانی لە کۆنگرەی کانی سماق ڕووی لە فەرماندەکانی پێشمەرگە و خەباتگێڕانی حزب کردو پێی گوتن: (ئێوە قارەمانانی ئەو گەلەن و خۆتان بە قوربانی دەکەن، هیواخوازم چاوتان لە هەژاران بێت و ڕەخنەش قبووڵ بکەن، ئەوەی لەپێناو بەرژەوەندیی تایبەتی کاربکات جێی لەنێوماندا نابێتەوە و کوردایەتیش پێویستی پێی نابێت). بارزانی لەو کۆنگرەیەدا کوردی ناساند و داواکارییەکانیشی ڕوونکردەوە و جەختی لەسەر گرنگیی کاری بەکۆمەڵ کردەوە، بە توندییش هێرشی کردە سەر دەوڵەمەندانی کورد کە یارمەتیی گەلەکەیان نادەن، بارزانی هەمیشە دەیگوت: (من سەرکردە نیم و خزمەتکارێکی گەلەکەی خۆمم)، هەروەها دەربارەی واتای پێشکەوتنخوازیی دوور لە دروشمی بریقەدار ئاماژەی بەوە دەکرد، (پێشکەوتنخواز ئەو کەسەیە کە ستەم لە گەلەکەی ناکات و دزی لێ ناکات و پارێزگاری لە کەرامەتی دەکات.) هەر لەو کۆنگرەیەدا بە توندی ڕەخنەی لە مەسەلەی حزبایەتیی تەسك گرت و لەم ڕووەوە گوتی: (بە درێژایی ژیانم خیانەتم لە کەس نەکردووە و قبووڵیش ناکەم کەس خیانەتم لێ بکات، ڕێکخستنی ڕیزەکانمان بنەمای سەرکەوتنمانە

و ئێمەش ململانێی مان یان نەمان دەکەین، پێویستە سووکایەتیی بە شوان و گوندنشین و ئافرەت نەکەین)، هەروەها زیاتر گوتی: (لە ساڵی ١٩٤٥ و لە ساڵی ١٩٤٨ و لە ١٩٦٠دا گوتوومە و ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم کە هیچ کێشەو ناکۆکی لە نێوان گەلی کوردو گەلی عەرەبدا نییە، کوردو عەرەب دۆست و بران، بەڵام ململانێمان لەگەڵ رژێم و حکومەتەکانە و داوادەکەین حکومەتێکی دیموکرات پێکبێت و ئێمەش هێرش بۆ کەس ناکەین و داکۆکی لە خۆمان دەکەین، حزب خۆی لە خۆیدا ئامرازە نەك ئامانج). بارزانی خاوەنی فیکرو بۆچوونی دیارو روون بوو، شۆڕشی ئەیلوول و ئۆتۆنۆمی و فیدرالی بەڵگەی زیندووی ئەو راستییەن.

رۆژێکیان ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاگاداری کردمەوە سەبارەت بە توێژینەوەیەکم لە کۆنگرەی یادی نەوەد ساڵەی لەدایکبوونی بارزانی کە لە سەلاحەدین سازکرا، ئەو پەست بوو لە وشەی (بارزانیزم) و حەزی لێ نەدەکرد، منیش لە وەڵامدا گوتم: ئایا دان دەنێیت بە بوونی رێبازێکی فیکری و سیاسیی بەرچاوی بارزانی، گوتی: بەڵێ، منیش گوتم: بە کوردی و بە عەرەبی ئەو دوو وشەیە دەڵێینەوە (نهج البارزاني)بە عەرەبی و بە کوردیش (رێبازا بارزانی)، ئەوەی کە کردوومە گۆڕینی ئەو دوو وشەیەیە بۆ یەك زاراوە کە (بارزانیزم)ە و بە لاتینیش —barzanîzim- ئایا ئەو مایەی شەرمەزاری و تووڕەییە؟ بەو برادەرەم گوت: ئەوەی لێی دەترسم، ئەوەیە کە تۆ حەز بە رێبازی خاوەن زاراوەکە ناکەیت، نەك خودی دەستەواژەکە، هەندێ کەس دەڵێن من وەك خۆم کە نوێنەرایەتیی حزبێك، یان رەوتێکی سیاسی دەکەم کە لە بەشی کوردستانی خۆماندا سەنگی هەیە، لە قۆناخە دیاریکراوەکاندا دژی بارزانی وەستاومەتەوەو تۆمەتمان بۆ هەڵبەستووە و نووسیوە، دواتر گەڕاوینەتەوە و هەڵوێستمان گۆڕیوە بەدوای بەرژەوەندییەکاندا گەڕاوین. من راشکاوانە بەوانە دەڵێم: تەحەدداتان دەکەم کە نموونەیەکم بۆ بێننەوە، هەموو ئەرشیفەکانمان لای خەڵکە، راستە لە زۆر پرسی پەیوەست بە کێشەکانی سووریا ناکۆك بووین، بەڵام بارزانی بە سنگفراوانییەوە گلەییەکانی ئێمەی وەردەگرت، ئێمەش هەمیشە و لە هەموو قۆناخەکاندا لە رووی ئەو سەرکردەیانە دەوەستاینەوە کە لە بارزانی هەڵدەگەڕانەوە، یان درۆ و دەلەسەیان دەرحق ئەو زاتە بڵاودەکردەوە، بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٦٦ و دوای نسکۆی ١٩٧٥ لە کتێب و نامیلکە و بەیاننامە و رۆژنامەکان، هەروەك بەڕێزان جەلال تاڵەبانی و مەحموود عوسمان و سامی عەبدولڕوحمان، ئەوانە دواتر پەشیمان بوونەوەو گەڕانەوە ماڵەکە، دوای شکستهێنانی پرۆژە ئەلتەرناتیڤەکانیان.

کەلەپووری مێژوویی بارزانی سەرچاوەی ئیلهامە و دەکرێ سوودی لێ ببینین، تا ئەو سەردەمەی ئێستاشمان پەندو وانەی لێ وەربگرین، بەتایبەتیش لە بواری ئازادیی مافی چارەی خۆنووسین و شێوازەکانی خەبات و پێکەوەژیانی نێوان نەتەوەو ئایین و مەزهەبەکان و لێبووردەیی و قبووڵکردنی یەکدی و دۆستایەتیی کوردو عەرەب و پێکەوەژیانی هاوبەش.

مایەی شانازییە بۆ من، کە یەکەم کەس بووم لە رووی تیۆرییەوە لە (رێبازی بارزانی)م کۆڵییەوە، دوای ئەوەی بە دیداری شادبووم بە دوو قۆناخ لەمیانی شۆڕشی ١٩٦٧ و دوای ئاشتی لە ١٩٧٠ کارم لەسەر ئەم شتە کرد، هاوکات زانیاری و بەڵگەنامەکانم کۆکردەوە، شارەزای رووداووەکان بووم، لەوانەی لەگەڵیدا بوون، بەتایبەتیش ئیدریس بارزانی-ی هەمیشە لەیاد، هەروەها لە کتێبەکانی سەرۆك مسعود بارزانی و دیدار و دانیشتەکانی ئەو، کە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندە پڕیەتی لە زانیاری. من دوای هەر دانیشتنێك لەگەڵ کاك مسعود هەموو تێبینی و سەرنجە گرنگەکانم دەنووسییەوە، بێ ئەوەی بهێڵم هەستی پێ بکات، ئەمە وێڕای کتێبی گەڕیدە و مێژوونووسانی بیانی و کوردو عەرەب و ئێرانی، هاوکات بەدواداچوونم لە چەندین دەیەدا هەبووە، تا گەیشتمە دارشتنی ئەو رێبازە تازەیە و دیاریکردنی بنەما تیۆرییەکان و سەرچاوە و لێکەوت و بنەما مێژووییەکان، لەپاڵ شکۆ سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئەنجامە مەیدانییەکانی ئەو رێبازە، بێگومان من ئەمە بە بەشێکی گرنگی رەسیدی فیکری و رۆشنبیری و نەتەوەیی و نیشتمانی لەقەڵەم دەدەم.

**بارزانی کەوتبووە ژێر کاریگەریی کولتوور و دابونەریتی ناوچەی بارزان، چونکە هەر لەوێدا چاوی بۆ ژیان هەڵێنابوو، بارزان ناوچەی شۆڕش و یاخیبوونەکان بووە دژی ستەمکارانی ئینگلیز و حکومەتە عێراقییە یەک لەدوای یەکەکان**


**بارزانی هەوڵی دەدا یەکێتیی سۆڤییەتی جاران تێبگەیەنێت کە (ئەو کاتە) ٢٠ ملیۆن کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەن، دەتوانن رۆڵی گرنگ لە ناوچەکەدا ببینن، ئەو کوردانە پەیوەستن بە شۆڕشی جیهانییەوە**

**بارزانی لە کۆنگرەی کانی سماق رووی لە فەرماندەکانی پێشمەرگە و خەباتگێڕانی حزب کردو پێی گوتن: (ئێوە قارەمانانی ئەو گەلەن و خۆتان بە قوربانی دەکەن، هیواخوازم چاوتان لە هەژاران بێت و رەخنەش قبووڵ بکەن، ئەوەی لە پێناو بەرژەوەندیی تایبەتی کاربکات جێی لەنێوماندا نابێتەوە و کوردایەتیش پێویستی پێی نابێت)**

عەبدولحوسێن شەعبان
توێژەر و بیرمەندی عەرەب بۆ گوڵان:

# فیکری داعش بە پلانگەلێکی درێژخایەن و مامناوەندی و هەنووکەیی ریشەکێش دەکرێت

پرسی گۆڕانکارییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەگەری بەرکەوتنی سەربازی و هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و ئەو رێکارانەی حکومەتیَ نوێی عێراق دەکارێت بۆ زیندووکردنەوەی دەستوور هەڵیبگرێت و چەندین پرسی گرنگ و هەنووکەیی تەوەری سەرەکیی ئەم دیدارەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ توێژەر و بیرمەندی عەرەب عەبدولحوسێن شەعبان پێکدەهێنن، کە خاوەنی چەندین کتێب و پڕۆژەی جۆراوجۆرە لە بواری دەستەبەری مافەکانی کورد و سەقاگیریی سیاسی لە عێراق و ناوچە و لە ریشەهەڵکێشانی هزری توندڕۆیی و تیرۆریسم و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە فکری ئیرهابی لە هەر کاتێکدا دەتوانێ بەردەوام گەرا دابنێت، ئەگەر ئەو هۆکارانە هەر بمێنن کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەو فیکرە، پێداگری لەسەر ئەوەش دەکات کە بە تەنیا رێگەچارەی سەربازی و ئەمنی ناتوانێت تیرۆر لەناوبەرێت.





**کەمێک دوای شۆڕشی ئێرانی لە ساڵی ١٩٧٨ ململانێی مەزهەبی لە ناوچەکەدا بە سێ ڕێچکەی جیاواز سەری هەڵدا، بەڵام هەموویان بوونە هۆی زیاتر جۆشدانی ئاگرەکە، تاکو دواتر بوونە خاڵێکی بەردەوامی تازەی دوای ململانێی عەرەب - ئیسرائیل**

**پێموانییە ولایەتە یەکگرتووەکان هاوپەیمانی سوننە بێت، یان دۆستیان بێت لەسەر حیسابی شیعە، هەروەها رووسیاش هاوپەیمانی شیعە بێت دژی سوننە، ولایەتە یەکگرتووەکان و رووسیا هاوپەیمانی بەرژەوەندییەکانی خۆیانن**

*** هەموو چاودێران و بیرمەندان چاوەڕێی گۆڕانکارییەکی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن، بەڵام ئەم گۆڕانکارییانە بە بۆچوونی هەندێك لە چاودێران لە بەرکەوتنی سەربازی بەدوور نابێت، ئایا وەك بیرمەندێکی سیاسی، چۆن بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخوێنیتەوە و پێشبینییەکانت بۆ ئەو گۆڕانکارییانە چین؟**

- من پێموایە هەموو ئەگەرەکان کراوەن، تا ئێستا ئاشتی بوونی نییە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شەڕی خوێناوی هێشتا بەردەوامە و کۆتایی نەهاتووە، چ لە دەرەوە، یان لە ناوخۆدا، لەو بڕوایەدام کە دەروازەی سەرەکیی ئاشتیی دادپەروەرانە و سەرتاسەری لە ناوچەکەدا پێش هەموو شتێك پێویستی بە یەکلاکردنەوەی کێشەی فەڵەستین هەیە، کە خۆی لە دانان بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلی عەرەبی فەلەستین بەرجەستە دەکات، هاوکات دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ کە درێژە بە مانەوەی بدات، بەڵام کێشەکانی دیکەی ناوچەکە کە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا سەریان هەڵدا، زۆر قورس نین، بەڵکو پێویستییان بە کاری جددی و بەردەوام هەیە، بۆ ئەوەی لێکگەیشتن و ڕێگەچارەی گونجاویان بۆ دەستەبەر بکرێت، جا چ ئەوانەی پەیوەست بن بە تەحەددیگەلی ئیقلیمی، یان کێشەکانی سنوور کە هەندێ ئیشکالی مێژووییان هەیە، ئەگەر بتوانین زمانی عەقڵ و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان پەیڕەو بکەین. سەبارەت بە ململانێ ئایینی و مەزهەبی و ئیتنییە ناوخۆییەکان، ئەوا دەکرێ لە چوارچێوەی هەر دەوڵەتێکدا چارەسەر بکرێن، ئەمەش لەسەر بنەمای گرێبەستی نوێی کۆمەڵایەتی بە ئاسۆی سیاسیی دانپێدانان بە بەرامبەر و بە بڕوابوون بە فرەیی لە چوارچێوەیەکی یاسایی و بە ڕێگەیەکی ئاشتییانە کە هاووڵاتیبوونی یەکسان بکاتە زەمینەیەك بۆ بەدیهێنانی ماف و ئەرکەکان. پێموایە بە شەڕی پەرەپێدانی بەردەوام و سەرتاپاگیر و ئەنجامدانی چاکسازییەکانی ناوخۆ، بەتایبەتیش ئاوەدانکردنەوە و چوونە نێو جیهانی نوێخوازی، سوودوەرگرتن لە داهێنانەکانی تەکنەلۆجیا و زانست ئاڵۆزتر و سەختتر دەبێت، ئەمە بەشێوەیەکی تایبەت لە عێراق و سووریا و یەمەن و لیبیا پیادە دەکرێت، چونکە ژێرخان و بنەمای شوێنە گرنگ و هەستیارەکان خاپوور بوون، وێڕای لێکترازانی رایەڵەی کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدان و تەشەنەکردنی رق و کینە و بوغزی ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی و گیانی تۆڵەسەندنەوە. ئەم کارە پێویستی بە هەوڵێکی زۆر چڕوپڕ هەیە، لەگەڵ پلانێکی ستراتیژیی درێژخایەن، تاکو بتوانرێت فاکتەرەکانی دابەشبوون و لێکترازان و جیاخوازیی ئەم وڵاتانە ریشەکێش بکرێن، ئەم فاکتەرانە بواریان بە هێزە تیرۆریستەکان داوە، زەمینەیەکی گونجاو بۆ بڵاوبوونەوە بسازێنن، هاوکات ئەم پلانە پێویستی بە بەرەنگاربوونەوەی فیکری داعشی و هەڵوەشاندنەوەی شانە نووستووەکان هەیە، ئەمە سەرباری وشککردنی سەرچاوەکانی دارایی و چاککردنی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە ئەوانی لەخۆگرتووە، هەروەها چاندنەوەی تۆوی لێبووردەیی و ئاشتی و ناتوندوتیژی، لەگەڵ گیانی هاوکاری و برایەتی و خۆشەویستی، ئەمەش تەنیا بە کاری هەمەلایەنە دێتەدی لەسەر ئاستی فیکری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و یاسایی و پەروەردەیی و ئایینی و دەروونی، زۆر ئەزموون سەلماندوویانە کە بەتەنیا ڕێگەچارەی سەربازی و ئەمنی ناتوانێت تیرۆر لەناوبەرێت، لەکاتێکدا کە ئەو دەتوانێ بەردەوام گەرا دابنێت، ئەگەر ئەو هۆکارانە هەر بمێنن کە بوونە هۆی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەو فیکرە، هەر جارێکیش لاواز بێت، جارێکی دیکە سەرهەڵدەداتەوە.

ئەوەی کە بۆ عێراق و سووریا و یەمەن و لیبیا و ئەو وڵاتانە پێویستە، کە ڕووبەڕووی هەرەسی دامەزراوەکانی دەوڵەت و تەراتێنی تیرۆریستان و ئاشوب و گەندەڵیی دارایی و ئیداری بوونەتەوە، ئەوەیە کە دەوڵەت جڵەوی حوکمڕانیی توندبکات و هەیبەتی خۆی بگێڕێتەوە و لە چوارچێوەی حوکمی یاسادا، یاسا لە سەرووی هەموو مەرجەعییەتی ئایینی و تایفەگەری و عەشایری و سیاسی و حزبی دابنێت، هەروەك چۆن ئەم وڵاتانە پێویستییان بە ئاشتیی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندی و سەقامگیری هەیە، تاکو لە پەرەپێدانی بەردەوام و گەشەکردن لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن، کە ئەم ئامانجانە بە شەڕوشۆڕی ناوخۆ و نەبوونی ئاشتیی کۆمەڵایەتی نایەنەدی.

*** ئێستا لەم ناوچە ئاڵۆزەدا دوو بەرەی گەورە دروست بوون، کە یەکەمیان بەرەی شیعەیە بە سەرۆکایەتیی ئێران، ئاشکراشە ئێران بازنەیەکی فراوانی دروستکردووە، کە لە تەنگەی هورمزەوە بۆ بابولمەندەب درێژ بۆتەوە، هەروەها بەرەی سوننەش بە سەرۆکایەتیی عەرەبستانی سعودیە، لەمەش گرنگتر ئێستا ئەمریکا خۆی بە هاوپەیمانی بەرەی**

**سوننە دەزانێت و رووسیا خۆی بە هاوپەیمانی بەرەی شیعە دەزانێت، ئایندەی ململانێی شیعە و سوننە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چۆن دەبینیت؟ ئایا ئەمە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نابێتە هۆی شەڕێکی ساردی درێژخایەنی دیکە؟**

- کەمێك دوای شۆڕشی ئێرانی لە ساڵی ١٩٧٨ ململانێی مەزهەبی لە ناوچەکەدا بە سێ رێچکەی جیاواز سەری هەڵدا، بەڵام هەموویان بوونە هۆی زیاتر جۆشدانی ئاگرەکە، تاکو دواتر بوونە خاڵێکی بەردەوامی تازەی دوای ململانێی عەرەب - ئیسرائیل:

یەکەم رێچکە- هەوڵی ئێران بۆ هەناردەکردنی شۆڕش، ئەمەش دوای ئەوەی دروشمە شۆڕشگێڕییەکانی کردە جارنامەیەك بۆ (مردن بۆ ئەمریکا) و (هوتافکێشان دژی شەیتانی گەورە)، بەڵام لە راستیدا ناوەڕۆکەکەی سیاسی و ئایدیۆلۆجی و نەتەوەیی بوو، تەنانەت لە رووی دەربڕینیشەوە زیاتر مۆرکی ئایینی و مەزهەبیی شیعەی پێوە دیاربوو.

رێچکەی دووەم: هەوڵی عەرەبی و بەتایبەتیش سعودیە و دەوڵەتانی کەنداو و ئەوکاتەش لە رێی عێراقەوە، بۆ لغاوکردنی فراوانخوازیی ئێران، بەتایبەتیش هەندێ لە دەوڵەتانی کەنداو هەستیان بە ترسێك دەکرد لە هەژموونی ئێران و لە ترسی کاریگەریی ناوخۆ، نەخاسمە ئێران هەرسێ دوورگەی عەرەبی (ئەبو مووسا و تەنبولکوبرا و تەنبولسوغرا) ی لە ساڵی ١٩٧٠وە تا ئێستاش زەوتکردووە، رەتیشی دەکاتەوە بیانداتەوە بە ئیماراتی عەرەبی. لەوەش زیاتر کە بەردەوام جاری هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی دەدا، ترس و دڵەڕاوکێی لای چەند وڵاتێك دروست کردووە، لەوەش ئاڵۆزتر هەڵگیرساندنی ململانێی تایفەگەری لە ناوچەکە بە پاشخانێکی سیاسی، ئەوەی ساڵی ١٩٧٩ لە مەککە روویدا، کاتێ زیاتر لە ٢٠٠ چەکدار دەستیان بەسەر حەرەمی مەککەدا گرت، کاردانەوەیەکی جیاجیای سوننەی لێکەوتەوە و بە توندی پرۆتستۆیان کرد، ئەم کردەوەیە جیهانی ئیسلامیی هەژاند، کاتەکەشی ئەوە بوو لە بەرەبەیانی یەکەم رۆژی سەدەی تازەی کۆچی بوو، ئەم رەفتارە بووە هۆی رشتنی خوێن لە ناو حەرەمی مەککە و ژمارەیەکی زۆری ئاسایش و چەکداران کە لەو شوێنەدا خۆیان حەشاردابوو، گیانیان لەدەست دا.

رێچکەی سێیەم: هەوڵێکی نێودەوڵەتی بۆ شەڕ هەبوو، کە ئەمە بە دیاریکراوی لە هاندانی رۆژئاوا و ئەمریکا دوور نەبوو، تاکو رێگە لە فراوانکردنی پرۆژە سیاسی و ئایدیۆلۆجییەکەی ئێران بگرن، مەبەستیش لەمە لاوازکردنی هەموو دەوڵەتانی ناوچەکەیە، جگە لە ئیسرائیل، کە سوودمەندی یەکەمە لەو ململانێ بێهودەیە، لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی نەوت و وەستان بوو بە رووی یەکێتیی سۆڤیەتی جاراندا، ویڕای بەردەوامبوون لە فرۆشتنی چەك و خۆشکردنی ئاگری دوژمنکاری، بەم شێوەیە ئەم شەڕە هەشت ساڵ بەردەوام بوو، واتا (١٩٨٠-١٩٨٨)، کە پەرەپێدان پەکی کەوت و پلانەکانی چاکسازی پەراوێز خران، لە ئەنجامی ئەمەش ململانێ و شەڕوشۆڕ زیاتر هەڵکشا، بەتایبەتیش دوای ئەوەی هێزەکانی عێراق لە ١٩٩٠ لەسەردەمی حوکمڕانیی سەدام حوسێندا کوەیتیان داگیرکرد، دواتر شەڕی هێزەکانی هاوپەیمانان دژی عێراق لە ساڵی ١٩٩١ و بەردەوامبوونی گەمارۆی نێودەوڵەتی بۆ سەر عێراق کە ١٢ ساڵ زیاتر و تا رووخانی رژێم لە ساڵی ٢٠٠٣ بەردەوام بوو. پێموانییە ولایەتە یەکگرتووەکان هاوپەیمانی سوننە بێت، یان دۆستیان بێت لەسەر حیسابی شیعە، هەروەها رووسیاش هاوپەیمانی شیعە بێت دژی سوننە، ولایەتە یەکگرتووەکان و رووسیا هاوپەیمانی بەرژەوەندییەکانی خۆیانن، واشنتۆن هاوپەیمانی بەغدای شیعەیە، کە لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ئەمڕۆ حوکم بە دەستی شیعەی سیاسییە، کە هەوڵیداوە دەوڵەت بە مۆرکی خۆی بکات، بەڵام هاوپەیمانێتیی رووسیا لەگەڵ سووریادا، ئەوا بە پلەی یەکەم بەرژەوەندییەکان دیاری دەکەن، رووسیای ئەمڕۆ پراگماتییە و بەپێی بەرژەوەندییەکان دەجووڵێتەوە، ئەو وەك پێشان نییە کە پێوانە ئایدیۆلۆجییەکان تەحەکومی تێدا بکەن، رووسیا هەستی بە تاڵیی زیانەکەی کردووە لە هاوپەیمانەکەی پێشووی لە عێراق، هاوکات نائومێد بوو لە لیبیا، بۆیە پێداگری کرد تاکو هەژموونی خۆی لە سووریادا قایم بکات، چونکە زیانی ئەو واتا دەرچوونە لە سەرتاسەری ناوچەکە، هەر بۆیە لە ساڵی ٢٠١٥ ئەولەوییاتی خۆی رێکخستەوە و چووە نێو هاوکێشەکانەوە لەنێوان تورکیا و ئێراندا لەلایەك و لەنێوان عەرەب و ئیسرائیل لە لایەکی دیکەوە. پێشتر چەند وتارێکم تایبەت بە رووسیای موسڵمان و رووسیای عەرەبی و رووسیای جوولەکە نووسیوە، ئایا رووسیا دەوڵەتێکی مەزنە؟ رۆشناییم خستبووە سەر هەڵوێستی رووسیا لەهەمبەر کێشەکانی ناوچەکە و هاوکێشەی هێزەکان، لەوانەش

**رووسیا هەستی بە تاڵیی زیانەکەی کردووە لە هاوپەیمانەکەی پێشووی لە عێراق، هاوکات نائومێد بوو لە لیبیا، بۆیە پێداگری کرد تاکو هەژموونی خۆی لە سووریادا قایم بکات**

**پێموانییە حکومەتی عادل عەبدولمەهدی مەیلی بۆ ولایەتی فەقیهی شیعە هەبێت، بەڵام بێگومان عەبدولمەهدی ناتوانێ لە فەرمانی پیاوانی ئایینیی دەسەڵاتداری نەجەف دەرچێت، ئەو رەچاوی پلەبەندیی پرۆسەی سیاسی دەکات دوای داگیرکردنی عێراق لە ٢٠٠٣ و ناشتوانێت سەرپێچیی بکات، بەتایبەتیش کە ئەو بە دەست لە پشتدانی ئەوان کاندید کراوە**

**عێراق نیوەی بۆ واشنتۆنە و نیوەکەی دیکەشی بۆ ئێرانە، ئەمە قسە هەڵبەستن نییە بۆ کەس، بەڵکو هەوڵدانێکی واقیعییە بۆ وەسفکردنی واقیعەکە، نیوەی دووەمیش لەمیانی شەڕی دژی داعش و لەسایەی پێکهاتەکانی حەشدی شەعبی و ئەو ڕۆڵەی بینیویەتی بووژایەوە**

**سەرۆکی ئەمریکا دەوڵەتانی زۆری تەیار داوە کە لەمیانی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتیدا لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠١٩ لە وارشۆی پایتەختی پۆڵۆنیا سازکرا، مەبەستیشی لەوەدا لغاوکردنی ئێران و لەقاڵبدانی پرۆژەکانیەتی لە سووریا و لوبنان و یەمەن و وڵاتانی دیکەیە، هەروەها تاکو ئێران کێشەکانی زیاتر پەل بکێشێتە ناوخۆ و بەو ئومێدەی ڕژێمەکەی لەناوبچێت**

پەیوەست بە ناوچەی سەقامگیر لە سووریا و سازانی ڕووسیا- تورکیا- ئەمریکا لەلایەك و سووریا- ئێران — ڕووسیا لەلایەکی دیکەوە. بوونی ئایین و تایفە و نەتەوە، ڕاستییەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەمە نهێنیی جوانییەکەیەتی، فرەییش بەقەد ئەوەی کە لاوازی بێت، خۆی لەئێستادا هێزە، پێچەوانەکەشی ڕاستە، ئەگەر بەشێوەیەکی دروست ئیدارەکەی چاك نەکەین. بۆیە ئەگەر دەوڵەتگەلێکی مەدەنی دروست بن، ئەوا یەکسانی دەکەن لەنێوان هەموو ئایین و تایفە و نەتەوەکان بەرەو هاووڵاتیبوونی هاوتەریب، بۆیە دەکرێ بڵێین کە دامرکاندنەوەی ئاگری ململانێ و شەڕ، چ هۆیەکانی سیاسی، یان ئایینی یان ئیتنی بن، ئەوا ئایین و نەتەوەکان ڕاستییەکی نەگۆڕن و نکوڵییان لێ ناکرێت، بەڵام پێویستە بۆ نەهێشتنی جیاکاری و نایەکسانی و چەوسانەوەی درێژخایەن لەسەر ئاستی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی کار بکرێت. ئەوەی ئەمڕۆ دەگوزەرێت لە ململانێی نێوان شیعە-سوننە، دوور نییە لەوەی کە لەلایەن دەوڵەتانی ئیقلیمی و دەرەوە پشتگیری دەکرێت، بۆ نموونە: دەوڵەتانی وەك عێراق و سووریا لە چوارچێوەی یەکێتییەکدا لە جۆرێك لە پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی و تەواوکاری و فرەییدا دەژیان، هەروەها ململانێی نێوان حوکمڕانان لەلایەك و نێوان گرووپە ڕۆشنبیری و ئایینی و نەتەوەییەکان بە هۆی بێبەشبوونیان لە مافەکان و چەوسانەوە و جیاکاری کە گەلی کورد بەدەستی عەرەب چەشتوویانە، تەنانەت لەسەر دەستی حوکمڕانانی دیکتاتۆر و ستەمکارانەوە، چونکە شتەکە پەیوەستە بە ماف و ئازادییە گشتی و تایبەتییەکانەوە، وەك چۆن پەیوەستە بە مافی گرووپە ڕۆشنبیرییەکانەوە کە لە چوارچێوەی مافە مەدەنی و سیاسی و ئیداری و زمانەوانییەکان بەپێی دەستوور دەیانەوێت بە ئازادی گوزارشت لە خۆیان بکەن.

*** ڕاستە بە هاوکاریی دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش و هێزە لۆکاڵەکانی سەر زەوی توانرا خەلافەتی ئیسلامی (داعش) تێکبشکێنرێت، بەڵام نەتوانراوە فیکری داعش لە ڕیشە هەڵبکێشرێت و مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعش بنبڕ بکرێت، ئایا پێتوایە پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی فیکری داعش ڕیشەکێش بکرێت؟**

- دەکرێ داعش بەپێی پلانگەلێکی مەودادرێژ و ناوەندی و هەنووکەیی لەناوببرێت، بەڵام پلانە هەنووکەییەکان بە پلەی یەکەم پەیوەستن بە گێڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شارو گوندەکانیان و قەرەبووکردنەوەیان بەرامبەر زیانەکان و ئەو ستەمەی لێیان کراوە، ئەمەش پێویستی بە ئیرادەیەکی ڕاستەقینەی سیاسی و بەرژەوەندیی سەرتاسەریی نیشتمانی و هاوکاریی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، هەروەك چۆن دەکرێ سوود لە هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان وەربگیرێت و بەشێوەیەکی دروست تەوزیف بکرێن، تاکو ئەنجامەکانیان خێرا بن و ڕەنگدانەوەیان بۆ سەر ئاوارەکان هەبێت. ئەم هەنگاوەش پێویستی بە چەند پلانێکی کورت و مامناوەندی و درێژخایەنی پەروەردەیی هەیە، تاکو شیاندن و چاکسازی لە پرۆگرامەکانی خوێندن و دابینکردنی هەلی کار بۆ بێکاران بێتەئاراوە، بەتایبەتیش بۆ گەنجان، ئەمە جگە لە پلانی گشتگیر بۆ چاککردنی ئاستی بژێوی و فەراهەمکردنی خزمەتگوزاریی پێویست، وەکو ئاوی پاك بۆ خواردنەوە و کارەبا و خزمەتگوزاریی دیکەی تەندروستی و خوێندن، هەروەها چارەسەرکردنی ئاسەوارە دەروونییەکان کە ڕووبەڕووی قوربانییانی دەستی داعش بوونەتەوە. لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیش پێویستە، یانە و شوێنی گشتی دەستەبەربکرێت بۆ بەسەربردنی کاتی بێکاری لە چوارچێوەی چالاکییە بەسوودەکانی سینەما و شانۆ و موزیك و هونەرو وەرزش، لەسایەی ئەمانەدا دەربارەی بنیاتنانەوەی مرۆڤی تازە دەکرێ قسەبکرێت، تاکو ببێتە پێچەوانەیەك بەرامبەر فیکری پەراوێزخستنی داعش کە دان بە کەسدا نانێت، نیشتمانەکان تەنیا بە بەرد بنیات نانرێن، چونکە مرۆڤ پێوانەی هەموو شتێکە بە قسەی فەیلەسووفی گریك (برۆتۆکوراس)، لە هەموو شتێکیش پێویستە ئامانج و ئامراز هەر مرۆڤ بێت.

*** عێراق لەم ناوچە ئاڵۆزەدا دەوڵەتێکە تازە لە شەڕی دژی داعش هاتۆتە دەرەوە، پرۆسە سیاسییەکەی زۆر توندوتۆڵ نییە و ئەو حکومەتەشی بە سەرۆکایەتیی عادل عەبدولمەهدی دامەزراوە لە ماوەی ئەو ٤-٥ مانگەی دەست بەکار بووە، نەیتوانیوە شتێکی ئەوتۆ پێشکەش بکات، کە جێگەی ئومێدی هاووڵاتییانی عێراق بێت، خوێندنەوەتان بۆ ئەم بارودۆخە سیاسییەی عێراق چییە؟ ئایا تاچەند حکومەتی عێراق بەرەو ویلایەتی فەقیهی شیعە هەنگاو هەڵدەگرێت؟**

- پێموانییە کە حکومەتی عادل عەبدولمەهدی مەیلی بۆ ولایەتی فەقیهی شیعە هەبێت، بەڵام بێگومان عەبدولمەهدی ناتوانێ لە فەرمانی پیاوانی ئایینیی دەسەڵاتداری نەجەف دەرچێت، ئەو

ڕەچاوی پلەبەندیی پرۆسەی سیاسی دەکات دوای داگیرکردنی عێراق لە ٢٠٠٣ و ناشتوانێت سەرپێچیی بکات، بەتایبەتیش کە ئەو بە دەست لە پشتدانی ئەوان کاندید کراوە، نەخاسمە دوای ئەوەی ململانێی نێوان شیعە- شیعە گەیشتە ڕێگەیەکی داخراو، بۆیە پەنابردرایە بەر چارەسەری مامناوەند لە دەرەوەی کوتلە پێکناکۆکەکان. سەرەڕای توانا فیکری و سیاسییەکانی عەبدولمەهدی بە بەراورد لەگەڵ ئەوانی پێش خۆی، بەڵام ئەمە بە تەنیا بەس نییە بەهۆی سیستەمی پشکپشکێنەی تایفەگەری و ئیتنی، هەروەها ئەو پشت بە کوتلەیەك، یان حزبێك نابەستێت کە بتوانێت لە دەرەوەی ئەو بازنەی بۆی نەخشێنراوە ڕەفتاربکات، بۆیە دەبینین زۆر ڕاڕایە لە دەرکردنی هەر بڕیارێکدا کە بە دڵی نەیارەکان نەبێت، بەتایبەتیش ئەگەر بکەوێتە نێو ململانێی لاوەکییەوە، یان بەلای یەکێك لەو کوتلانەدا بێت، ئەگەرنا تەنیا ئەوەی لەبەردەم دەبێت کە دەست لەکاربکێشێتەوە. ماوەی پێنج مانگ بەس نییە بۆ ئەوەی حوکمی کۆتایی بدرێت دەربارەی ئەنجامەکانی حکومەتی عادل عەبدولمەهدی، بەڵام هەروەك دەڵێن: نووسراو لە ناونیشانەکەیەوە دەخوێندرێتەوە، تا ئێستا پێکهاتە وەزارییەکەی تەواو نەبووە و کێشمەکێش دەربارەی چوار لەو وەزارەتانەی ماونەتەوە بەردەوامە (بەرگری و ناوخۆو دادو پەروەردە)، لە هەموو حاڵەتێکدا بە ڕای من شتەکان هەر لە شوێنی خۆیاندان و هیچ پێشکەوتنێك بەدی نەهاتووە، هەرچەندە حەزیشی لێیە ئەو واقیعە تراژیدیایە تێپەڕێنێت کە عێراق تێی کەوتووە، چونکە هەندێ تەگەرەی بابەتییانە لە ئارادان کە ڕێگرن، لەوانە دەستوور کە پێش ماوەیەك لە وتارێکدا ئاماژەم پێکرد و لە ڕۆژنامەی نەهاری لوبنانی بڵاوبۆوە کە (دەستوور لە ڕووی دەستوورییەوە مومکین نییە)، لە عێراقدا دەستوور بە دەستێك ماف دەدات و بەدەستەکەی دیکە دەیکێشێتەوە بە حوکمی ئەو هەموو مینانەی لە پێشیدا چێنراون، لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی جیاجیا بۆ دەقەکانی دەستوور لە ئارادایە، کە زۆربەیان تەمومژاوی و ناکۆکی و شتی شاردراوەیان تێدایە، دەکرێ بگەڕێینەوە بۆ کتێبێکی ئێمە بە ناوی: (الدستور و الدوله- من الاحتلال الی الاحتلال) کە لە ساڵی ٢٠٠٤ چاپکراوە.

*** لایەنێکی دیکە کە بارودۆخی عێراقی هێندەی دیکە ئاڵۆز کردووە، ململانێی ئەمریکا و ئێرانە، ئاشکرایە ئێران نفووزێکی زۆر گەورەی لە عێراقدا هەیە، هەروەها ئەمریکا وەك هێزێکی گەورە و داگیرکاری عێراق خۆی بە خاوەنی عێراق دەزانێت، ئایا ئایندەی عێراق لەنێوان ئەم ململانێ قورسەی ئێران و ئەمریکادا چۆن دەبێت؟**

- پێشتر گوتم کە عێراق نیوەی بۆ واشنتۆنە و نیوەکەی دیکەشی بۆ ئێرانە، ئەمە قسە هەڵبەستن نییە بۆ کەس، بەڵکو هەوڵدانێکی واقیعییە بۆ وەسفکردنی واقیعەکە، نیوەی دووەمیش لەمیانی شەڕی دژی داعش و لەسایەی پێکهاتەکانی حەشدی شەعبی و ئەو ڕۆڵەی بینیویەتی بووژایەوە، سەرەڕای بوونی نزیکەی ٢٠ بنکەی سەربازیی ئەمریکی لە عێراق، گرنگترینیان لە نزیك هەولێرە و بنکەی (عەینولئەسەد) لە ڕۆژئاوای عێراقە، کە سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ لە شەوی جەژنی لەدایکبوون لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨ سەردانی کرد، بێ وەرگرتنی مۆڵەت و هیچ بەرپرسێکی عێراقیشی نەبینی، ئەمە بە سەرپێچییەکی ئاشکرای سەروەری دادەنرێت، هەژموونی ئێران لە بواری سیاسی و ئەمنی و ئابووری و بازرگانی و مەزهەبییەوە لەسەر زەوی دیار و فراوان و هەمەلایەنەیە، هەروەك چۆن بەرژەوەندییەکان بۆ زۆری دیکەی کوتلە سیاسییەکانی لایەنگری ئێران ڕەخساوە، بەم دواییەش لێدوانەکان سەبارەت بە ڕۆڵی ئایندەی واشنتۆن، یان تاران لە عێراق جیاواز بوون، سەرۆك ترەمپ لێدوانێکی دا کە بنکەکانی ئەمریکا لە عێراق وەك خاڵی چاودێری کاردەکەن، بۆ چاودێریکردنی جموجۆڵەکانی تاران پەیوەست بە چەکی ئەتۆمی، هەروەها پێویستە هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بمێننەوە، نەك تەنیا بۆ بەردەوام بەرەنگاربوونەوەی ڕێکخراوی داعش، بەڵکو بۆ چاودێریکردنی ئێران، بۆ ئەم مەبەستەش سەرۆکی ئەمریکا دەوڵەتانی زۆری تەیار داوە کە لەمیانی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتیدا لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠١٩ لە وارشۆی پایتەختی پۆڵۆنیا سازکرا، مەبەستیشی لەوەدا لغاوکردنی ئێران و لەقاڵبدانی پرۆژەکانیەتی لە سووریا و لوبنان و یەمەن و وڵاتانی دیکەیە، هەروەها تاکو ئێران کێشەکانی زیاتر پەل بکێشێتە ناوخۆ و بەو ئومێدەی ڕژێمەکەی لەناوبچێت. بەڵام ئێرانییەکان لەسەر زاری باڵیۆزەکەیان لە بەغدا داوایان کردبوو، هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بکشێنەوە، ئەمەش لەلایەن هەندێ لە سەرکردەکانی حەشدی شەعبی و چەند هێزێکی شیعەی سەر بە ئێران جەختی لێکراوەتەوە، هاوکات هەندێ هێزی عێراقی لەناوەوە و دەرەوەی پەرلەمان خەریکن وتووێژ لەسەر

**چەندین کۆمپانیای ئەمنی و گرێبەستی تایبەت هەن، کە دەخرێنە ریزبەندی پێکهاتەکانی سەر بە هێزەکانی ئەمریکا، چونکە ئێران توخمی نیگەرانییە بۆ ئیسرائیل، بۆیە هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەلایەن ئەمریکاوە لەگەڵ تاران، ئەو ئەگەرانە زیاتردەکات کە ئیسرائیل هێرشی لەناکاو بکاتە سەر ئێران**

**دەوڵەت بریتییە لە یەکگرتنی هاووڵاتییانی ئازاد کە هەمان ماف و ئەرکیان هەیە، یەکگرتنی پێکهاتەکان تەنیا دابەشبوونی وەزیفیی ئایینی و مەزهەبی و ئیتنییە، کە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ دەبێتەهۆی کەمکردنەوە لە پرەنسیپەکانی هاووڵاتیبوون لە ئازادی و یەکسانی و شەراکەت و بەشداریکردن و دادپەروەریدا**

**شەرەفە بۆ من یەکەم کەس بووم دیالۆگێکی مەعریفی و فیکر و رۆشنبیریی (عەرەبی-کوردی) م لە ساڵی ١٩٩٢ ڕێکخست، بۆ بەهێزکردنی خاڵە هاوبەشەکان و کەمکردنەوەی جیاوازییەکان و گەڕان بەدوای چارەسەرەکاندا کە ئامانجە هاوبەشەکان بپێکن**

**ئەو کەسەی بیەوێت پرۆسەیەکی راستەقینەی سیاسی بنیات بنێت، پێویستە بگەڕێتەوە بۆ هاووڵاتیبوونی هاوکوف و یەکسان کە لە دەستووردا هاتووە، پێویستە هەموو ئەو تەگەرانەی دێنە بەردەم (پێکهاتەکان) وەلاوە بنرێن و پەیوەندی و دەسەڵات و پسپۆڕییەکان لەنێوان دەسەڵاتەکانی هەرێم و ناوەند ڕێکبخرێنەوە**

کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق دەکەن، دیارە ژمارەی هێزەکانی ئەمریکاش سنووردار نییە، بەڵام سەرۆك وەزیرانی عێراق دەڵێت ژمارەیان لە هەشت هەزارەوە بۆ شەش هەزار سەرباز کەمبۆتەوە، ئەمەش هێزی نیزامییە کە باسکراوە، هەروەها چەندین کۆمپانیای ئەمنی و گرێبەستی تایبەت هەن، کە دەخرێنە ریزبەندی پێکهاتەکانی سەر بە هێزەکانی ئەمریکا، چونکە ئێران توخمی نیگەرانییە بۆ ئیسرائیل، بۆیە هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەلایەن ئەمریکاوە لەگەڵ تاران، ئەو ئەگەرانە زیاتردەکات کە ئیسرائیل هێرشی لەناکاو بکاتە سەر ئێران، ئەم رەفتارەش دەبێتەهۆی بەرپابوونی شەڕوشۆڕی هەمەلایەنە لە ناوچەکەدا، ئەمە وێڕای ئەوەی کە پەرچەکرداری دیکەی بەدوادا دێت لەلایەن هێزەکانی سەر بە ئێران و ئەو هێزانەی لایەنگری پلانەکەی واشنتۆنن، تایبەت بە کەمکردنەوەی هەژموونی ئێران، بۆیە تابلۆکە زۆر ئاڵۆزو تەڵخ و ناکۆك و تێکچڕژاو دەردەکەوێت. ئیدارەی ترەمپ رایگەیاندووە کە جیاوازە لەگەڵ ڕێبازو بەرنامەی سەرۆك باراك ئۆباما کە ئیسرائیل زۆر لێی بێزار بوو، لە هەمان کاتیشدا سیاسەتی توندی ترەمپ لەهەمبەر ئێران لەلایەن دەوڵەتانی کەنداوەوە مایەی خۆشحاڵی بوو، بەڵام عێراق هەردەم بێکەس و داماو دەمێنێتەوە، زۆر پرسیاری مکوڕ لە ئارادان کە پرسیاری پێشوەختەن، هەندێکیان شیمانەن کە دەکرێ بخرێنەڕوو، ئایا عێراق دەبێتە رایەڵێك یان شوێنێك بۆ جێگیربوونی هێزە بیانییەکان کە ململانێ لەسەر خاکەکەی رووبدات، کە پێشتر بە خوێن سوور بووە لە ئاکامی ململانێی فارسی-عوسمانی کە بۆ چەند سەدەیەك بەردەوام بوو، ئەمەش واتا زیانگەیاندن بە گەل و بەرژەوەندییەکانی عێراق، وێڕای پێکدادانی دیکە لەگەڵ تورکیا، کە ئەمیش لە نزیك هەولێر بنکەی سەربازی هەیە و بە پاساوی بەرەنگاربوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK نایەوێت بەجێی بهێڵێت..

سەرەڕای ئەو بانگەشانەی دەکرێن کە گوایە لەدوای ساڵی ٢٠٠٤ و دواتر سەروەریی بۆ عێراق گەڕاوەتەوە، دوای دەرچوونی لە بەندی حەوتەم، واقیعەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تائێستا کۆتوبەند و تەگەرە ئیرادەی سەربەخۆیی عێراقیان کۆنترۆڵ کردووە، سەروەری تا ئێستا کەموکورت و ناتەواوە، ئەمەش هەر لەوەتەی سەپاندنی گەمارۆی نێودەوڵەتی بەسەر عێراقدا دوای ئەوەی کوێتی داگیرکرد و ملکەچبوونی بۆ بڕیارە نێودەوڵەتییەکان و سیستەمی سزای گشتگیر لە ساڵی ١٩٩٠ تا دەگاتە ئەمڕۆ. بوونی هێزی بیانی بە رەزامەندیی حکومەتی عێراق، یان بێ رەزامەندیی ئەو، بریتییە لە کەمکردنەوە لە سەروەری و مافی عێراق لە هەژموونگەرایی بەسەر هەموو خاکەکەی و کۆنترۆڵکردنی سامانەکەی.

*** بە شێوەیەکی گشتی ناوچەکانی عەرەبی سوننە لە عێراقدا، ناوچەیەکی کاولکراوی دوای شەڕی دژی داعشن، هەر بە هۆی ئەم شەڕەوە پێگەی عەرەبی سوننە لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا لاواز بووە، ئەمەش مانای ئەوەیە عەرەبی سوننەی عێراق هەم ناوچەکانی کاول بوون و هەمیش کاریگەریی لە پرۆسە سیاسییەکەدا کەم بۆتەوە، ئایا ئەم پێکهاتە گرنگەی عێراق چۆن دەتوانێت دووبارە ناوچەکانی خۆی ئاوەدان بکاتەوە و رۆڵی کاریگەریی خۆی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بگێڕێت؟**

- من بەشبەحاڵی خۆم دووردەکەومەوە لە بەکارهێنانی زاراوەی (پێکهاتەکان) کە چەندین جار لە دەستووردا هاتووە (لە پێشەکییەکە دوو جار و لە ماددەکانی ٩ و١٢ و٤٩ و١٢٥ و١٤٢)یشدا ئاماژەی بۆ کراوە، چونکە ئەمە لە پرەنسیپەکانی هاووڵاتیبوون کەمدەکاتەوە، بە تێگەیشتن و قەناعەتی من دەوڵەت بریتییە لە یەکگرتنی هاووڵاتییانی ئازاد کە هەمان ماف و ئەرکیان هەیە، یەکگرتنی پێکهاتەکان تەنیا دابەشبوونی وەزیفیی ئایینی و مەزهەبی و ئیتنییە، کە راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ دەبێتەهۆی کەمکردنەوە لە پرەنسیپەکانی هاووڵاتیبوون لە ئازادی و یەکسانی و شەراکەت و بەشداریکردن و دادپەروەریدا. هەروەها رەخنەم لە زاراوەی (کەمینەکان) دەگرت، لەبەر ئەوەی ئەویش هەر ستەمکارانە لە پرەنسیپەکانی هاووڵاتیبوون کەمدەکاتەوە بە بوونی ناسنامەگەلی گەورەی دیکە، هەروەها ناسنامەی دیکەش وەك بچووك و زۆرینە و کەمینە و باڵا و نزم و بەهێز و لاواز و...تاد، بەڵام دوورەپەرێز بووم لەسەر مافی (کەمینەکان) کە لە ساڵی ١٩٩٢ لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە، هەروەها لەسەر (جاڕنامەی نەتەوە رەسەنەکان)کە لە ٢٠٠٧ دەرچوو، چونکە زاراوەی (کەمینەکان)ی تێدایە، کە لە ناوەرۆکدا نایەکسانی و هەژموونگەرایی لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە پاشکۆیەتی و ملکەچبوونی تێدا بەرجەستە دەبێت. دەربارەی مافەکانی گەلی کورد، چەندین دەیەیە من کەمتەرخەم نەبووم لە بانگەشەکردن بۆ

پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین بە واتا یاسایی و سیاسی و ئیدارییەکەی، بەو شێوەیەی کە خۆی هەڵیدەبژێرێت و لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خەباتی هاوبەشدا دەگونجێت، شەرەفە بۆ من یەکەم کەس بووم دیالۆگێکی مەعریفی و فیکر و رۆشنبیریی (عەرەبی-کوردی)م لە ساڵی ١٩٩٢ رێکخست، بۆ بەهێزکردنی خاڵە هاوبەشەکان و کەمکردنەوەی جیاوازییەکان و گەڕان بەدوای چارەسەرەکاندا کە ئامانجە هاوبەشەکان بپێکن. ئەو کەسەی بیەوێت پرۆسەیەکی راستەقینەی سیاسی بنیات بنێت، پێویستە بگەڕێتەوە بۆ هاووڵاتیبوونی هاوکوف و یەکسان کە لە دەستووردا هاتووە، پێویستە هەموو ئەو تەگەرانەی دێنە بەردەم (پێکهاتەکان) وەلاوە بنرێن و پەیوەندی و دەسەڵات و پسپۆڕییەکان لەنێوان دەسەڵاتەکانی هەرێم و ناوەند رێکبخرێنەوە، تەنیا ئەمەش دەبێتەهۆی چاککردنەوەی دۆخی سیاسی و متمانە بۆ خەڵك دەگەڕێنێتەوە تا لە چوارچێوەی (حوکمی یاسا) و سەربەخۆیی دادگا و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و لە سایەی هەڵبژاردنێکی بێگەردو ئازاددا دەوڵەتێکی مەدەنیی سەردەمیانە بنیاتبنێت، ئەم کارەش پێویستی بە ئامادەکردنی یاسایەکی چاکی هەڵبژاردن و یاسایەکی تازەی حزبەکان و پاککردنەوەی ژیانی سیاسی هەیە، چونکە ئەو ژیانە سیاسییە دوچاری چەندین دەردو کێشە بۆتەوە، لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمای بەدەستهێنانی دەستکەوت و لەسەر حیسابی لێهاتوویی و دڵسۆزی دروست بووە، ئەم پەتایەش هەموو هێزەکانی بێ جیاوازی بە پلەی جیاجیا گرتۆتەوە. نابێت بە تایفەگەری و بە بیری تەسکی نەتەوەیی رووبەڕووی تایفەگەری ببینەوە، بەڵکو پێویستە جیاکاری وەلاوە بنێین، چونکە بیرۆکەیەکی زیانبەخش و کاریگەرە بە هەموو مانایەکەوە، سوننەگەریی سیاسی، یان شیعەگەریی سیاسی تەنیا گوزارشت لە تایفەگەری دەکەن، ئێمە پێویستیمان بە دانانی دیسیپلین هەیە بۆ رێگەگرتن و سزادانی ئەوانەی رەواجی پێ دەدەن، یان بانگەشە بۆ ئەم رەفتارە دەکەن، چونکە هەردووکیان دەبنە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵگە بەشێوەی ئاسۆیی، یان ستوونی، هەموو توانایەك بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی سەردەمیانە پەکدەخەن کە دان بە مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیبووندا بنێت، هاوکات بۆ نانەوە و سەرهەڵدانی بیری رەگەزپەرستی و نەتەوەخوازی، پرۆژەیەکم پێشنیار کردبوو، بۆ حەرامکردنی تایفەگەری و بەهێزکردنی هاووڵاتیبوون و لە کتێبەکەمدا (جدل الهويات في العراق- الدولة و المواطنة) لە ساڵی ٢٠١٠ دووبارە بڵاوم کردەوە.

*** ئێستا پەیوەندییەکی تا رادەیەك باش لەنێوان هەولێر و بەغدا هەیە، ئەم پەیوەندییەش هەتا ئێستا تەنیا لە بواری دارایی و ئابووریدایە و کێشە سەرەکییەکانی دیکە بەتایبەتی دوای گەڕانەوەی هێزە عێراقییەکان بۆ ناوچە جێناکۆکەکان هەر وەك خۆیانن، ئایا تاچەند ئەم حکومەتەی ئێستای عێراق هەوڵدەدات بە پێی دەستوور کێشەکانی لەگەڵ کوردستاندا چارەسەر بکات؟**

- پێموایە حکومەتی عادل عەبدولمەهدی هەوڵدەدات بارودۆخی ئێستای نێوان کوردستان و بەغدا چارەسەر بکات، ئەمەش لە پرۆژەی بودجەدا بەدەرکەوت، کە لای حکومەتی هەرێم پەسند بوو، وێڕای هەوڵی ئاساییکردنەوەی هەندێ ناوچە تاکو پێکدادان دروست نەبێت، چ بە پێکهێنانی ئیدارەی هاوبەش، یان لەسەر هیچ لایەنێك حیساب نەکرێت، وەك ئەوەی لەم دواییە لە شنگال روویدا.

ئەم بەریەککەوتنەش لە ئاکامی بانگەوازی ریفراندۆمی ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٧ و کاردانەوەکانی هاتەئاراوە، پێموایە دۆخی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی رێگە بە تێکچوونی رەوشەکە نادات، بە پێچەوانەی ئەمەوە دەتوانێت کە بە شێوەیەکی ئەرێنی بەشداری بکات لە چارەسەری هەندێ لەو کێشانە، بەڵام هەندێ گرێ هەن پێویستییان بە چارەسەری دەستووری و سازانی درێژخایەنی سیاسی هەیە، وەك: کەرکووك و ناوچە جێناکۆکەکان کە لە دەستووردا هاتوون، هەروەها کێشەی دەرهێنان و ئیدارەدانی نەوت و کێشەی مووچە، لەوانە پێشمەرگە و پسپۆڕییەکانی هەرێم و حکومەتی فیدڕاڵ. من پێموایە دەکرێت عادل عەبدولمەهدی کەشوهەوایەکی ئەرێنیی زیاتر لە پێشتر دروست بکات، هاوکات توانایەکی گەورەتری لێکگەیشتن و یەکلاکردنەوەی هەندێ کێشەی هەڵواسراو دەستەبەر بکات، دیسان بەدوای شێوازی تازەدا بگەڕێت و چارەسەری جیاواز لەوەی پێشتر دەستنیشان بکات، پێویستە عادل عەبدولمەهدی سوود لە ئەزموونی مێژوویی و دووبارەنەبوونەوەی هەڵەکان وەربگیرێت، هەروەها نابێت رێگە بدرێت بە هەندێ کاردانەوەی هەڵسوکەوتکردن بە پەیوەندیی مێژوویی و برایەتیی عەرەب و کورد، لە چوارچێوەی چەپی عێراق و جووڵانەوەی کۆمۆنیزم کە بۆ ساڵانێکی زۆر دەمانگوت: لەسەر تاوێری ئەم برایەتییە هەموو پیلانەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی وردو خاش دەبن.


**سوننەگەریی سیاسی، یان شیعەگەریی سیاسی تەنیا گوزارشت لە تایفەگەری دەکەن، ئێمە پێویستیمان بە دانانی دیسیپلین هەیە بۆ رێگەگرتن و سزادانی ئەوانەی رەواجی پێ دەدەن، یان بانگەشە بۆ ئەم رەفتارە دەکەن، چونکە هەردووکیان دەبنە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵگە بەشێوەی ئاسۆیی، یان ستوونی**

**حکومەتی عادل عەبدولمەهدی هەوڵدەدات بارودۆخی ئێستای نێوان کوردستان و بەغدا چارەسەر بکات، ئەمەش لە پرۆژەی بودجەدا بەدەرکەوت، کە لای حکومەتی هەرێم پەسند بوو، وێڕای هەوڵی ئاساییکردنەوەی هەندێ ناوچە تاکو پێکدادان دروست نەبێت، چ بە پێکهێنانی ئیدارەی هاوبەش، یان لەسەر هیچ لایەنێك حیساب نەکرێت، وەك ئەوەی لەم دواییە لە شنگال روویدا**

# دیکتاتۆری و گەشەکردنی ئابووری

لە وتارێکی پێشوودا رۆشناییم خستە سەر پەیوەندیی سیستەمی دیموکراسی و گەشەکردنی ئابووری و بە شێوەیەکی کورتیش هەندێ ئاماژەم بەو هۆکارانە کرد، کە دەبنە مایەی گەشەکردنی ئابووری لەژێر سایەی حکومەتێکی دیکتاتۆریدا. ئامانجی ئەم وتارە ئەوەیە کە بە شێوەیەکی روونتر ئەم چەمکە روون بکرێتەوە و نموونە مێژووییەکان بهێنرێتە بەر نەشتەری هەڵسەنگاندن و رەخنە.

پێش ئەوەی بچینە وردەکاریی باسە سەرەکییەکە، پێویستە ئەوە روون بکەینەوە کە مەبەست لە زاراوەی دیکتاتۆری چییە؟ لە راستیدا وشەی دیکتاتۆری وشەیەکی لاتینییە و لە کاتی رۆمانییەکاندا بەو دادوەرە (judge) گوتراوە، کە بۆ ماوەیەکی کاتی توانای بڕیاردانی تاکڕەوانەی پێ بەخشراوە، بەڵام ئەم زاراوەیە لە مێژووی حوکمڕانیی نوێدا چەمکی دیکەی لەخۆ گرتووە، بە کورتی هەمان زاراوە بۆ دیکتاتۆری سوپا و دیکتاتۆری پاشایەتی و تاکەکەس و تاکە پارتی سیاسی و تەنانەت تێکەڵەیەك لە هەر هەموو ئەوانەی پێشەوە بەکاردەهێنرێت، دیکتاتۆری پرۆلیتاری، یان چینی کرێکاران و رەنجدەران کە لە ئەدەبیاتی مارکسی و چەپدا بەناوبانگە، لە رووی مێژووییەوە بناغەیەکی راستەقینەی نەبووە، بۆ نموونە: بەناوبانگترین دیکتاتۆری پرۆلیتاریا گوایە یەکێتیی سۆڤیێتی بووە، بەڵام لە راستیدا ئەوە دیکتاتۆری پارتێکی سیاسی بوو بە سەرۆکایەتیی دیکتاتۆرێکی تاکەکەسی (جۆزێف ستالین)، بۆ سەلماندنی ئەمەش، هەرچەندە حوکمڕانییکە بە ناوی سۆڤیێتەکانەوە بوو، واتە کۆمیتەی بەرزی یەکێتیی کریکاران و جووتیاران، یەکێتیی سۆڤیێتەکان لە دە ساڵی یەکەمی حوکمڕانیدا تەنیا یەکجار دانیشتنی نەتەوایەتییان ئەنجامداوە، لە کاتێکدا لەو دە ساڵەی یەکەمدا بەردی بناغەی یەکێتیی



پرۆفیسۆر د. لەتیف کەریم واحید
بۆ گوڵان نووسیویەتی

سۆڤێت وەك رژێمی سیاسی دامەزرا، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:
( Tony Cliff، State Capitalism in Russia، 1974)
بۆیە رەنگە دیکتاتۆریی چین لە ئامانجەکانی پارتی سیاسیدا تا ماوەیەك رەنگی دابێتەوە، بەڵام لە زەمینەی واقیعدا دیکتاتۆری چین بوونی نەبووە.

**● سرووشتی سیستەمی دیکتاتۆری**

سیستەمی دیکتاتۆری وەك ناوەکەی پێشنیار دەکات، ئەوە دەگەیەنێت کە مافی بڕیاردان لە دەستی تاکێك، یان توێژێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا تەسك کراوەتەوە، لێرەدا مافی بڕیاردان لە سەر کێشەی دادوەری ناگەیەنێت، بەڵکو مافی قۆرخکردن و بەکارهێنانی سامانی نەتەوایەتی، یان نیشتمانی دەگەیەنێت. لە رووی سیاسییەوە دیکتاتۆری بەو رژێمە دەگوترێت، کە بە هەڵبژاردنی ئازاد و راستەوخۆ نەهاتووەتە سەرکار، بەڵکو بە هێزی چەك و زۆر جاریش بە پاڵپشتی سوپا دەستی بەسەر جومگەکانی حوکمڕانیدا گرتووە.

بە شێوەیەکی گشتی دیکتاتۆری دوو شێوازی هەیە، دیکتاتۆرییەك کە تێیدا دیکتاتۆر هەست دەکات ئاسۆی مانەوەی لە حوکمدا زۆر کورتە و پێشبینی دەکات، لە چەند ساڵێکدا لە سەر کار لاببرێت، لە جۆری دووەمدا دیکتاتۆر ئاسۆی مانەوەی خۆی بە درێژتر دەزانێت و لەو بڕوایەدایە کە بۆ ماوەیەکی دیارینەکراو لە سەر تەختی فەرمانڕەوایەتی دەمێنێتەوە، جیاوازیی ئاسۆی کات لەم دوو شێوە جیاوازەی دیکتاتۆریدا بۆ گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی کاردانەوەی زۆر گرنگیان هەیە.

١. لە جۆری دیکتاتۆریی ئاسۆکورتدا، دیکتاتۆر زۆر هەوڵدەدات هەرچەند بتوانێ تاڵان و بڕۆی سامانی گشتی بکات و دوور لە چاوی هاووڵاتیان بە خێرایی سەروەت و سامانەکانی خۆی بگەیەنێتە وڵاتێکی بێگانە، هەر بۆیە

ئەم جۆرە دیکتاتۆرە گوێ ناداتە گەشەکردنی ئابووری و باشکردنی گوزەرانی هاونیشتمانییان، بە تایەبتی بەرهەمهێنانی کاڵا گشتییەکانی (Public Goods) وەك خزمەتگوزاری تەندروستی و پەروەردە و ژێرخانەکانی ئابووریی وڵات، ئەم جۆر دیکتاتۆرە پێناسەکەی کۆمەڵناس پیتەر ئێڤینی (Peter B، Evan، 1989) لەخۆ دەگرێت، بەواتا ئەم جۆرە دیکتاتۆرییە حکومەتێکی راوکەر، یان تاڵانکەر (Predatory State) دروست دەکات.

٢. لە جۆری دیکتاتۆری ئاسۆدرێژدا، دوو لقی لێدەبێتەوە:

أ - دیکتاتۆرییەك کە گەشەکردنی ئابووری ئامانجی سەرەکی نییە و مانەوەی خۆی زۆر پێ گرنگترە، ئەم جۆرە دیکتاتۆرییە زۆربەی جار دیکتاتۆری تاکەکەسییە و بۆ مانەوەی خۆی سوپا و دەزگا هەواڵگرییەکان دەگرێتە خۆی و بەشێکی زۆری سامانی نیشتمانیان تێدا خەرج دەکات. هەرچەندە ئەم سیاسەتە دووفاقییە، لە لایەك دیکتاتۆر بۆ پاراستنی خۆی و حوکمڕانییەکەی پێویستی بە سوپا و دەزگا هەواڵگرییەکان هەیە، لە لایەکی دیکەوە گەورەترین مەترسی لێیان هەیە، کە لەوانەیە رۆژێك هەوڵبدەن لای بدە لە دەسەڵات، بۆیە هەر لە سەرەتاوە دیکتاتۆر هەوڵدەدات بە ئەو ئەفسەرانەی سوپا خۆی دەورە بدات، کە خۆی متمانەیان پێدەکات، ئەوانەش دەهێنێتە سەرەوە کە دەتوانێت بیانکڕێت، رژێمی دیکتاتۆری بۆ مانەوەی خۆی و سەرکوتکردنی خەڵکی دوژمنی تارمایی (وەهمی) بۆ نیشتمان دروست دەکات و شتی بچووك گەورەدەکاتەوە و هەوڵ دەدات مەترسی لە سەر نیشتمان و وڵات لەخۆڕا دابتاشێت، زۆربەی ئەم جۆرە دیکتاتۆرانە خۆیان دەدەنە پاڵ دەوڵەتێکی زلهێزی بیگانە و بەمەش پاڵشتی نێونەتەوەیی بۆ خۆیان رادەکێشن، وڵاتە سەرمایەدارە زلهێزەکانیش کەمتەرخەمییان نەکردووە لە پشتیوانیکردنی رژێمی لەم جۆرە، زۆر جار دیکتاتۆر لەم جۆرە سیستەمەدا خۆی دەکاتە باوکی نەتەوەیی و پارێزەری نیشتمان، وا خۆی لە قەڵەم دەدات کە ئەگەر ئەو نەمێنێت، ئەوا پاشەڕۆژی نیشتمان لە مەترسیی گەورەدا دەبێت، بۆیە بەتاڵانبردنی سامانی نیشتمانی و سەرکوتکردنی ئازادی و مافی مرۆڤ دەبێتە سیمایەکی زەقی ئەم جۆرە سیستەمە دیکتاتۆرییە، نموونەی ئەم جۆرە دیکتاتۆرییە لە رژێمەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر بە زەقی دەبینرێت، کێشەی گەورەی ئەم دیکتاتۆرییە کاتێك ئاڵۆز دەبێت، کە دوای چەند ساڵێك لە تەمەنی، پێویستی بە دەستنیشانکردنی جێگرەوە (جێنشین) دەبێت، هەرچەندە هەموو دیکتاتۆرەکان دوای چەند ساڵێك هەوڵدەدەن کوڕ و برای خۆیان پەروەردە بکەن و بیانهێننە پێشەوە بۆ جێگرەوەی خۆیان و هاونیشتمانیان بە جێگرەوەکانیان ئاشنا بکەن، بەڵام لە کۆتاییدا زۆربەی خەڵکی بەتایبەت سەرکردەکانی دەوروبەری دیکتاتۆر کێشەیان لە گەڵ ئەم سیاسەتی دەستبەدەستکردنی حوکمڕانییەدا بۆ دروست دەبێت، زۆر جاریش رژێم لەم قۆناغەدا کێشەی کوشندەی تووش دەبێت، (جگە لە نموونەی سووریا نەبێت کە تا ئێستا جێگرەوەکە هەر لە سەر تەختە)، کێشەیەکی تری ئەم شێوە دیکتاتۆرییە ئەوەیە کە ئەگەر وڵاتە بیانییە پاڵپشتکەرەکانیان لێیان زویر بن، وەك عێراقی سەردەمی سەدام حوسێن و لیبیای سەردەمی موعەمەر قەزافی، ئەگەر بە وردی سەیری مێژووی وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەندێ وڵاتی ئەفریقیایی بکەین، ئەم دوو کێشەیە لە قۆناغێکی مێژووی ئەو جۆرە دیکتاتۆرییەدا سەریانهەڵداوە.

ب - رژێمگەلێك کە بۆ گەشەکردنی ئابووری دیدێکی روونیان هەیە، ئەم جۆرە رژێمە لە وڵاتانێك هاتوونەتە سەر حوکم کە وڵاتی هەژار بوون و ئەزموونی داگیرکراوی زۆر تاڵیان هەبووە، ئەم جۆرە رژێمە هەروەك رژێمە دیکتاتۆرییەکانی دیکە، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەرکوت دەکات و رێگە بە بەشداریکردنی کۆمەڵگە لە بڕیارەکانی حکومەتدا نادات، ئەوەی ئەم جۆرە دیکتاتۆرییە لە رژێمەکانی دیکەی دیکتاتۆری جیا دەکاتەوە، سیاسەتەکانیەتی لەمەڕ گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی. مێژووی گەشەکردنی ئابووری ئەوەمان پیشان دەدات کە لە رووی ئاراستەکردن و بەڕێوەبردنی ئابوورییەوە، ئەم جۆرە دیکتاتۆرییە بە شێوەیەکی گشتی ئەم

**وشەی دیکتاتۆری وشەیەکی لاتینییە و لە کاتی رۆمانییەکاندا بەو دادوەرە (judge) گوتراوە، کە بۆ ماوەیەکی کاتی توانای بڕیاردانی تاکڕەوانەی پێ بەخشراوە، بەڵام ئەم زاراوەیە لە مێژووی حوکمڕانیی نوێدا چەمکی دیکەی لەخۆ گرتووە**

**دیکتاتۆری دوو شێوازی هەیە، دیکتاتۆرییەک کە تێیدا دیکتاتۆر هەست دەکات ئاسۆی مانەوەی لە حوکمدا زۆر کورتە و پێشبینی دەکات، لە چەند ساڵێکدا لە سەر کار لابریت، لە جۆری دووەمدا دیکتاتۆر ئاسۆی مانەوەی خۆی بە درێژتر دەزانێت و لەو بڕوایەدایە کە بۆ ماوەیەکی دیارینەکراو لە سەر تەختی فەرمانڕەوایەتی دەمێنێتەوە**

سیاسەتانەی خوارەوە پەیڕەو دەكات: بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:
Olson، 1993. J. Robinson & D. Acemoglu،) (2012

یەكەم، سەركوتكردنی بەكاربردن (Consump-tion) لە پێناوی كەڵەكەكردنی سەرمایە، وەك لە وتاری پێشوودا ئاماژەمان پێدا، لە قۆناغی سەرەتایی گەشەكردنی ئابووریدا قەوارەی زیادە بەهای (Surplus Value) كۆمەڵگە زۆر كەمە، ئەگەر سەرمایەداران و حكومەت بڕیار بدەن كە ئەم زیادە بەهایە بە سەر زۆربەی خەڵكیدا وەك نەریتێكی دیموكراسییانە و دادپەروەرانە دابەش بكرێت، ئەوا هیچی نامێنێتەوە بۆ دامەزراندنی ژێرخانی ئابووری و گەشەكردنی پیشەسازییەكان، وەك دەڵێن: قەوارەی كێكەكە سنووردارە، دەتوانیت ئێستا هەمووی بخۆی، یان هەندێكی ئێستا بخۆی و ئەوی دیكەی بهێڵیتەوە بۆ پاشەڕۆژ، دیكتاتۆری گەشەكەر هەڵبژاردەی دووەم دەگرێتەبەر، بۆیە بەكاربردن سەركوت دەكات، لێرەدا گەشەكردنی ئابووری لە قۆناغی یەكەمی گەشەكردندا دەبێتە مایەی هەژاری و ژیانسەختی بۆ چینی كرێكاران وەك سیمۆن كوزنێت (Simon Kuznets، 1957) لە ناوەڕاستی پەنجاكانی سەدەی پێشوودا ئاماژەی پێ كردووە، لێرەدا دەرئەنجامی بەكارهێنانی ئەو سەرمایەی لە ئەنجامی ئەم سیاسەتەوە كەڵەكە دەبێت، دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی بیركردنەوە و روانگەی دەستەی دیكتاتۆریی وڵات، بۆ نموونە: لە كۆریای باشووردا سیاسەتی بگەم بە دراوسێكەمدا (Catch-ing up with my Neighbor) ئاڕاستەی هزری سیاسی و ئابووریی دەسەڵاتدارانی دەكرد و بووە مایەی بەربەرەكانێكردنی وڵاتی یابان، كە لە پێش كۆتاییهێنانی جەنگی دووەمی جیهانی دەوڵەتی داگیركەری كۆریا بوو، لە كاتێكدا لە شەستەكانی سەدەی رابردوودا زۆر وڵاتی هەژاری دیكە لە زۆر رووەوە بارودۆخیان زۆر لە كۆریای باشوور باشتر بوو، بەڵام توانای دارایی و ئابوورییان بە زایە دا و دیكتاتۆرەكان هەلی گەشەكردنی ئابووریی وڵاتەكانی خۆیانیان لە بار برد.

دووەم، بازاڕی ئازاد و سەرمایەی تایبەت دەخاتە ژێر دەسەڵات و بەڕێوەبردنی كەرتی گشتییەوە، لێرەدا كەرتی گشتی (دەوڵەتی) نەك هەر ئاراستەی بازاڕی ئازاد دەكات، بەڵكو تواناكانیشی بە شێوەیەك چوارچێوە پێ دەدات، كە لە خزمەتی ئابووریی گشتی (Macroeconomics) وڵاتدا بێت، لێرەدا پێویستە ئەوە یادبخەینەوە كە ئامانجە نیشتمانی و دەوڵەتییەكان جیاوازن لە ئامانجە بەرتەسكەكانی سەرمایەداریی تایبەت، بۆیە لە قۆناغی سەرەتای گەشەكردنی ئابووریدا ناكرێت رێگە بە سەرمایەداریی تایبەت بدرێت، كە تەنیا گرنگی بە قازانجی هەنووكەیی و بەرتەسكی خۆیان بدەن و بەرژەوەندییە گشتییەكانی وەك بیناكردنی ژێرخانی ئابووری و بەرهەمهێنانی كاڵا گشتییەكانی وەك پەروەردە و تەندروستی و خزمەتگوزارییە گشتییەكانی دیكە پشتگوێ بخرێن، دیكتاتۆرە لایەنگرەكانی گەشەكردن بەم راستییە هوشیارن و هەموو كات ویستوویانە سەرمایەداریی تایبەت و تواناكانی بازاڕی ئازاد بخەنە ژێر ركێفی بەرژەوەندییە باڵاكانی گەشەكردنی ئابووریی نەتەوەییەوە.

سێییەم، دیكتاتۆری گەشەكەر، ئەمەیان سیستەمی باج رێكدەخاتەوە، چونكە دەزانێ كە بە بێ ئەم سەرچاوەی داراییە توانای دارایی نابێت بۆ ئەوەی سیاسەتەكانی خۆی پێ بەرێتە پێشەوە، هەر لەم بوارەدا سیستەم زۆر رژد دەبێت لە پەیڕەویكردنی بێ چەندوچوونی سیاسەتی باج و سزای توندی سەرپێچیكەران دەدات.

چوارەم، رژێم بەرهەمهێنانی لانیكەمی كاڵا گشتییەكانی وەك پەروەردە و خزمەتگوزاریی تەندروستی و توێژینەوەی زانستی و بەرزكردنەوەی ئاستی كارامەیی كرێكاران دەگرێتە ئەستۆی خۆی.

پێنجەم، لە پێناوی جێبەجێكردنی پلانەكانی خۆی، رژێم هەوڵدەدات سەركوتی بزووتنەوەی چینی كرێكاران بكات، لە پێشدا سەندیكاكانی كرێكاران قەدەغە دەكات و دوای ئەوە خۆی سەندیكایان بۆ پێكدەهێنێت، لە هەمان كاتدا هەوڵدەدات مانگرتن بە یەكجاری قەدەغە بكات و رێگە لە هەر جموجوڵێكی چینایەتی بگرێت، كە پێچكەی پیشەسازییە گرنگەكان دوابخات.

**لە جۆری دیكتاتۆریی ئاسۆكورتدا، دیكتاتۆر زۆر هەوڵدەدات هەرچەند بتوانێ تاڵان و بڕۆی سامانی گشتی بكات و دوور لە چاوی هاووڵاتیان بە خێرایی سەروەت و سامانەكانی خۆی بگەیەنێتە وڵاتێكی بیگانە، هەر بۆیە ئەم جۆرە دیكتاتۆرە گوێ ناداتە گەشەكردنی ئابووری و باشكردنی گوزەرانی هاونیشتمانییان**

**رژێمی دیكتاتۆری بۆ مانەوەی خۆی و سەركوتكردنی خەڵكی دوژمنی تارمایی (وەهمی) بۆ نیشتمان دروست دەكات و شتی بچووك گەورەدەكاتەوە و هەوڵ دەدات مەترسی لەسەر نیشتمان و وڵات لەخۆڕا دابتاشێت**

شەشەم، رژێمی دیکتاتۆری لەم چەشنەدا مافەکانی وەك دەربڕین و ڕێکخستن و بڵاوکردنەوە و کۆبوونەوە سەرکوت دەکات، لە گرتن و زیندانیکردنی چالاکانی بوارەکانی مافی مرۆڤ و داکۆکیکەرانی بەدەستهێنانی مافەکانی دیکەی خەڵکی کرێکاران و هەژاران سڵ ناکاتەوە، بۆیە لە زۆربەی سیفەتەکاندا ئەم شێوازە حوکمڕانییە لە سەرەتادا لە گەڵ ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانی دیکەی جیهاندا جیاوازیی گەورەی نییە.

حەوتەم، هەرچەندە لە سایەی ئەم جۆرە رژێمەدا گەندەڵی هەیە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك وەك گەندەڵی ڕژێمەکانی دیکە نییە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە گەندەڵی بەربڵاو پلانە ئابوورییەکانی حکومەت دەخاتە مەترسییەوە، چونکە گەندەڵی زۆر سامانی نیشتمانی بە هەدەر دەدات و سەرچاوەکانی ئابووری و دارایی بۆ گەشەکردنی ئابووری کەم دەکاتەوە و سەرانی ئەم جۆرە رژێمەش بەم راستییە هوشیارن.

هەشتەم، ئەم جۆرە رژێمە سەقامگیری و ئاسایشی وڵات دەپارێزێت و ڕێگە بۆ کەڵەکەکردنی ئەزموونی گەشەکردن خۆش دەکات، بێگومان دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت کە گەشەکردنی ئابووری پێویستی بە سەقامگیری و ئاسایش هەیە، بۆ ئەوەی پرۆسەی کەڵەکەکردنی قازانج درێژەی پێ بدرێت (کەڵەکەکردن لە رووی پرۆسێسەوە بە واتای بەردەوامی دێت) و پلاندانان بۆ پاشەرۆژی پرۆژەکان زامن بکرێت، بە بێ سەقامگیریی ئەمن و ئاسایش گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو ژینگەیەی بۆ ناڕەخسێت کە فێربوون و کەڵەکەکردنی ئەزموون و سەرمایە بەرهەمدار بێت، ئەوەی بە ئینگلیزی پێی دەگوترێت: فێربوون لە ڕێگەی کردنەوە (Learning by doin) هەرچەندە زۆربەی دیکتاتۆرە درێژخایەنەکان ئەم سەقامگیرییە دابین دەکەن، بەڵام مەرج نییە ڕێگەیان بۆ گەشەکردنی ئابووری خۆش کردبێت، بۆ نموونە: ڕژێمەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە جیهاندا بە تەمەن درێژترین دیکتاتۆری دەژمێردرێن، بەڵام گەشەکردنی ئابووریی وڵاتەکانیان لە چاو هەندی وڵاتی دیکەدا نزمترین ئاست بووە.

لێرەدا پێویستە دوو خاڵی گرنگ لە بارەی ئەو سیاسەتانەی سەرەوە باس بکەین. یەکەم، هەموو رژێمە دیکتاتۆرەکان وەك یەك ئەو سیاسەتانەیان نەبووە و جێبەجێشیان نەکردووە، بۆیە هەموو رژێمەکان جیاوازیی خۆیانیان هەبووە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی مێژوو، کەلتوور و سرووشتی وڵاتەکانیان پێوە دیارە. دووەم، سیاسەتەکانی دیکتاتۆریی تاکەکەس و سوپا و تاکە حزبی سیاسی جیاوازیی بەرچاویان هەیە، لە کاتێکدا بڕیاردان و گۆڕینی سیاسەتەکان لە سایەی دیکتاتۆریی تاکەکەسیدا زۆر خێرایە، چونکە پێویستی بە ڕاوێژ و وتووێژ لەگەڵ زۆر خەڵکدا نییە، لە سایەی دیکتاتۆری سوپا و تاکەحزبدا زۆر جار بڕیارەکان لە سەرخۆیە و جێبەجێکردنیشیان کاتێکی زۆر زیاتری دەوێت.

### ● دیموکراسی یان دیکتاتۆری؟

لە کاتێکدا ناوی دیکتاتۆریی رژێمی سەرکوتکەر و پێشێلکاریی مافی مرۆڤ دێتە پێش چاو، دیکتاتۆرە خراپەکانیش بە کوشتن و بڕین و زۆر جار بە جێنۆسایدکردنی هاونیشتمانیان بەناوبانگن، سیستەمی دیموکراسی بەپێی پێناسەکەی هاتوایە لە گەڵ ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و هەڵبژاردنی ئازادانە و دادپەروەرانە و دابەشکرنی داهاتی وڵات، زۆربەی خەڵکیش لە هێنانەوەی ناوی دیموکراسی، (وڵاتە ئەوروپییەکان و باکووری ئەمریکا و ئوستراليا و نیوزیلەندا)یان بە بیر دێتەوە، هەر چەندە ئەم بۆچوونانە هەموویان ڕاست و دروستن، بەڵام شێوازی گەشەکردنی مێژووی ئەم حوکمڕانییانەش پیشان نادات، بۆ نموونە هیچ یەکێك لەو وڵاتانەی ئێستا بە دیموکراسی ناودەبرێن، نە بە دیموکراسی لەدایکبوون و نە مێژوویەکی دوور و درێژی دیموکراسییان هەیە، بۆ نموونە، لە سەرەتای سەدەی پێشوودا تەنیا نەرویج پێناسەی دیموکراسیی تەواوی بە سەردا دەشکا، ئەمە جگە لەوەی لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا زۆربەی وڵاتە ئەوروپییە بەناو دیموکراسییەکان جارێکی دی گەڕانەوە ژێر دەستی ڕژێمی دیکتاتۆری و دەسەڵاتی زەبروزەنگ، (Authoritarian Re-gimes) بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر شەپۆلەکانی

**لە قۆناغی سەرەتایی گەشەکردنی ئابووریدا قەوارەی زیادە بەهای (Surplus Value) کۆمەڵگە زۆر کەمە، ئەگەر سەرمایەداران و حکومەت بڕیار بدەن کە ئەم زیادە بەهایە بە سەر زۆربەی خەڵکیدا وەک نەریتێکی دیموکراسییانە و دادپەروەرانە دابەش بکرێت، ئەوا هیچی نامێنێتەوە بۆ دامەزراندنی ژێرخانی ئابووری و گەشەکردنی پیشەسازییەکان**

**هیچ یەکێک لەو وڵاتانەی ئێستا بە دیموکراسی ناودەبرێن، نە بە دیموکراسی لەدایکبوون و نە مێژوویەکی دوور و درێژی دیموکراسییان هەیە**

دیموکراسی بڕوانە : (Huntington،1991s)
بەڵام لە هەموو ئەگەرەکاندا، پەیوەندیی ئەم دوو شێوازی حوکمڕانە لەگەڵ گەشەکردنی ئابووریدا زۆر ئاڵۆزترە لەوەی دەردەکەوێت.

ئەو خاڵانەی لە سەرەوە باسکران لە رووی تیۆرییەوە لۆجیکی خۆیان هەیە، بەڵام لە تێڕوانینی مێژوودا زۆر جار کێشەیان هەیە، بۆ نموونە، زۆربەی وڵاتانی هەژار لەلایەن حوکمڕانیی دیکتاتۆرییەوە بەڕێوە دەبرێن، هەمووشیان لە نێو سەدەی پێشوودا گەشەکردنی ئابوورییان باش نەبووە، تەنیا مشتێك لە خەرمانی ئەو وڵاتە سەرکەوتووانە گەشەی ئابوورییان کردووە. لێرەدا پێویستە هەندێ تێدا رابمێنین و سەیری ئەزموونی گەشەکردنی ئابووریی وڵاتان بکەین، بۆ ئەوەی بزانین کە ئایا ئەو وڵاتانەی قۆناغی گەشەکردنی ئابوورییان سەرکەوتووانە تێپەڕاندووە، ئەزموونی حوکمڕانییان چۆن بووە؟ ئەو چەند وڵاتەی بەناو دیموکراسی کە گەشەکردنی ئابوورییان سەرکەوتووانە بووە (مالیزیا، بۆتسوانا، مۆریشەس) بەراورد بە وڵاتانی ژێر دەست دیکتاتۆری گەشەکردنیان نەك هەر سەرکەوتووانەتر بووە، بەڵکو وڵاتی زۆر گەورەن و لە بازاڕی جیهاندا جێگەی بەرچاویان هەیە، بۆ نموونە (کۆریای باشوور، تایوان، سینگاپورە) تا رادەیەکی زۆر گەشەیان کردووە، لە هەمان کاتدا بەراورد بە هیندستان کە بە گەورەترین وڵاتی دیموکراسی دەژمێردرێت، هاوکات وڵاتی چین لە سایەی دیکتاتۆریی تاکە حزبدا لە گەشەکردندا لە سی ساڵی رابردوودا بە بازدان گەشەی کردووە، لە هەمان کاتدا ئەگەر بە مێژووی گەشەکردنی ئابووریی وڵاتانی هاوچەرخیشادا بچینەوە، ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە وڵاتانی بە ناو درەنگ هاتووەکانیش (The Late Comers) وەك، ئەڵمانیا و رووسیا و یابان یش لە سایەی رژێمی بە دەسەڵاتدا (Authoritarian Regimes) گەشەی ئابوورییان بە سەرکەوتوویی ئەنجامداوە.

لێرەدا جارێکی دی ئەو پرسیارەمان لا دروست دەبێتەوە، کە ئایا تێچووەکانی گەشەکردنی ئابووری لە سایەی رژێمی دیکتاتۆریدا، لە چەشنی لە دەستدانی ئازادییە گشتییەکان و بەرزبوونەوەی رێژەی هەژاری و بەرزبوونەوەی نایەکسانی دابەشکردنی داهاتدا، زیاترن لە تێچووەکانی گەشەنەکردنی ئابووری لە سایەی رژێمی دیموکراسیدا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە هەردوو رووی تیۆری و ئەزموونی وڵاتانی هەژارەوە زۆر ئاسان نییە، وەك ئەوەی کە دێتە بەرچاو. لێرەدا ئەگەر سەیری کاتخایەن بۆ نموونە: کورتخایەن و درێژخایەن بکەین، رەنگە لە چاو نەوەی پاشەڕۆژدا رژێمی دیکتاتۆری زۆر باشتر بێت، چونکە لە قۆناغێکی گەشەکردنی ئابووریی پێشکەوتوودا، نەك هەر داهاتی تاکەکەس بەرزدەبێتەوە، بەڵکو سیستەمی گەشەکردوو خۆی رێگە بە ئازادییە گشتییەکان دەدات و کرانەوە بە رووی جیهان و مافە گەردوونییەکاندا بەرزتر دەبێتەوە، بەڵام لە هەمان کات و لە کورتخایەندا، نەوەی سەردەمی قۆناغی یەکەمی گەشەکردن لە سایەی رژێمی دیکتاتۆریدا باجی تێچووەکانی گەشەکردن دەدەن، واتە یەکەم نەوە دەبنە قوربانی خۆشگوزەرانیی نەوەکانی داهاتوو.

لە کۆتاییدا بەراوردکردنی گەشەکردنی ئابووریی نێوان چین کە سیستەمی دیکتاتۆری تاکەحزب تێیدا بەرقەرارە، لە گەڵ وڵاتی هیندستان کە بە وڵاتێکی دیموکراسی بەناوبانگە، رەنگە جێگەی خۆی بێت. لە کاتێکدا لە ساڵی ١٩٩٠دا داهاتی تاکەکەس لە چین تەنیا ٣١٧,٩ دۆلاری ئەمریکی بوو، لە هیندستان ٣٦٤ دۆلار بوو، دوای ٢٥ ساڵ، واتە لە ساڵی ٢٠١٥دا داهاتی تاکەکەس لە چین بەرزبووەوە بۆ ٨٠٦٩ دۆلار لە وڵاتی هیندستان داهاتی تاکەکەس بەرزبووەوە بۆ ١٦٠٦ دۆلار، بڕوانە بانکی جیهانی (Human Development Index 30/01/2019)، واتە لە چارەکە سەدەیەکدا داهاتی تاکەکەس لە چیندا (٢٥) بیست و پێنج قات بەرزبووەتەوە و لە وڵاتی هیندستاندا تەنیا (٤,٤١) نزیکەی چوار قات و نیو بەرزبووەتەوە. بۆیە ئەگەر ئەم دوو وڵاتە کە دانیشتووانیان لە یەك ملیار زیاترە بە نموونە وەربگرین، ئەوەمان بۆ دەسەلمێت کە سیستەمی دیکتاتۆری بەراورد بە سیستەمی دیموکراسی لە گەشەکردنی ئابووریدا زۆر سەرکەوتووانەتر بووە.

**زۆربەی وڵاتانی هەژار لەلایەن حوکمڕانیی دیکتاتۆرییەوە بەڕێوە دەبرێن، هەمووشیان لە نێو سەدەی پێشوودا گەشەکردنی ئابوورییان باش نەبووە، تەنیا مشتێک لە خەرمانی ئەو وڵاتە سەرکەوتووانە گەشەی ئابوورییان کردووە**

**رەنگە لە چاو نەوەی پاشەڕۆژدا رژێمی دیکتاتۆری زۆر باشتر بێت، چونکە لە قۆناغێکی گەشەکردنی ئابووریی پێشکەوتوودا، نەک هەر داهاتی تاکەکەس بەرزدەبێتەوە، بەڵکو سیستەمی گەشەکردوو خۆی رێگە بە ئازادییە گشتییەکان دەدات و کرانەوە بە رووی جیهان و مافە گەردوونییەکاندا بەرزتر دەبێتەوە**

دیمانەی تایبەت




**کریستۆفەر فێتەویس**

پرۆفیسۆری زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# ترەمپ لە روانگەی بزنس و داراییەوە لە جیهان دەڕوانێت

**کریستۆفەر فێتەویس پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی تۆلانە، پێشتریش وانەبێژی کاروبارەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بووە لە کۆلێژی جەنگی دەریایی، تایبەتمەندی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد کە پتر پەیوەست بوون بە سیاسەتی دەرەکیی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ و پەیوەندیی ئەمریکا لەگەڵ هێزە جیهانییەکانی دیکە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** نکۆڵی لەوە ناکرێت کە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ مایەی مشتومڕە و بگرە باس لەوە دەکرێت سیاسەتەکانی هاوئاواز نین، راوبۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە و چ هەڵسەنگاندنێکتان بۆ ئەدای ئەم ئیدارەیە لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا هەیە؟**

- لە راستیدا زۆر زەحمەتە بزانین رواڵەکاتەکانی ئەم سیاسەتە چین، لەبەر ئەوەی پێناچێت یەکگرتووییەك لە نێو سیاسەتی دەرەوەی ئەم ئیدارەیەدا هەبێت، چونکە مەسەلەکە کورت بۆتەوە لەوەی ئایا مەیل و خواستی سەرۆك لەو رۆژەدا چییە. بەڵام من هەمیشە ئەوە دەڵێم کە یەکێك لە وانە بنەڕەتییەکانی پەیوەست بە شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێك ئەوەیە کە دەبێت لەو هەنگاوانە بڕوانین کە وڵاتەکە دەیانگرێتەبەر، نەك لەو لێدوانانەی کە سەرکردەکانیان گوزارشتیان لێدەکەن. بۆ نموونە ئێوە بڕواننە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ، کە چەندین لێدوانی داوە لە بارەی جووڵەپێکردن و کشاندنەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە ناوچەکەی ئێوەدا، وەك سووریا، بەڵام تا ئێستا هیچ یەکێك لەوانە جێبەجێ نەکراون. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆرجار سەرکردەکان رووی قسەکانیان لە لایەنگرانی نێو وڵاتەکەی خۆیانەوە و لێدوانەکانیان پەیوەندی نییە، یان ئاماژە نییە بەوەی کە چی روودەدات. لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین زەحمەتە بزانین سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات و بگرە زۆر دژوارە بزانین کە ئایا لە مانگی داهاتوودا چی دەکات، چ جای ئەوەی باسی ئەو دوو ساڵە دەسەڵاتەکەی بکەین کە ماوە. بەڵام سەرەڕای بوونی نیگەرانییەکان، هیچ شەڕێکی هەڵنەگیرساندووە، کەواتە هۆکاری ئەوەش هەیە کە گەشبین بین.

**یەکێک لە وانە بنەڕەتییەکانی پەیوەست بە شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێک ئەوەیە کە دەبێت لەو هەنگاوانە بڕوانین کە وڵاتەکە دەیانگرێتەبەر، نەک لەو لێدوانانەی کە سەرکردەکانیان گوزارشتیان لێدەکەن**

*** کەواتە لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەدا هاوڕایت کە پێیوایە ئەم ئیدارەیە سیاسەتی دژ بەیەکی**

گرتۆتەبەر لە بواری دەرەکیدا؟

- من پێموایە ئەگەر هەندێ سیاسەتی جێگیریش پیادە کرابێت، ئەوا بە راستی هیچ مانایەکیان نەبووە و چەندین کەسایەتی نێو بواری سیاسەتی دەرەوە ترسیان لێ نیشتووە. من خۆم پێشبینیم نەدەکرد کە کۆدەنگییەك دروست بێت لە نێو کەسایەتییەکانی نێو سیاسەتی دەرەوە، بەڵام ئەوەتا ترس و نیگەرانی لە سیاسەتەکانی ترەمپ کۆدەنگییان دروست کردووە. بەڵام ئەو ترس و نیگەرانییەش هۆکاری جیاوازیان هەیە، بۆ نموونە، نیوموحافیزکارەکان پێیانوایە پێویستە ئەمریکا دەستتێوەردانی زیاتر بکات لە دەرەوە، لە کاتێکدا ریالیستەکان باوەڕیان وایە کە هەڵسەکەوتەکانی نابەرپرسیارانەیە و پتر عەسکەرتارییە و کەسانێکی کەم هەن کە خۆشحاڵ بن بە واقیعەکە. من تەمەننا دەکەم کە ئەم دوو ساڵەی سەرۆکایەتییەکەی بێ کارەسات و قەیران تێپەڕێ و دووبارە سیاسەتێکی دەرەکیی ئاسایی و پێشبینیکراو بگیرێتەبەر.

**سەرۆک دۆناڵد ترەمپ مەیلی بۆ لای سەرکردە خۆسەپێنەکان هەیە و خۆیشی لە ناخدا کەسێکی خۆسەپێنە و مەیلی دیکتاتۆری هەیە، بەڵام ئەوە دامەزراوەکانی ئەمریکان کە کۆنترۆڵی ئەم مەیلە دیکتاتۆری و خۆسەپێنیانەیان کردووە**

*** لایەنێکی دیکەی زەقی سیاسەتەکانی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵ ترەمپ بریتییە لە بەدگومانی لەبەرامبەر دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و تەنانەت ناتۆشدا، تێڕوانینی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- من پێموایە رێگاچارەیەکی کارەساتباری گرتۆتەبەر لە پەیوەندی بە دامەزراوە و رێککەوتن و هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەکانەوە. هەروەها یەکێك لە سیاسەتە جێگیرەکانی بریتی بووە لە بەدگومانی بەرامبەر جیهان، بۆ نموونە نایەوێت کار لەگەڵ هاوپەیمانەکان و بگرە دۆستەکانماندا بکات و لەوەش زیاتر رەخنەیان لێدەگرێت. ئەوە بوو لە دەرئەنجامدا لە چەندین رێککەوتننامەی نێودەوڵەتی کشایەوە، وەك رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا، کە پێموایە باشترین رێککەوتنی کۆنترۆڵکردنی چەك بوو، بە هەمان شێوە لە چەندین پەیماننامەی ئابووری کشایەوە، لەگەڵ پەیماننامەی پاریسی تایبەتی بە ژینگە. تاکە وڵاتێك کە مابێتەوە و بەردەوام هاوهەڵوێستی بێت، بریتییە لە ئیسرائیل و ترەمپ زۆرترین لایەنگری هەیە بۆ ئیسرائیل بە بەراورد بە سەرۆکەکانی دیکە، واتە راستە پێشتریش ئەمریکا ناوبژیوانێکی بێلایەن نەبوو، بەڵام هێندەی ئێستاش مەیلی بۆ ئیسرائیل نەبوو. کەواتە هەروەك پێشتریش وتم رێگاچارەیەکی کارەساتباری گرتۆتەبەر لە پەیوەندی بە دامەزراوە و کارکردنی فرەلایەنییەوە.

**ترەمپ کەسێکە ناتوانێت هیچی فێر بکەیت، چونکە هەمیشە پێیوایە ئەو لە هەموو کەس باشتر دەزانێت، ئەمەش مایەی کێشەیە**

*** ئێمە دەزانین ئەم ئیدارەیە و خودی دۆناڵد ترەمپ چەندین جار رایانگەیاندووە کە چیتر ئەمریکا کار لەسەر پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی ناکات لە وڵاتانی دیکە، ئایا دەرهاویشتەکانی ئەم سیاسەتە لە روانگەی ئێوەوە چی دەبن؟**

- ئێمە دەزانین سەرۆك دۆناڵد ترەمپ مەیلی بۆ لای سەرکردە خۆسەپێنەکان هەیە و خۆیشی لە ناخدا کەسێکی خۆسەپێنە و مەیلی دیکتاتۆری هەیە، بەڵام ئەوە دامەزراوەکانی ئەمریکان کە کۆنترۆڵی ئەم مەیلە دیکتاتۆری و خۆسەپێنیانەیان کردووە. بەڵام ئەو کەسێکە لەگەڵ ڤلادمیر پوتین و کیم جۆن ئۆن و شی جینگ پینگ و محەمەد بن سەلمان دەگونجێت، کە ئێمە دەزانین ئەمانە کەسانێکی دیموکراتی نین. کەواتە دیکتاتۆرەکان بە مامەڵەکردن لەگەڵ یەکدا ئاسوودەن، هیتلەر ئاسوودە بوو بە مۆسۆلۆنی، ترەمپیش بە پوتین و کیم جۆن ئاسوودەیە و ئەمەش کارێکی شێتانەیە.

*** لایەنێکی دیکەی سیاسەتی دۆناڵد ترەمپ بریتییە لە بەکارهێنانی سزای ئابووری بۆ ئەنجامدانی کاروبارەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی، تەنانەت ئەم فشارانە لە دژی هاوپەیمانەکانیشی دەگرێتەبەر، هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەم شێوەکارکردنەی چییە؟**

- رەنگە هۆکارەکە ئەوە بێت کە کەسێکی بزنسمانە و لە روانگەیەکی داراییەوە لە سیاسەتی دەرەکی دەڕوانێت، بۆ نموونە ئەگەر ئێمە باس لە ئێران بکەین- کە سزای سەختی بەسەردا سەپاندووە- ئەوا ئەو کەسانەی لە دامەزراوەی سیاسەتی دەرەوەدا کۆکردۆتەوە، کە زۆر سەختگیرن لە ئاست ئێراندا، ئەمەش مایەی نیگەرانیی منە، کە پێموایە ئەم رێگاچارەیە دەرئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە و باوەڕم وایە کارێکی نادادپەروەرانە و نارەوایەتییەکە کە لەگەڵ خەڵکی ئێراندا دەکرێت. هەروەها ئەوە لەبەرچاو ناگرێت کە ئێران چ کارێکی کردووە بۆ کەمکردنەوەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا. کەواتە دەبینین ئەو کەسانێکی وەك جۆن بۆڵتۆن، راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی

و مایك پومپیۆ، وەزیری دەرەوە، لە کابینەکەیدا کۆکردۆتەوە، تەنانەت جەیم ماتیس، کە وەزیری بەرگری بوو، یەکێك بوو لە هەرە سەختگیرەکان لە ئاست ئێراندا. کەواتە ئەمە ئەو بەشەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە کە من نیگەرانم لەبارەیەوە، نیگەرانم لەو ماوەیەی کە ماویەتی لە دەسەڵاتدا کارێکی گەمژانە و کارەساتبارانە رووبدات لەو ناوچەیەدا. دووبارەی دەکەمەوە ئەو لە روانگەی دارایی و بزنسەوە لە جیهان دەڕوانێت و ئەمەش کارێکی یارمەتیدەرانە نییە، هەروەها ترەمپ کەسێکە ناتوانیت هیچی فێر بکەیت، چونکە هەمیشە پێیوایە ئەو لە هەموو کەس باشتر دەزانێت، ئەمەش مایەی کێشەیە. دواتر من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە تاوەکو ئێستا دەسەڵاتدارانی ئێران بەرپرسیارانەتر هەڵسوکەوتیان کردووە بە بەراورد بە ئەمریکا، تا ئێستا ئەوان پابەندن بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە. هەروەها من پێموانییە ئێرانییەکان سازش بکەن و باوەڕم وانییە هیچ پاڵنەرێکیان بۆ ئەو سازشکردنە هەبێت.

*** بەڵام ئەوەی روونە ئیدارەی ئەمریکا هەنگاوی تاکلایەنانە هەڵدەگرێت، ئایا پێتوانییە ئەمە لە کۆتاییدا ببێتەهۆی ئەوەی هێزە جیهانییەکانی دیکە بە هەمان شێوە هەڵسوکەوت بکەن و ئەمەش سەربکێشێت بۆ دووبارە گەڕاندنەوەی ململانێی نێوان هێزە گەورەکان؟**

- من نازانم، بەڵام من کەمتر رەشبینم لەبارەی ئایندەی دوورەوە، مەبەستم بەرەوپێشچوونی سیاسەتی نێودەوڵەتییە لە مەودای دووردا. چونکە لە ئێستادا جیهان لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر ئاشتی باڵی بەسەردا کێشاوە، ئەگەرچی زۆر کەس درك بەمە ناکەن، واتە ناکۆکییەکی کەمتر لە ئارادایە بە بەراورد بە رۆژگاری رابردوو، هەروەها من گومانم هەیە لەوەی سەرۆکێك بە تەنیا بتوانێت ئەم رەوتە بگۆڕێت، بەتایبەتی ئەگەر دووبارە هەڵنەبژێردرێتەوە، بەڵام لە ئێستادا جیهان و بەتایبەتی ئەوروپییەکان پێیانوایە ئەمریکا رەفتاری شێتانە دەکات، بە ئومێدی ئەوەشن لە کۆتایی ئەم چوار ساڵەدا ئەمریکا کەمێك هۆش بێنێتەوەبەر خۆی، بەڵام ئەگەر دووبارە دۆناڵد ترەمپ هەڵبژێردرێتەوە، ئەوا کێ دەزانێت، ئەوا رەنگە جیهان متمانە بە ئەمریکا لە دەست بدات و مافی خۆشیانە.

*** بەڵام زۆر کەس باس لەوە دەکەن کە ئێستا چین وەك هێزێکی هەڵکشاو بۆتە تەحەددییەکی راستەقینە بۆ پێگەی باڵادەستیی ئەمریکا؟**

- راستە زۆر کەس نیگەرانە لە بارەی ئەم پرسەوە، ئاشکرایە ئابووریی چین لە گەشەکردندایە و خەڵکێکی دینامیکی هەیە، بەڵام من پێموانییە ئێمە ناکۆکییەکی گەورەمان هەبێت لەگەڵ چیندا، ئەو لێکچواندنەی بەلای منەوە پەسەندە، ئەوە بوو کە رۆژنامەنووسێك لە ساڵانی چلەکاندا کردی و باسی لەوە کرد کە ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت هاوشێوەی فیل و نەهەنگێکن، واتە لە ناوچەکەی خۆیاندا باڵادەستن، بەڵام ناتوانن زاڵبن بەسەر ناکۆکییەکەدا. کە پێموایە دەکرێت چین و ئەمریکاش هاوشێوەی ئەم حاڵەتە بن. واتە راستە ئێستا ناکۆکیی ئابووری هەیە لە نێوان ئەمریکا و چیندا، یان شەڕی بازرگانی هەیە، بەڵام تا ئێستا کەس نەبۆتە قوربانی. ئومێد دەکەین بتوانین بۆ هەردوولا رێگای بەرەوپێشچوون بدۆزینەوە، چونکە هەردوولامان بەرژەوەندیی بەهێزمان هەیە لە گرتنەبەری بازرگانیی ئازاددا. راستە لە ئێستادا پەیوەندییەکانمان لەگەڵ چیندا زۆر باش نییە، بەڵام کەس باسی ئەگەری روودانی رووبەڕووبوونەوەی سەربازی ناکات و من ئومێد دەکەم دۆخەکە بەم شێوەیە بمێنێتەوە و پێشموایە بەم شێوەیە دەمێنێتەوە.

*** بەڵام ئەگەر دووبارە بگەڕێینەوە بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایا پێتوایە لە ئێستادا ئەم ناوچەیە گرنگییەکی کەمتری هەیە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و پێویستە ئەمریکا کەمتر دەستێوەردان لەم ناوچەیە بکات؟**

- بەڵێ، ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی قسە بکەین، من هاوڕام لەگەڵ ئەمەدا، چونکە پێموانییە ئێمە چارەسەرمان بۆ کێشەکانی ئەو ناوچەیە پێ بێت و باوەڕم وایە خەڵکی ناوچەکە خۆیان باشتر دەتوانن ئیدارەی کێشەکانیان بکەن و تاوەکو ئێمە باوەڕمان وابێت کە بە دەستتێوەردانەکانمان کێشەکان چارەسەر دەکەین، لەو بوارەدا پێموایە کێشەی زیاتر دەخوڵقێنین و دۆخی ناوچەکەش خراپتر دەکەین. هەروەها دەبێت ئەوە بڵێین کە هیچ کەسێك لە ناوچەکەدا ئەمریکا بە هێزێکی بێلایەن نازانێت، نە لە پرسی پەیوەندیدار بە کێشەکانی کەنداو و نە لە پرسی پەیوەست بە ئیسرائیلدا.

**راستە ئێستا ناکۆکیی ئابووری هەیە لە نێوان ئەمریکا و چیندا، یان شەڕی بازرگانی هەیە، بەڵام تا ئێستا کەس نەبۆتە قوربانی. ئومێد دەکەین بتوانین بۆ هەردوولا رێگای بەرەوپێشچوون بدۆزینەوە**

**خەڵکی ناوچەکە خۆیان باشتر دەتوانن ئیدارەی کێشەکانیان بکەن و تاوەکو ئێمە باوەڕمان وابێت کە بە دەستێوەردانەکانمان کێشەکان چارەسەر دەکەین، لەو بوارەدا پێموایە کێشەی زیاتر دەخوڵقێنین و دۆخی ناوچەکەش خراپتر دەکەین**

# دیمانەی تایبەت



مایکڵ دێش پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری سەنتەری ئاسایشی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی نۆتردام، هەروەها دامەزرێنەری ئەنستیتیوتی سکۆکرافت بۆ کاروبارە نێودەوڵەتییەکان بووە. پێشتریش پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری سکوڵی پاتێرسۆن بۆ دیپلۆماسی و بازرگانیی نێودەوڵەتی بووە لە زانکۆی کێنتەکی. بە شێوەیەکی گشتی تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و ئاسایشی نێودەوڵەتی. گوڵان لە دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە دۆخی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

**مایکڵ دێش**

پڕۆفیسۆر و بەڕێوەبەری سەنتەری ئاسایشی نێودەوڵەتی لە زانکۆی نۆتردام بۆ گوڵان:

# سیاسەتی نێودەوڵەتی بە گۆڕانکارییەکی دراماتیکیدا تێدەپەڕێت

*** چ هەڵسەنگاندنێکتان هەیە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ و پێتانوایە رواڵەتە گشتییەکانی ئەم سیاسەتە چین؟**

- لە راستیدا ئەمە پرسیارێکی زۆر گەورەیە، هەندێ لەو بڕیارانەی کە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەریکردوون، یان پێدەچێت دەریان بکات، من هاوڕام لەگەڵیاندا، وەك بڕیاری کەمکردنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا، یان ئەفغانستان، کە پێموایە ئەمانە بڕیاری ئەرێنین. هەروەها گفتوگۆکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەتۆمی لە کۆریای باکوور هەنگاوی مانابەخشن. لە هەمان کاتدا دەتوانین بڵێین بە دڵنیاییەوە هەوڵەکانی بۆ ئەوەی هاوپەیمانە ئەوروپییەکان خەرجی زیاتری بەرگری بگرنەئەستۆ هەنگاوی راست و دروستن. بەڵام ئەو هەنگاوانەی من هاوڕام نیم لەگەڵیاندا بریتییە لە رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا، هەروەها من زۆر هاوڕا نەبووم لەگەڵ بڕیارەکەی بۆ گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تەل ئەبیبەوە بۆ قودس پێش ئەوەی گفتوگۆکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین بە دەرئەنجامی کۆتایی و یەکلاکەرەوە بگات. لەلایەکی دیکەوە پێموانییە سەرۆك ترەمپ زۆر سەرکەوتوو بووبێت لە ئەدای خۆی، مەبەستم ئەوەیە بە تێڕوانینی من ئەو زیاتر وەك بزنسمانێکی نیویۆرك رەفتاری کردووە، نەك وەك دەوڵەتمەدارێك.

*** هەندێ لە چاودێران و شرۆڤەکاران پێیانوایە سیاسەتێکی روونی دەرەکی بەدی ناکرێت کە ئیدارەی سەرۆك ترەمپ پیادەی بکات و بگرە هەندێ جار سیاسەتەکانی دژ بە یەکن، ئێوە تا چ رادەیەك لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا هاوڕان؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەوە راستە، واتە لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەوەی بە جێگیری ماوەتەوە، ئەوەیە کە فەلسەفەیەك یان چوارچێوەیەك لە ئارادا نییە کە داڕێژەری رەفتار و هەڵسوکەوتەکانی بێت.

*** بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەم ئیدارەیە و خودی ترەمپ زۆر باوەڕیان بە کارکردن نییە لە چوارچێوەی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا، هۆکار و**

**پێموانییە سەرۆک ترەمپ زۆر سەرکەوتوو بووبێت لە ئەدای خۆی، مەبەستم ئەوەیە بە تێڕوانینی من ئەو زیاتر وەک بزنسمانێکی نیویۆرک رەفتاری کردووە، نەک وەک دەوڵەمەتمدارێک**

**پاڵنەری سەرەکی ئەمە چییە و ئایا ئاکامەکانی چی دەبن؟**

- ئەوە ئاشکرایە کە لە پرسی کاری دیپلۆماسیی تاکلایەنانە و فرەلایەنانەدا، ئەوا زۆر خوازیاری کاری فرەلایەنی نییە. بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ناتۆوە هەبێت، ئەوا سەرۆك دۆناڵد ترەمپ پێیوایە بۆچی دەبێت ئەمریکا خەرجی بەرگریکردن لە وڵاتە ئەوروپییە دەوڵەمەندەکان لەئەستۆ بگرێت، لە کاتێکدا ڕەنگە ئەو وڵاتانە هێندەی ئەمریکا، ڕووسیا بە سەرچاوەی هەڕەشە نەزانن، چونکە ئەگەر وا نەبوایە، ئەوا بەو ئاستە بازرگانییان لەگەڵ ڕووسیا نەدەکرد و خەرجییەکی زیاتری بەرگریکردنیان لە ئەستۆ دەگرت.

*** لەلایەکی دیکەوە دەوترێت سیاسەتەکانی ئەمریکا بوونەتە هۆی لاوازکردنی سیستمی لیبراڵیی جیهانی، ڕاوبۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- بە تێڕوانینی من سیستمی لیبراڵیی جیهانی پێش هەڵبژاردنی دۆناڵد ترەمپیش بە دەست کێشەوە گرفتار بوو، تەنانەت ئەگەر هیلاری کلینتۆن-یش سەرکەوتبا لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەم سیستمە بێ کێشە نەدەبوو. هەرچۆنێك بێت، ئێمە لە نێوەندی گۆڕانکارییەکی دراماتیکیی پەیوەست بە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەژین و لە ئێستادا زۆرێك لە سیاسەتە ناوخۆییەکانی وڵاتان، بە ئەمریکاشەوە، هاوسۆز نین لەگەڵ سیستمی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، کە ئەمە حاڵەتەکە نەبووە لە ٢٠ ساڵ پێش ئێستادا. من پێموایە ئەمە دۆخەکە دەبێت بە چاوپۆشین لەوەی کێ سەرۆکی ئەمریکا دەبێت.

*** هەندێ لە ڕەخنەگران باس لەوە دەکەن کە ئەمریکا دەستی لە بەرپرسیارێتییە جیهانییەکەی و سەرکردایەتییە جیهانییەکەی هەڵگرتووە، ئایا ئێوەش هەمان بۆچوونتان هەیە؟**

- نەخێر، من پێموانییە ئەمە ڕاست بێت، چونکە پێگەی ئەمریکا لە دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەتەوە تاوەکو ئەم دواییە حاڵەتێکی دەگمەن و کاتی بوو، کە ئەمریکا بە ڕاددەیەکی گەورە باڵادەست بوو بەسەر زۆرێك لە وڵاتانی دیکەدا، بەڵام ئەوە دۆخێك نەبوو کە درێژە بکێشێت و باوەڕبوونیش بەوەی ئەم دۆخە بەردەوام دەبێت، پێچەوانەیە لەگەڵ هەموو شتێك کە ئاشناین پێی لە بارەی سیاسەتی هێزە مەزنەکانەوە. کەواتە باوەڕم بەوە نییە کە ڕەوا بێت باسی ئەوە بکەین ئەمریکا پاشەکشە لە سەرکردایەتییە جیهانییەکەی دەکات، هەروەها پێموایە کارێکی ناواقیعبینانەیە ئەگەر پێشبینیمان کردبێت کە ئەمریکا دەتوانێت بۆ هەتا هەتایە ئەم ئەدایەی هەبێت.

*** وەك بەڕێوەبەری سەنتەرێکی ئەمنی لە یەکێك لە زانکۆ گرنگەکانی جیهان ئایا چۆن وەسفی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەکەیت لە ئێستادا و ئایا پێتوایە دووبارە هێزە مەزنەکان کەوتوونەتە ململانێ لەگەڵ یەکتردا؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ حاڵەتە ئاساییەکەی سیاسەتی هێزە مەزنەکان، بەتایبەتی ئەگەر ئێمە ئەوە ڕووداوانە لەبەرچاو بگرین کە لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردودا ڕوویانداوە، هەرچەندە بە دڵنیاییەوە تەحەددیی جیاواز هەبوون، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم کە نەتوانین بەسەر ئەو تەحەددییانەدا زاڵ بین.

*** ئەی چۆن لە بڕیارەکانی ئەم ئیدارەیە دەڕوانیت لە ئاست هەندێ لە پرسەکانی پەیوەست بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، وەك سەپاندنەوەی سزاکان بە سەر ئێران و کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە؟**

- ئێمە دەزانین ئەوە لە دەرئەنجامی سەپاندنی سزاکانەوە بوو کە ئێران ڕازی بوو بە ئەنجامدانی ڕێککەوتنێك بۆ ڕاگرتنی پرۆگرامە ئەتۆمیەکەی، منیش دەڵێم ئەو ڕێککەوتنە بێ کەموکوڕی نەبوو، بەڵام لە سایەی ئەو هەلومەرجەی ئەو کاتەدا ئەوە باشترین دەرئەنجامێك بوو کە دەتوانرا بەدەست بهێنرێت. بەڵام ئاشکرایە کە سەرۆك ترەمپ و هەندێ لە کەسایەتییەکانی نێو ئیدارەکەی ڕازی نەبوون بەو ڕێککەوتنە و پەرۆش بوون بۆ ئەوەی ئەمریکا لێی بکشێتەوە، کە ئەم بڕیارەش ئەمریکا دەخاتە گۆشەیەکەوە، چونکە تۆ لە کاتی گفتوگۆکاندا سیاسەتی سزا و پاداشت دەگریتەبەر، کەچی ئەوەی ئیدارەی ترەمپ دەیکات، تەنیا سەپاندنی سزای ئابوورییە، لە هەمان کاتدا جیهان هاوڕا نییە لەگەڵ تێڕوانینە سلبییەکانی ئێمە لە ئاست ئێراندا. لە دەرئەنجامدا نەبوونی هاوکاریی ئەوروپییەکان، یان ڕووسی و چینییەکان دەبێتە هۆی لاوازکردنی کاریگەریی ئەم سزایانە.

*** بەڵام زۆر باس لەوە دەکرێت کە دەبێت ئەمریکا کار بکات بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی**

**سیستمی لیبراڵیی جیهانی پێش هەڵبژاردنی دۆناڵد ترەمپیش بە دەست کێشەوە گرفتار بوو، تەنانەت ئەگەر هیلاری کلینتۆن-یش سەرکەوتبا لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەم سیستمە بێ کێشە نەدەبوو**

**ئەوە لە دەرئەنجامی سەپاندنی سزاکانەوە بوو کە ئێران ڕازی بوو بە ئەنجامدانی ڕێککەوتنێک بۆ ڕاگرتنی پرۆگرامە ئەتۆمیەکەی، منیش دەڵێم ئەو ڕێککەوتنە بێ کەموکوڕی نەبوو، بەڵام لە سایەی ئەو هەلومەرجەی ئەو کاتەدا ئەوە باشترین دەرئەنجامێک بوو کە دەتوانرا بەدەست بهێنرێت**

**بەربەستی سەرەکی بۆ ئیحتیواکردنی دەستڕۆیشتووی ئێران، سەددام حوسێن بوو لە عێراقدا و ئێمەش کۆتاییمان بە دەسەڵاتەکەی هێنا و کاتێکیش شیعە دەسەڵاتیان گرتەدەست ئەوا کاریگەری ئێران بە شێوەیەکی دراماتیکی زیادی لە عێراقدا کرد**

**ئێران لـە ناوچەكـەدا، ئێـوە چۆن لـەم مەسـەلەیە دەڕوانـن؟**

- لـە راسـتیدا مـن دڵنیانیـم لـەوەی ئێمـە كارێكـی زۆرمـان پـێ بكرێـت لـەم رووەوە، ئێمـە دەزانیـن بەربەسـتی سـەرەكی بـۆ ئیحتیواكردنـی دەستڕۆیشـتووی ئێـران، سـەددام حوسـێن بـوو لـە عێراقـدا و ئێمـەش كۆتاییمـان بـە دەسـەڵاتەكەی هێنا و كاتێكیش شیعە دەسەڵاتیان گرتەدەست ئەوا كاریگـەری ئێـران بـە شـێوەیەكی دراماتیكـی زیـادی لـە عێراقـدا كـرد. لەلایەكـی دیكـەوە مـن پێموانییـە ئێمـە دەمانتوانـی كارێكـی زۆر بكەیـن بـۆ ئـەوەی رێگـە نەدەیـن ئێـران پشـتیوانی بەشـار ئەسـەدی بكردایـە لـە سـووریا، كـە ئێمـە دەزانیـن ئێـران و سـووریا بـۆ رۆژگارێكـی دوور و درێـژە پاڵپشـتیی حزبـوڵا دەكـەن. كەواتـە ئەمریـكا بژارەیەكـی زۆری لەبەردەستدا نییە، ئێمە لە ناوچەی كەنداو ویستمان چوارچێوەیـەك دروسـت بكەیـن بـۆ ئیحتیواكردنـی ئێـران، بـەڵام دوچـاری كێشـە و تەحـەددی بـووەوە، بەتایبەتـی كـە دەركـەوت قەتـەر هێنـدەی وڵاتانـی دیكە دژ بە ئێران نییە. هەروەها روونە كە سعودیە هاوپەیمانێكـی مایـەی كێشـەیە بـۆ ئەمریـكا، بـەو پێیە ئێمە دۆخەكەمان لەو ناوچەیەدا خراپتر كردووە نـەك باشـتر.

*** ئایـا پێتوایـە بارگرژییەكانـی ئێـران و ئەمریـكا زیاتـر هەڵكشـێن، بەتایبەتـی دوای ئـەوەی سـەرۆك ترەمـپ باسـی ئـەوەی كـرد كـە هێزەكانیـان بـۆ چاودێریكردنـی ئێـران لـە عێراقـدا جێگیـر دەكـەن؟**

- ئێمـە دەبێـت ئـەوە بزانیـن كـە ئەمریـكا هێزێكـی كەمـی لـە عێراقـدا هەیـە و ئـەم هێزانـەش سـەرقاڵی پشـتیوانیكردنی حكومەتـی عێراقـن بۆ بەردەوامیـدان بـە هەوڵەكانیـان لـە دژی داعـش، كەواتـە پێموانییـە بوونێكـی سـەربازی هێنـدە گەورەمـان هەبێـت لـە عێراقـدا كـە ببێتـە هەڕەشـە بـۆ سـەر ئێـران.

*** ئایـا پێتوانییـە بڕیـاری ئیـدارەی ئەمریـكا بـۆ كشـاندنەوەی هێزەكانـی لـە سـووریا ناكۆكـە لەگـەڵ ئامانجـی راگەیانـدراوی ئـەم ئیدارەیـە بـۆ كەمكردنـەوەی دەستڕۆیشـتوویی ئێـران لـە سووریادا؟**

- بەڵـێ و نەخێـر، بەڵـێ لـەو روانگەیـەوە كـە ئێمـە دەكشـێینەوە، بـەڵام هێشـتا رووسـیا و ئێـران لـەو وڵاتـەدا مـاون، بـەڵام دەبێـت ئـەوە بزانیـن كـە ئـەوان پێـش ئەمریـكا لـەو وڵاتـەدا بوونیـان هەبـوو، هەروەهـا سـووریا و رووسـیاش خوازیـاری ئـەوەن كـە ئێران بوونی هەبێت لـەو وڵاتـەدا. لەلایەكـی دیكـەوە ئێمـە دەزانیـن لـە بنەڕەتـدا ئەمریـكا بۆ بەرپاكردنـی شـەڕی دژ بـە داعـش لـە سـووریا بـووە و ئێرانیـش بـە شـێوەیەكی لـە شـێوەكان بەشداربووە لـەم شـەڕەدا لـە رێـی پشـتیوانیكردنی حكومەتەكـەی ئەسـەدەوە، كەواتـە ئـەوەی هەیـە دۆخێكـی سیاسـیی ئاڵـۆزە، لەبـەر ئـەوە مـن ناتوانـم بڵێـم ئـەوەی ئیـدارەی ترەمـپ كـردی دژ و پێچەوانەیـە لەگـەڵ ئامانجـە راگەیاندراوەكانیـدا.

*** یەكێـك لـە لایەنەكانـی دیكـەی سیاسـەتی دەرەوەی ترەمـپ بریتییـە لـە دەسـتهەڵگرتن لـە پرسـی پەرەپێدانـی دیموكراسـی و بنیاتنانـی نەتـەوە لـە دەرەوەی وڵاتەكـەی، لێكدانـەوەی ئێـوە بـۆ ئـەم مەسـەلەیە چییـە؟**

- پێموایـە هەوڵەكانی ئیدارەی جۆرج بوشی كوڕ- لـە میانـەی خولی دووەمـی سـەرۆكایەتییەكەیدا- بـۆ بڵاوكردنـەوەی دیموكراسـی و هەوڵەكانـی ئیـدارەی ئۆباما بۆ پاڵپشتیكردنی بەهاری عەرەبی هەرگیز ئەگـەری سـەركەوتنیان لـێ نەدەكـرا. چونكـە بـە دەگمـەن دەتوانیـن لـە دەرەوەڕا دیموكراسـی لـە وڵاتێكـدا بینێتـەدی. بەڵكـو دەبێـت دیموكراسـی لـە ناوخـۆی وڵاتەكـەدا بەرەوپێـش بچێـت و بگونجێـت لەگـەڵ سیاسـەت و ئابـووری و كەلتـوری وڵاتەكـەدا. كەواتـە بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەو راسـتییەی كـە هەوڵەكانـی ئەمریـكا لـەم رووەوە شكسـتیان هێنـاوە، ئـەوا بڕیـاری سـەرۆك ترەمـپ بـۆ دەسـتهەڵگرتن لـەم هەوڵانـە كارێكـی خـراپ نییـە بـە تێڕوانینـی مـن. لـەم روانگەیـەوە پێموانییـە دەسـتێوەردان، یـان بوونێكـی بەهێزتـری ئەمریـكا لـە ناوچـەی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ببێتـە هـۆی گۆڕێنـی واقیعەكـە بـە رادەیەكـی گـەورە و ئەمـەش پەنـد و وانـە گەورەكەیـە لـە مانەوەمـان لـە ئەفغانسـتان و عێراقـدا، چونكـە ئەمریـكا ناتوانێـت ئـەوە جێبەجـێ بكات كە خوازیارە و هەوڵەكانیشمان بەم ئاراستەیەدا كارێكـی ناواقیعبینانـە بـوو، چونكـە كاتێـك ویسـتمان رژێمـە خۆسـەپێنەكان لاواز بكەیـن لـە پێنـاو بـە دیموكراتیكردنـی ئـەو وڵاتـەدا، ئـەوا دەرئەنجامەكـە لـە دوو حاڵـەت بـەدەر نەبـوو، یـان گرووپەكانـی نزیـك بە ئێران دەسـەڵاتیان گرتەدەست، یان دەوڵەتەكە بـووە وڵاتێكـی شكسـتخواردوو، هەروەهـا پەناگـەی گرووپـە تیرۆریسـتییەكانی وەك داعـش.

**ئەمریكا هێزێكی كەمی لە عێراقدا هەیە و ئەم هێزانەش سەرقاڵی پشتیوانیكردنی حكومەتی عێراقن بۆ بەردەوامیدان بە هەوڵەكانیان لە دژی داعش، كەواتە پێموانیە بوونێكی سەربازی هێندە گەورەمان هەبێت لە عێراقدا كە ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ئێران**

**كاتێك ویستمان رژێمە خۆسەپێنەكان لاواز بكەین لە پێناو بە دیموكراتیكردنی ئەو وڵاتەدا، ئەوا دەرئەنجامەكە لە دوو حاڵەت بەدەر نەبوو، یان گرووپەكانی نزیك بە ئێران دەسەڵاتیان گرتەدەست، یان دەوڵەتەكە بووە وڵاتێكی شكستخواردوو، هەروەها پەناگەی گرووپە تیرۆریستییەكانی وەك داعش**

**هەوڵەكانی ئیدارەی جۆرج بوشی كوڕ- لە میانەی خولی دووەمی سەرۆكایەتییەكەیدا- بۆ بڵاوكردنەوەی دیموكراسی و هەوڵەكانی ئیدارەی ئۆباما بۆ پاڵپشتیكردنی بەهاری عەرەبی هەرگیز ئەگەری سەركەوتنیان لێ نەدەكرا. چونكە دەبێت دیموكراسی لە ناوخۆی وڵاتەكەدا بەرەوپێش بچێت و بگونجێت لەگەڵ سیاسەت و ئابووری و كەلتوری وڵاتەكەدا**

# ئیسلامی سیاسی لە تورکیا

**لە ساڵی ١٩٢٢ ئەتاتورک پرۆژەیەکی دایە پەرلەمان بە هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵات، لە ساڵی ١٩٢٤ خەلافەتی هەڵوەشاندەوە، وەزارەتی ئەوقافی کردە فەرمانگەیەک بەناوی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئایینی کە سەر بە سەرۆکایەتیی وەزیران بێت، دواتر سەرپۆشی قەدەخەکرد، کڵاوی لەجیاتی سیدارە سەپاند و بانگی بە زمانی عەرەبی قەدەخەکرد**

دوای ئەوەی مەغۆل لە ساڵی ٦٠٦دا دەستیان بەسەر پایتەختی دەوڵەتی عەباسیدا گرت، هەوڵیاندا رووبکەنە میسر و شام، بەڵام مەمالیك رووبەڕووی هێرشەکانیان بوونەوەو لە دەروازەکانی میسردا رایانگرتن، مەمالیك توانیان شام وەربگرنەوە، خەلافەتی عەباسییان لە میسرو شام راگەیاند، لەبەر ئەوەی کە مەغۆل لە بەغدا رووخاندبوویان، دوای رووخانی دەوڵەتی ئەیوبی دەوڵەتی مەمالیك بەهێز بوو، بەڵام لەبەرامبەردا دەوڵەتی عوسمانی رۆژ لەدوای رۆژ پێش دەکەوت و پەرەی دەسەند، هێزەکەیان رووی لە میسر کرد، تاکو خەلافەتی عەباسی لە مەمالیك بسەننەوە، بۆیە شەڕێکی سەخت لەنێوان عوسمانییەکان و مەمالیك لە ریدانیە روویداو مەمالیك بەزین. عوسمانییەکان (تۆمان بای)ی دواسوڵتانی مەمالیکیان لە سێدارەدا، حوکمی مەمالیك لە ساڵی ١٥١٧ کۆتایی هات، دواتر عوسمانییەکان خەلافەتی ئیسلامییان لە ئەستەنبوڵ راگەیاند، بەمەش سوڵتان سەلیمی یەکەم بوو بە خەلیفەی موسڵمانان، بنەچەی عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە بۆ عوسمان ئەرتغرولی کوڕی سلێمان شا، ئەو یەکەم کەس بوو لەنێو گەورانی خەڵکەکەیان بڕوای بە ئیسلام هێنا، لە شاری قەرەحەسار نیشتەجێبوون، دواتر دەسەڵاتیان فراوان کرد، کاتێ رووبەڕووی دەوڵەتی بێزەنتیی رۆمیی مەسیحی بوونەوە، شاری قوستەنتینیەیان داگیرکرد و لە سەردەمی محەمەد فاتح ناویان بۆ ئەستەنبوڵ گۆڕی، ئەم شارەش بوو بە پایتەختی دەوڵەت، عوسمانییەکان شەش سەدە حوکمیان کرد، قۆناخەکانی حوکمڕانیی دەوڵەتی عوسمانی بە کورتی بەم شێوەیە بوون:

١- قۆناخی سەرهەڵدان(١٣٠٠-١٤٥٣).

٢- قۆناخی هێز (١٤٥٣-١٥٧٩).

٣- قۆناخی لاوازی (١٥٧٩-١٦٨٣).

٤- قۆناخی هەرەس و رووخان (١٦٨٣-١٩٢٠).

زۆر زەحمەتە میراتێکی ئایینی کە تەمەنی شەش سەد ساڵە لەناو ببرێت، دەکرێ ئەم میراتە بزربێت، بەڵام لەناو نەچێت، بۆیە دەبینین لە هەموو قۆناخەکانی دەوڵەتی تورکیا چەند حزبێکی ئیسلامی بە ناوی جیاجیا پەیدا بوون، تا راستیی ئیسلامییەکەیان پێ بشارنەوە، هەندێکیان پەڕگیرن و هەندێکیشیان میانڕەون، بەڵام هەموویان سۆزیان بۆ رابردووی دێرین هەیە، واتا بۆ دەوڵەتی عوسمانی.

لێرەدا باسی مێژووی دەوڵەتی عوسمانی ناکەم، ئەمە بوارێکی فراوانە، بەڵام جەخت دەکەمەوە لەسەر قۆناخەکانی پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسی دوای رووخانی خەلافەت، پێویستیشە باس لە سەرەتاکەی بکەین، تا خوێنەر ئاگاداری پەیوەندیی نێوان رابردوو و ئێستا ببێت.

کاتێك ئەتاتورك توانی ئەوروپییەکان لە دەرەوەی تورکیا بهێڵێتەوە لە شەڕی سەربەخۆیی لەنێوان (١٩١٩-١٩٢٢)، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٢٢ ئەتاتورك پرۆژەیەکی دایە پەرلەمان بە هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵات، لە ساڵی ١٩٢٤ خەلافەتی هەڵوەشاندەوە، وەزارەتی ئەوقافی کردە فەرمانگەیەك بەناوی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئایینی کە سەر بە سەرۆکایەتیی وەزیران بێت، دواتر سەرپۆشی قەدەخەکرد، کڵاوی لەجیاتی سیدارە سەپاند و بانگی بە زمانی عەرەبی قەدەخەکرد، لە ساڵی ١٩٢٨ ئەو ماددە دەستوورییەی هەڵوەشاندەوە کە دەڵێت: (ئایین لە دەوڵەتی تورکیا ئیسلامە) و تورکیای ئیسلامیی عوسمانی گۆڕی بۆ دەوڵەتی عەلمانی بەپێی یاسای سویسری، جا بۆ ئەوەی هەموو پەیوەندییەك بە خەلافەتی



**د.عەرەفات کەرەم ستونی**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

عوسمانییەوە ببڕێت، لە ساڵی ١٩٢٣ پایتەختی لە ئەستەنبوڵەوە گواستەوە بۆ ئەنکەرا، کار گەیشتە ئەوەی کە دواشێخی ئیسلام-زاراوەیەکە بە موفتیی گەورەی خەلافەت دەگوترێت، وەك زاراوەی سەدری ئەعزەم بۆ سەرۆك وەزیران- محەمەد نوری ئەفەندی ئەلمەدەنی، لە سەردەمی دواسوڵتانی دەوڵەتی عوسمانی (محەمەد وەحیدەدینی شەشەم) لە ئەستەنبوڵی پایتەختی خەلافەتی عوسمانی، فتوایەك دەربکات و تێیدا ئەتاتورك و لایەنگرانی بە خیانەتکار و لادەر لە دەسەڵاتی شەرعی وەسف بکات، بەڵام لە بەرامبەردا موفتیی ئەنکەرا فتوایەکی دەرکرد، بە پشتیوانیی ١٥٢ موفتی کە ئەو فتوایەی شێخی ئیسلام پووچەڵ دەکاتەوە، بەم جۆرە ئەتاتورك بەسەر نەیارەکانیدا سەرکەوت، بەمەش سوڵتان هەڵاتە ئیتاڵیا و لە شاری سان ریمۆ لە ساڵی ١٩٢٦ کۆچی دوایی کرد، شێخەکانی ئیسلام لەنێو خەلافەتی عوسمانی هەوڵیاندا خۆڕاگربن لەبەردەم کەمالییەکان، بەڵام خۆیان لەبەردەم شیخانی ئەنکەرا پێ رانەگیرا، لەوانەش شێخی ئیسلام مستەفا سەبری ئەلتوقادی کە تورکیای جێهێشت و لە میسر گیرسایەوەو لە ساڵی ١٩٥٤ کۆچی دوایی کرد. لە کوردستانی تورکیاشدا شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ دژی کەمالییەکان بەرپا بوو، بەڵام دامرکایەوە و شێخ سەعیدی پیران لە هەمان ساڵدا لەسێدارە درا، بەڵام شێخ سەعید نەورەسی رازی نەبوو کە رووبەڕووی هێزی سەربازیی ئەتاتورك ببێتەوە، لەبەر پارێزگاریکردن لە گیانی خەڵکەکە و رێگەی ئاشتی و پەروەردە و خوێندن و تەسەوفی هەڵبژارد.

دوای ئەوەی ئەتاتورك دەستی گرت بەسەر هەموو جومگەکانی دەوڵەت رێگەی بە فرەیی سیاسیدا، لە ساڵی ١٩٢٤ حزبی پێشکەوتنخوازی کۆماری دامەزرا، بەڵام هەڵوەشایەوەو گۆڕەپانەکە بۆ خۆی و حزبەکەی، حزبی گەلی کۆماری مایەوە، تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، ئەتاتورکیش لە ساڵی ١٩٣٨ کۆچی دوایی کرد، دوای پێنج ساڵ پەرلەمانی تورکیا نازناوی ئەتاتورکی پێ دا، واتا باوکی تورك، دواتر عیسمەت ئەنینۆ هات، لە ساڵی ١٩٤٥ عیسمەت ئەنینۆ رێگەی دا، حزب پێکبهێنرێت، جەلال بایار لە ساڵی ١٩٤٦ حزبی دیموکراتی دامەزراند، لە ساڵی ١٩٥٠ حزبی دیموکراتی سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا، جەلال بایار بوو بە سەرۆك کۆمار، عەدنان مندریس بوو بە سەرۆك وەزیران، حکومەتیش پێکهات، لە سەردەمی عەدنان مندریس بۆ یەکەم جار حکومەت رێگەی دا، بانگ بە زمانی عەرەبی بدرێت و چەند پەیمانگای ئایینیش کرایەوە، بەم جۆرە کرانەوەو گرنگیدان بە گەڕانەوە بۆ ژیانی ئایینی هاتەئاراوە کە لە سەردەمی ئەتاتورك یاساخ بوو، بۆیە حزبەکە جارێکی دیکە سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٤، حزبی گەلی کۆماریش خراپ دۆڕاندی، بۆیە حزبی دیموکراتی بەتەنیا حکومەتی پێکهێنا. عەلمانییەکان پێیان وابوو شێخ سەعید نەورەسیی کوردی و نامە بەربڵاوەکانی (نامەکانی نور) لەپشت سەرکەوتنی مندریسەوەیە، زۆر بە بڕیارەکانی حکومەتی مندریس تەنگەتاو بوون، چونکە کودەتایەك بوو بەسەر پرەنسیپەکانی دەوڵەتی عوسمانی کە ئەتاتورك دایمەزراند. لە ساڵی ١٩٦٠ سوپا کودەتای کرد، پەرلەمان و حکومەتیان هەڵوەشاندەوە، لە ١٩٦٠دا عەدنان مندریس سەرۆك وەزیران و فوتەین روشدی زۆرلو و حەسەن بولاتکان وەزیری داراییان لەسێدارە دا، نە لەسێدارەدانی ئەوان و نە وەفاتی شێخ

**شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ دژی کەمالییەکان بەرپا بوو، بەڵام دامرکایەوە و شێخ سەعیدی پیران لە هەمان ساڵدا لەسێدارە درا، بەڵام شێخ سەعید نەورەسی رازی نەبوو کە رووبەڕووی هێزی سەربازیی ئەتاتورك ببێتەوە، لەبەر پارێزگاریکردن لە گیانی خەڵکەکە و رێگەی ئاشتی و پەروەردە و خوێندن و تەسەوفی هەڵبژارد**

**لە سەردەمی عەدنان مندریس بۆ یەکەم جار حکومەت رێگەی دا، بانگ بە زمانی عەرەبی بدرێت و چەند پەیمانگای ئایینیش کرایەوە، بەم جۆرە کرانەوەو گرنگیدان بە گەڕانەوە بۆ ژیانی ئایینی هاتەئاراوە کە لە سەردەمی ئەتاتورک یاساخ بوو**

**لە ساڵی ١٩٩٦ ئەربەکان راسپێردرا بۆ پێکهێنانی حکومەت، بەڵام ئەربەکان بە داناییەوە مامەڵەی لەگەڵ ژینگەکەی تورکیادا نەکرد، دژی پرنسیپەکانی دەوڵەتی عەلمانی وەستایەوە، تا دادگای دەستووری بڕیاریدا حزبەکەی هەڵوەشێنێتەوە، دواتر دەستی لە کار کێشایەوە**

**ئەردۆغان لەگەڵ عەبدوڵا گولی هاوڕێی حزبی دادو گەشەپێدانیان لە ساڵی ٢٠٠٢ دامەزراند، ٥١ کەس لە حزبی هەڵوەشاوەی فەزیلە و ١٨ی حزبی بەختەوەری کە درێژکراوەی حزبی فەزیلەی ئەربەکان بوو، هاتنە ناو حزبی دادو گەشەپێدان، ئەربەکان ئەم هەنگاوەی لە گول و ئەردۆغان بە یاخیبوون لە مامۆستای سەرۆک (باوکی ئیسلامی سیاسی لە تورکیا) لە قەڵەم دا**

سەعید نەورەسی لە هەمان ساڵدا- کە لەشوێنێکی نادیار بەخاك سپێردرا و کەس گۆڕەکەی پێ نازانێت- کۆتایی رۆڵی ئەوان بوو، دوای مردنیشی نامەکانی نوری شێخ نەورەسی کە قەدەخە کرابوون، لە سەرتاسەری تورکیا بڵاو دەبووەوە. دوای سەرکەوتنی کودەتایەکە دەستوورێکی نوێ دارێژدرا و گەلیش لە هەمان ساڵدا دەنگیان پێ دا، ژەنەراڵ جەمال گورسیل کە کودەتاکەی کردبوو، بووە سەرۆك کۆمار، عیسمەت ئەنینۆش بوو بە سەرۆك وەزیرانی ئیئتلافی لەگەڵ حزبی دادپەروەریی سلێمان دیمیریل — کە درێژکراوەی حزبی دیموکراتی- بوو، بەڵام وەزارەتەکەی شکستی هێنا، جارێکی دیکە لەگەڵ حزبی جووتیارانی کۆماری پێکیهێنا، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٦٩دا حزبی دادپەروەریی سلێمان دیمیریل سەرکەوتنی بەدەست هێناو بە تەنیا حکومەتی پێکهێنا. لە سەردەمی ئەودا تورکیا کەوتە نێو ئاژاوە و بێسەروبەرییەکی ئەمنییەوە، ئەمەش وای کرد سوپا دەستێوەردان بکات، یاداشتنامەیەکیان دایە دیمیریل تایبەت بە پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز بۆ پاراستنی سەلامەتی و ئاسایشی تورکیا، بەڵام سلێمان دیمیریل دەست لە کارکێشانەوەی خۆی پێشکەش کرد، ئەوە بوو سوپا حوکمڕانیی گرتە دەست، کە بە کودەتای یاداشتنامە ناسراوە، لە ساڵی ١٩٧٣ هەڵبژاردن بۆ رادەستکردنی دەسەڵات بۆ مەدەنی ئەنجامدرا، نەجمەدین ئەربەکان باوکی ئیسلامی سیاسی لە تورکیا داوای لە حزبی دادپەروەری کرد کە خۆی لە ریزەکانی کاندید بکات، بەڵام داواکەی رەتکرایەوە، ئەوە بوو لە شاری قۆنیا خۆی کاندیدکرد، وەك نوێنەرێکی بێلایەن، لە ساڵی ١٩٧٠ نەجمەدین ئەربەکان حزبی سیستەمی نیشتمانی دامەزراند، بەڵام لەلایەن دادگای دەستوورییەوە لە ١٩٧١ هەڵوەشێنرایەوە، لەبەر ئەوەی سەرپێچیی بنەماکانی عەلمانییەتی دەکرد، دواتر سلێمان ئیمری سەرکردایەتی کرد، ئەربەکان بە نهێنی کاری دەکرد، لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٧٣ حزبەکەی ئەربەکان بە ٤٨ کورسی سەرکەوت، بولنت ئەجاوید سەرۆکی حزبی گەل لەگەڵ حزبی سەلامەتی نیشتمانیی ئەربەکاندا حکومەتێکی ئیئتلافییان پێکهێنا، بەڵام هەرەسی هێنا، ئەجاوید دەستی لە کار کێشایەوە، سلێمان دیمیریل سەرۆکی حزبی دادپەروەری حکومەتی لەگەڵ حزبی ئەربەکان پێکهێنا تا هەڵبژاردنەکانی ١٩٧٧، کە حزبی گەل سەرکەوت و لە ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ حزبەکانی دیکە حکومەتیان پێکهێنا، بەڵام حکومەتێکی لاواز بوو و دە وەزیریان دەستیان لەکار کێشایەوە، لە ساڵی ١٩٨٠ سوپا کودەتایەکی بە سەرۆکایەتیی کەنعان ئیفرین ئەنجامدا و ئەجاویدیان لە سەرۆکایەتیی حزبی گەلی کۆماری لادا، کەنعان ئیفرین لە ساڵی ١٩٨٢ بوو بە سەرۆك کۆمار، تا ساڵی ١٩٨٩ لەو پۆستەدا مایەوە، دواتر کودەتاچییەکان حکومەتێکیان بە سەرۆکایەتیی ئەدمیرالی خانەنشین بولند ئۆلسۆ پێکهێنا، تورکت ئۆزال بوو بە جێگر، تا ساڵی ١٩٨٣ کە هەڵبژاردن کرا، بەردەوام بوو. تورکت ئۆزال حزبی نیشتمانی دامەزراند تا بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکات، تورکت سەرکەوتنێکی چاکی بەدەستهێنا، بوو بە سەرۆك وەزیران، یەکەم سەرۆکیش بوو کە حەج بکات و نوێژی هەینی بکات.

ئۆزال هەوڵیدا کەمالییەت و ئیسلام لێك نزیك بکاتەوە، داوای هەڵبژاردنی پێشوەختەی کرد، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٨٧ کراو جارێکی دیکە سەرکەوت و بوو بە سەرۆك کۆمار، یەلدیریم ئاق بولوتی بە سەرۆکی حزب و سەرۆك وەزیران هەڵبژارد، ئۆزال تا لە ساڵی ١٩٩٣ کۆچی دوایی کرد هەر لەو پۆستەدا مایەوە، حزبی نیشتمان جیابوونەوەی تێکەوت و بوو بە دووبەشەوە، یەکێکیان رێگای راست کە ئاراستەیەکی ئیسلامی هەبوو بە سەرۆکایەتیی سلێمان دیمیریل، دووەمیان نیشتمانی دایکی لیبڕاڵ کە مەسعود یەلماز سەرۆکی بوو، لە ساڵی ١٩٩١ نەجمەدین ئەربەکان لە بەندیخانە ئازادکرا، حزبی رەفای دامەزراند، کادیرانی حزبی نیشتمان هاتنە ناویەوە، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩١دا حزبی رێگەی راست پلەی یەکەمی هێناو حکومەتێکی ئیئتلافی پێکهێنا بە سەرۆکایەتیی سلێمان دیمیریل تا ساڵی ١٩٩٣، کە دوای مردنی تورکت ئۆزال بە سەرۆك هەڵبژێردرایەوە و سەرۆکایەتیی حزبەکەشی بۆ تانسۆ چیلەر بەجێهێشت، لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٥ حزبی رەفاه بە سەرۆکایەتیی ئەربەکان سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام مەسعود یەلماز رەتیکردەوە کە لە حکومەتە ئیئتلافییەکەی بەشدار بێت، لەگەڵ تانسۆ چیلەر هەماهەنگی کرد بۆ دوورخستنەوەی ئەربەکان، بەڵام هاوپەیمانیی نێوانیان سەری نەگرت، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٩٦ ئەربەکان راسپێردرا بۆ پێکهێنانی حکومەت، بەڵام ئەربەکان بە داناییەوە مامەڵەی لەگەڵ ژینگەکەی تورکیادا نەکرد، دژی پرنسیپەکانی دەوڵەتی عەلمانی وەستایەوە، تا دادگای دەستووری بڕیاریدا حزبەکەی هەڵوەشێنێتەوە، دواتر دەستی لە کار کێشایەوە، سەرۆك کۆمار سلێمان دیمیرل مەسعود یەلمازی سەرۆکی حزبی نیشتمانی دایکی راسپارد بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەوەی پەیوەستە بە ئەربەکان لە ساڵی ١٩٩٧ حزبی فەزیلەی دامەزراند و جارێکی دیکە لەلایەن دادگای دەستوورییەوە لە ٢٠٠١ هەڵوەشێنرایەوە، لەبەر بیروبۆچوونی توندڕۆی ئیسلامی و ناکۆکی لەگەڵ بنەماکانی عەلمانی و کەمالیدا، لە ساڵی ٢٠٠٣ حزبی بەختەوەری دامەزراند، رەجائی کوتان سەرۆکایەتیی کرد، دیارە عەبدوڵا گول و ئەردۆغان گەیشتنە قەناعەت کە بەرنامەی ئەربەکان بۆ سەرکردایەتیکردنی تورکیای عەلمانی دەست نادات، چونکە هەرکاتێ حزبێکی دامەزراندبێت، هەڵوەشاوەتەوە و قەدەغە کراوە.

ئەردۆغان لەگەڵ عەبدوڵا گولی هاوڕێی حزبی دادو گەشەپێدانیان لە ساڵی ٢٠٠٢ دامەزراند، ٥١ کەس لە حزبی هەڵوەشاوەی فەزیلە و ١٨ی حزبی بەختەوەری کە درێژکراوەی حزبی فەزیلەی ئەربەکان بوو، هاتنە ناو حزبی دادو گەشەپێدان، ئەربەکان ئەم هەنگاوەی لە گول و ئەردۆغان بە یاخیبوون لە مامۆستای سەرۆك (باوکی ئیسلامی سیاسی لە تورکیا) لە قەڵەم دا، لەگەڵ ئەوەی کە عەبدوڵا گول کاتێ سەرۆك کۆمار بوو لێبوردنێکی سەرۆکایەتی دەرکرد و لە ساڵی ٢٠٠٨ لەبەر تێکچوونی باری تەندروستی ئازاد کرا، لە ساڵی ٢٠٠١ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بە سکرتێری گشتی حزب هەڵبژێردرا، لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢ حزبی دادو گەشەپێدان سەرکەوتنی بەدەستهێنا، کەچی حزبی بەختەوەری نەچووە پەرلەمانەوە، چونکە ڕێژەی ١٠٪ی تێنەپەڕاند، حکومەت بە سەرۆکایەتیی عەبدوڵا گول پێکهێنرا، ئەردۆغان ئەندام بوو لە حزبی سەلامەتی نیشتمانی بە سەرۆکایەتیی ئەربەکان لە ساڵی ١٩٧٢، دواتر لە حزبی ڕەفاه، ئینجا فەزیلە، تا بووە سەرۆکی لقی ڕەفاه لە ئەستەنبوڵ لە ساڵی ١٩٨٥، دواتر عومدەی ئەستەنبوڵ(١٩٩٤-١٩٩٨)، ئینجا سەرۆك وەزیران بۆ سێ جار(٢٠٠٣-٢٠٠٧) دواتر ساڵی (٢٠٠٧-٢٠١١) دواجار ساڵی (٢٠١١-٢٠١٤)، دوای ئەوە لە ساڵی ٢٠١٤ بە سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرا، حزب توانی کۆنترۆڵی کودەتا شکستخواردووەکەی ساڵی ٢٠١٦ بکات، کە ئەمەش گەورەترین تەحەددی بوو کە لە مێژوویدا ڕووبەڕووی حزب بۆتەوە، لە ساڵی ٢٠١٧دا حزبی دادو گەشەپێدان پرۆژەیەکی دایە پەرلەمان بە گۆڕینی سیستەمی پەرلەمانی بۆ سیستەمی سەرۆکایەتی بە شێوەیەك سەرۆك ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت، نەك لە پەرلەمان، دواتر لە ڕاپرسییەکی میللی پەسند بکرێت، تورکت ئۆزال و سلێمان دیمیریل هەوڵیاندا پرۆژەیەکی وەك ئەمە پێشکەش بکەن، بەڵام هەلومەرجی ئەوکاتە لەبار نەبوو، ئەم سیستەمە شەرعییەتی زیاتر دەدات بە سەرۆك کە چاکسازیی فراوان بکات، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨دا ئەردۆغان بوو بە سەرۆك کۆمار دوای کشانەوەی عەبدوڵا گول لە ڕکابەرییەکە، حزبی دادو گەشەپێدان ڕێچکەی تورکت ئۆزالی گرتەبەر بە کۆکردنەوەی عەلمانییەت و ئیسلام، چونکە وانەو پەند و ئەزموونی زۆری لە مێژووی تورکیا وەرگرت، ئەوەی بۆ ئیسلامییەکان ڕوویدا بەتایبەتیش سەرۆکی حزبی دیموکراتی عەدنان مندریس و دواتر بۆ ئەو حزبانەی کە باوکی ئیسلامی سیاسی نەجمەدین ئەربەکان دایمەزراندن لە قەدەغەکردن و هەڵوەشانەوە، دەکرێ نموونەی حزبی دادو گەشەپێدان بە عەلمانیی ئیسلامی ناوزە دبکەین، ئەم حزبە بە دۆخی جیابوونەوەی نهێنیدا تێدەپەڕێت، هەروەها ڕووبەڕووی تەحەدیگەلێکی گەورەو کێشەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دیبلۆماسی دەبێتەوە، ئەمەش کاریگەریی زۆر دەکاتە سەر ئایندەی حزبەکە و پێگەیان لە دەوڵەت، ساغ بۆتەوە کە عەبدوڵا گول حزبێکی سیاسیی تازە بە سەرۆکایەتی عەلی باباجان دادەمەزرێنێت، تا ئەو حزبە ئەندامان و وەزیران و پەرلەمانتارانی حزبی دادو گەشەپێدان بگرێتەخۆ کە هاوڕێی ئەردۆغان بوون، ئەم حزبە هەوڵدەدات لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢٣ سیستەمی سەرۆکایەتی بۆ سیستەمی پەرلەمانی بگۆڕێت.

ئەگەر نەجمەدین ئەربەکان باوکی ئیسلامی سیاسی بووبێت، ئەوا فەتحوڵا گولەن باوکی ئیسلامی کۆمەڵایەتییە، گولەن بە تەسەوف کاریگەر بوو، بە تایبەتیش بە نامەکانی سەعید نەورەسی، ئەو لە ساڵی ١٩٧٠ بزووتنەوەی ئیسلامیی کۆمەڵایەتی دامەزراند، جەختی دەکردەوە لەسەر چاکسازیی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەو دیالۆگی ئایینەکان، موحازەرەیەکی ئەو بە دەنگ کێشەیەکی لەگەڵ حکومەتدا بۆ دروستکرد، کە تێیدا گوتبووی، ئەو بە هێمنی کاردەکات (بۆ گۆڕینی سیستەمی تورکیا لە سیستەمی عەلمانییەوە بۆ سیستەمی ئیسلامی)، لە ساڵی ١٩٩٩ دادگای تورکیا لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرد، تایبەت بە بۆچوونە سیاسییەکانی کە لە موحازەرەکانیدا باسی دەکردن، بەڵام سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتە بولەنت ئەجاوید هاتە ناو کێشەکەوە و چارەسەری کرد، ئەمەش لەبەر کاریگەریی زۆری لە ناوەوەو دەرەوەدا، هاوکات دەستکەوتە گەورەکانی لە جیهانداو دەمارگیریی نەتەوەیی تورکی، ئەو پیاوە لەگەڵ بەرزیی پلە ئایینییەکەشیدا، بەڵام وازی لە دەمارگیریی نەتەوەیی تورکی نەهێنا، دواتر لەسەردەمی سەرۆکی تورکیا سلێمان دیمیریلدا، سەرۆك ئاگادارییەکی توندی بۆ نارد کە تێیدا هاتبوو: (نابێ پیاوی ئایینی تەماعکاریی سیاسیی هەبێت)، لەگەڵ حکومەتیشدا کێشەکانی هەر درێژەیان هەبوو، لە ساڵی ٢٠٠٠ بە گۆڕینی سیستەمی عەلمانی تۆمەتبار کرا، لە دادگا مایەوە تا لە ساڵی ٢٠٠٦ دواتر بێ تۆمەت ئازادکرا، لە ساڵی ٢٠٠٩ بە قسەی خۆی بۆ چارەسەری نەخۆشی ڕووی کردە ئەمریکا، دوای هەوڵدانێکی زۆر توانی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی لە ساڵی ٢٠٠٨ لە ویلایەتی بنسلڤانیا وەربگرێت، فەتحوڵا گولەن لە ساڵی ٢٠٠٣ پشتگیریی ئەرۆدغانی دەکرد، لە ساڵی ٢٠١٣ بە هۆی ناکۆکیی نێوانیانەوە چیدیکە پشتگیریی نەکرد، لە کودەتاکەی ساڵی ٢٠١٦ ئەردۆغان فەتحوڵا گولەنی تۆمەتبارکرد کە لە پشت کودەتاکەوە بووە، گولەنیش نکوڵی لەمە کرد، بۆیە ئەردۆغان داوا لە ئەمریکا دەکات، ڕادەستی بکاتەوە، بەڵام ئەمریکا ئەمە ڕەتدەکاتەوە.

**عەبدوڵا گول حزبێکی سیاسیی تازە بە سەرۆکایەتی عەلی باباجان دادەمەزرێنێت، تا ئەو حزبە ئەندامان و وەزیران و پەرلەمانتارانی حزبی دادو گەشەپێدان بگرێتەخۆ کە هاوڕێی ئەردۆغان بوون، ئەم حزبە هەوڵدەدات لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢٣ سیستەمی سەرۆکایەتی بۆ سیستەمی پەرلەمانی بگۆڕێت**

**ئەگەر نەجمەدین ئەربەکان باوکی ئیسلامی سیاسی بووبێت، ئەوا فەتحوڵا گولەن باوکی ئیسلامی کۆمەڵایەتییە، گولەن بە تەسەوف کاریگەر بوو، بە تایبەتیش بە نامەکانی سەعید نەورەسی، ئەو لە ساڵی ١٩٧٠ بزووتنەوەی ئیسلامیی کۆمەڵایەتی دامەزراند**

**فەتحوڵا گولەن لە ساڵی ٢٠٠٣ پشتگیریی ئەرۆدغانی دەکرد، لە ساڵی ٢٠١٣ بە هۆی ناکۆکیی نێوانیانەوە چیدیکە پشتگیریی نەکرد، لە کودەتاکەی ساڵی ٢٠١٦ ئەردۆغان فەتحوڵا گولەنی تۆمەتبارکرد کە لە پشت کودەتاکەوە بووە، گولەنیش نکوڵی لەمە کرد، بۆیە ئەردۆغان داوا لە ئەمریکا دەکات ڕادەستی بکاتەوە، بەڵام ئەمریکا ئەمە ڕەتدەکاتەوە**



**دکتۆر یوسف ئەحمەد چۆمانی**

**وتارخوێن و مامۆستای کۆلێژی شەریعە لە زانکۆی سەلاحەدین:**

# ئاشتیخوازی و باوەڕبوون بە پێکەوەژیان بۆتە ناسنامەی میللەتی ئێمە

**پێکەوەژیان و لێبووردەیی ئایینی مێژوویەکی قووڵی لە ناو گەلی کوردستاندا هەیە، هەر ئەمەش لەسەر پتەوکردنی گیانی تەبایی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی ڕەنگدانەوەی هەبووە، بۆ قسەکردن لەسەر ڕۆڵی مامۆستایان و زانایانی ئیسلامی لەسەر دەوڵەمەندکردنی ئەم کولتوورە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر یوسف ئەحمەد سەعید چۆمانی کرد، کە خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە فیقهی بەراوردکاری لە زانکۆی بەغدا، لە کۆلێژی شەریعە لە زانکۆی سەلاحەدین-یش وەکو مامۆستا وانە دەڵێتەوە، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** ئەو لێبووردەییەی کوردستان کە شانازی پێوە دەکەین، لەهیچ وڵاتێکی دیکەی ئیسلامیدا بوونی نییە، چۆن لەم گیانی پێکەوەژیان و لێبووردەییە ئایینییە دەڕوانن؟**

- بەناوی خەوای گەورە. سەرەتا من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، کە خۆم جارێکیان پرسیارێکم لە مامۆستا عەبدولکەریمی بیارە کرد، کە موفتیی عێراق بوو، خزمەتی زۆریشی بە زمان و ئەدەبی کوردی و میللەتی کورد کردووە، لێم پرسی زۆر باسی گفتوگۆی نێوان ئایینەکان دەکرێت، ئێوە بۆچوونتان چییە لەم بارەیەوە؟ لە وەڵامدا وتی: «گفتوگۆی نێوان ئایینەکان پیلانێکە لە دژی ئایینی ئیسلام، لەبەر ئەوەی ئیسلام بۆ خۆی داوای لێبووردەیی و پێکەوەژیان دەکات». ئەوەی پەیوەست بێت بە کوردستانەوە ئەوا من زۆر سەرسامم بەو لێبووردەییە ئایینییەی لە کوردستان هەیە، بۆ نموونە: هەولێر بەڵگەیەکە لەم ڕووەوە کە چەندین نەتەوە و ئایینی جیاواز لەم شارەدا هەن و پێشوازیشیان لە هەموویان کردووە. من دووپاتی دەکەمەوە ئەو لێبووردەییەی لە کوردستاندا هەیە، نموونەیەکە لە هەموو جیهاندا تاکە، کوردیش خۆی پێشوازی لە ئیسلام کردووەو بە زەبری شمشێر نەبووە، ئەمەش ئەوپەڕی بەرەوپێشچوونی فیکری و ئیمانییە و بەڵگەی ئاشتیخوازیی ئەم میللەتەیە و ئاماژەیە بەوەی، ئەم میللەتە دەتوانن لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەش بژین.

*** کەواتە ئایا ئەم تەساموح و لێبووردەییە ئایینییە بۆ ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی نێوان کورد و ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەگەڕێتەوە؟ واتە دەکرێت بڵێین کورد تەنها نەتەوەیە کە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە پێشوازیی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام کردووە و چەندین زانای گەورەی تیدا هەڵکەوتووە، ئایا ئەو نهێنییە چییە کە کورد بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە و ئارەزوومەندانە پێشوازیی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام کردووە؟**

- لە ڕاستیدا من دەتوانم بەو شێوەیە وەسفی زانایانی ئایینی ئیسلام بکەم، کە ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان و گیانی پێکەوەژیانیان پاراستووە، بۆ نموونە: ئێمە لە کۆلێژی شەریعە بووینەتە فلتەری فیکری ئیرهابی، واتە ڕەنگە هەندێ جار ئەو قوتابییەی دێتە کۆلێژ لە سەرەتادا جۆرە بیرکردنەوەیەکی هەبێت و بە حەمماس بێت، بەڵام ئێمە بە شێوەیەك کاریان لەسەر دەکەین کە چیدی بۆچوونی توندڕەوانەیان نەبێت. لە ڕابردووشدا هەر وابووە و هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە ڕێز لە مامۆستای ئایینی گیراوە، ئەوەتا باپیرەی من کە لە دوورترین گوندی سەر سنووری تورکیا (شۆڕێ) مەلا بووە، کاتێك غەدری

**پێشتر مامۆستایانی ئایینی یەک ئاراستەیان هەبوو کە بریتی بووە لە هەوڵدان بۆ خزمەتکردنی ئایین و میللەتەکەی خۆیان، بەڵام ئێستا بەهۆی دابەشبوونی مامۆستایان بەسەر ئاراستە سیاسییە جیاوازەکان، ئەوە گۆڕانی بەسەداهاتووە**

**گوتاری کاکە مسعود بارزانی لە کاتی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان گوتارێکی بەرز بوو، کە دووپاتتی کردەوە ئێمە میللەتێکی ئاشتیخوازین و باوەڕمان بە پێکەوەژیان هەیە، ئەمەش ناسنامەی نەتەوەیی ئێمەیە**

لێکراوە، هانای بردووەتە بەر بارەگای بارزانی و سکاڵای تۆمار کردووە، کە دواتر ئەو کەسە دەستگیرکراوە و دواتر باپیرم چۆتە لای مەلا مستەفا و داوای لێکردووە لێی خۆش بێت، ئەویش پێی وتوە لەبەر تۆ نەبوایە، لێی خۆش نەدەبووم، واتە ئێوە بڕوانن چۆن مەلا مستەفای بارزانی پێگەی مەلاکانی ڕاگرتبوو.

*** لە مێژووی کورد و ئیسلامدا چەندین زانا و بیرمەندی گەورەی کورد لەناو زانستی ئیسلامدا هەڵکەوتوون و توانیویانە داهێنانی گەورە بکەن، بۆ نموونە: خانی و مەلای جەزیری و مەولەوی و نالی و مەولانا خالیدی نەقشبەندی، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، بۆچی لە ئێستادا ئەو بیرمەندە گەورانە دروست نابنەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئێستاش ئێمە کەسایەتیی بە ناوبانگمان هەیە، کە توانیویانە خزمەتی میللەتی کورد بکەن، وەك خوالێخۆشبوو (مستەفا زەڵمی) کە پێگەیەکی گەورەی هەبووە و هەیە، هەروەها دکتۆر عوسمان محەمەد غەریب هەڵەبجەیی کە دەتوانین پێی بڵێین، شافیعیی دووەم و زانایەکی پایەبەرزە و خزمەتێکی گەورەی زمانی کوردی و عەرەبی و مێژووی کردووە. هەروەها دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە پێشتر مامۆستایانی ئایینی یەك ئاراستەیان هەبوو کە بریتی بووە لە هەوڵدان بۆ خزمەتکردنی ئایین و میللەتەکەی خۆیان، بەڵام ئێستا بەهۆی دابەشبوونی مامۆستایان بەسەر ئاراستە سیاسییە جیاوازەکان، ئەوە گۆڕانی بەسەرداهاتووە و نەتوانراوە ئەو حاڵەتە دروست بێت کە ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەی پێدەکەن، مەبەستم دروستبوونی کەسایەتیی ئایینی مەرجەعە. کاتێکیش دەڵێم ئاراستەی سیاسی ئەوا مەبەستم حزبی سیاسییە، چونکە ئەو کاتە دەبێت مامۆستاکە خزمەتی حزبی خۆی بکات و چەپڵە بۆ حزبی خۆی لێبدات، تەنانەت بەداخەوە ئێمە کەسانێکمان هەیە کە بانگخوازن، بەڵام ڕێنمایی لەو دیو سنوورەکان وەردەگرن بە بێ ئەوەی ڕەچاوی واقیعی کۆمەڵگەکەی خۆمان بکەن.

*** ئاماژەتان بۆ ڕێنمایی دەرەوەی سنوورەکان کرد، باشە هێنانی ئەو هەموو فکرو بۆچوونانە چ مانایەکی هەیە؟ ئایا بوونی ئەو حزبە ئیسلامییانە چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت؟**

- بوونی حزبە ئیسلامییەکان کە بارەگایان هەیە و پەیامی خۆیان بڵاو دەکەنەوە، بەڵگەیە لەسەر دڵفراوانیی حکومەتی ئێمە کە چەند بوار و ئازادی پێبەخشیون و کەناڵی تەلەفزیۆنیان هەیە و چالاکی دەکەن، مەبەستم ئەوەیە ئەمە ئاماژەیە بە دڵفراوانیی حکومەت کە چەند لە خەمی ئەوەدایە ئێمە پێکەوە بژین، زۆر ئاساییە حزبە ئیسلامییەکانیش بانگەشە بۆ پەیامی خۆیان بکەن و هەوڵی خزمەتکردنی میللەتی کورد بدەن، بەڵام مەترسییەکە ئەوەیە ئەگەر لە دەرەوەی سنوورەکانەوە ئەفکارەکانیان ئاراستە بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە بڵێین ئەو مامۆستایانەی کە بەرهەمی فیکری و زانستی و ئەدەبییان هەبووە، بە ڕاستی سەر بە حزب نەبوون. مالیك بن نەبی، قسەیەکی جوانی هەیە و دەڵێت: سیاسەت هونەر و زانستە و دەبێت فێری بیت، کە سیاسەت پسپۆڕیی من نەبێت بۆچی مینبەری پێغەمبەر — دروودی خوای لەسەر بێت- بکەمە سیاسی، من خۆم ڕەخنەم هەیە لە گوتاری هەندێ لە مامۆستایان کە دوای دیباجە دەڵێت (اما بعد) خوایە زاڵمەکان لە ناوبەری، خۆ ئەگەر تۆ مەبەستت حکومەتە، ئەوا تۆ مووچە لەم حکومەتە وەردەگریت و مەلایەتی دەکەیت و لە کۆلێژ وانە دەڵێیتەوە و حکومەت پشتیوانیت دەکات. عەبدوڵا بن مسعود دەیگوت: ئەگەر من دوعایەکم هەبێت و قبووڵ بێت، ئەوا دوعام بۆ سوڵتان دەکرد بۆ ئەوەی خوا چاکی بکات. هەر بۆیە من لە دوای (اما بعد) تەنیا یەك نزا دەکەم، ئەویش دەڵێم خوایە ئەو کوردستانە بپارێزی و خوایە چیا و ڕووبار و میللەتەکەمان بپارێزیت و ناوماڵمان یەك بخەیت و برایەتیمان بەهێز بکەیت، بەگشتی نزا بۆ سەرکەوتن و باشیی گەلی کوردستان دەکەم، من دەڵێم گوتاری هەینی هەندێ مامۆستا توندە، ئەویش بەهۆی کاریگەری ئیسلامی سیاسی و حزبایەتییەوە ئەوهایە.

*** ئەی چۆن کار بکەین بۆ ئەوەی لە ناوەندەکانی خوێندن هزری توندڕەوی گەشە نەکات؟**

- لە کوردستان ئەو مامۆستایانەی دامەزراون

**بەداخەوە ئێمە کەسانێکمان هەیە کە بانگخوازن، بەڵام ڕێنمایی لەو دیو سنوورەکان وەردەگرن بە بێ ئەوەی ڕەچاوی واقیعی کۆمەڵگەکەی خۆمان بکەن**

**زۆر ئاساییە حزبە ئیسلامییەکانیش بانگەشە بۆ پەیامی خۆیان بکەن و هەوڵی خزمەتکردنی میللەتی کورد بدەن، بەڵام مەترسییەکە ئەوەیە ئەگەر لە دەرەوەی سنوورەکانەوە ئەفکارەکانیان ئاراستە بکرێت**

**کە سیاسەت پسپۆڕیی من نەبێت بۆچی مینبەری پێغەمبەر — دروودی خوای لەسەر بێت- بکەمە سیاسی**

بەتایبەتی لە کۆلێژی شەریعەت و پەیمانگای ئیسلامی و لە خوێندنی ئیسلامی ئەو مامۆستایانە نین کە بیروهزری توندڕەوی و توندوتیژیان هەبێت، هاوکات لە پرۆگرامی خوێندنی ئیسلامیشدا چاکسازیی کراوە و دکتۆر پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف هەندێك چاکسازی و گۆڕانکاری لە پرۆگرامی دیراسەی ئیسلامی کردووە، ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە کۆلێژی شەریعەتەوە، ئەوا بەداخەوە وەزارەتی خوێندنی باڵا لیژنەیەکی پێکهێنا کە گۆڕانکاری بکات لە پرۆگرامی خوێندنی ئەم کۆلێژە لە کاتێکدا دەبووایە بۆ ئەم کارە کۆنگرەیەکی فراوان سازبکرایە بە بەشداریی سەرۆك بەش و و سەرۆکی لیژنەی زانستی و مامۆستایانی پسپۆڕ، ئەوە بوو ئەوان بە بێ ئەو کۆنگرەیە شەش کتێبی کۆلێژی شەریعە هەیە کە کتێبی بنەڕەتین و گۆڕیویانە، یەکێك لەوانە فقهی بەراوردکارییە کە هیچ پەیوەندی بە بیری توندڕەوی و تیرۆریستییەوە نییە، لەو کتێبەدا باسی دەستنوێژ و شوشتنی سەر، یان ناوچەوان دەکات. ئیمام ئەبو حەنیفە دەڵێت: تەنیا یەك موو مەسح بکەیت و ئیمامی شافعی دەڵێت چارەکێك و ئیمامی مالیك دەڵێت هەموو سەر، ئیتر نازانم ئەمە چ بیرو هزرێکی توندڕەوی تێدایە و بچیت لای ببەیت.

*** نەتەوەی کورد بۆیە مەزهەبی شافعی پێڕەو کردووە، لەبەر ئەوەی جیاوازی بێت لەو نەتەوانەی کە کوردستانیان داگیرکردووە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی مەزهەبی ئیمامی شافعی لە هەموو مەزهەبەکانی دیکەش توندترە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە تاچەند تێکەڵاوکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و بۆ ناسنامەی ئایینی گرنگە؟**

- ئەمڕۆ دۆخەکە و واقیعەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، پێش ١٠ ساڵ لەمەوبەر عەرەب بە چاوێکی ناشیرین سەیری کوردیان دەکرد، کاتێك لێیان قەوما و هاتنە کوردستان بەچاوی خۆیان ئەو دینداری و موسڵمانە پاك و بێگەردە و مزگەوت و شوێنە پیرۆزانەیان بینی و بیرو هزریان بەرامبەر کورد گۆڕاوە و تەنانەت لە رووی کۆمەڵایەتییەوە تێکەڵبوون رووی دا، میللەتی کورد میللەتێکی موسڵمان و رۆشنبیر و ئاشتیخوازە، تەنانەت گوتاری کاکە مسعود بارزانی لە کاتی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان گوتارێکی بەرز بوو، کاتێك دەیگوت ئێمە میللەتێکی ئاشتیخوازین و باوەڕمان بە پێکەوەژیان هەیە، ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەمە ناسنامەی نەتەوەیی ئێمەیە.

*** وێڕای ئەو هەموو کارەسات و کاولکارییەی بەسەر گەلی کوردستان هاتووە لەسەر دەستی گەلانی تورك و عەرەب و فارس، کە هەر سێکیان بانگەشە بۆ ئیسلامەتی دەکەن، بەڵام گەلی کوردستان زیاتر پابەند بووە بە ئایینەکەی خۆیەوە، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە ئاستی تێگەیشتنی کورد بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەوە بەرزترە کە نەتەوەکانی دیکە دەیانەوێت بە زۆر بەسەریدا فەرزی بکەن؟**

- من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە کاتی خۆی قودس لەسەر دەستی سەرکردەیەکی کوردی موسڵمانی وەکو سەڵاحەدین ئەیوبی رزگار کرا، ئەمەش لە مێژووی ئیسلامدا جوانترین بەڵگەیە بۆ خزمەتکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەلایەن نەتەوەی کوردەوە، لە قورئانی پیرۆزدا خوای گەورە دەفەرمێت: (عِبادًا لَّنَا أُولِي بَأْسٍ شَدِيدٍ) زانایانی ئیسلام ئەمەیان شیکردۆتەوە و دەڵێن ئەوانە لە عێراقن لە عێراقیش لە کوردستان، بە واتای ئەوەی کە ئەوان کەسانێکی ئازان، کە دەتوانن بەرگری لە ئیسلام بکەن.

*** کەواتە ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بە هاوشێوەی میسرییەکان کە خاوەنی زانکۆی ئەزهەرن، ئێمەش ببینە خاوەن زانکۆیەکی گەورەی ئیسلامی بە ناوی کوردستانەوە؟**

- من پێشتر لە بەغدا بووم و ١٠ ساڵە هاتوومەتە کوردستان و لەو ماوەیەدا داوام کردووە زانکۆیەکی ئیسلامی دروست بکرێت، خۆ ئەگەر زانکۆیەکی لەم شێوەیە دروست بکرێت و موسڵمانانی وڵاتە جیاوازەکان بێن و تێیدا بخوێنن و دواتر بگەڕێنەوە وڵاتەکەی خۆیان و باسی کوردستان بکەن و باسی ئەوە بکەن کورد چ زانایەکی هەیە و چ میللەتێکە، لە هەموو روویەکەوە باشە، کەواتە دووپاتی دەکەمەوە بوونی زانکۆیەکی ئیسلامی و بوونی مەرجەع پێویستییەکی زۆر گرنگن کە پێویستە لە کوردستان هەبن.


**لە کوردستان ئەو مامۆستایانەی دامەزراون بەتایبەتی لە کۆلێژی شەریعەت و پەیمانگای ئیسلامی و لە خوێندنی ئیسلامی ئەو مامۆستایانە نین کە بیروهزری توندڕەوی و توندوتیژیان هەبێت**

**پێش ١٠ ساڵ لەمەوبەر عەرەب بە چاوێکی ناشیرین سەیری کوردیان دەکرد، کاتێک لێیان قەوما و هاتنە کوردستان بەچاوی خۆیان ئەو دینداری و موسڵمانە پاک و بێگەردە و مزگەوت و شوێنە پیرۆزانەیان بینی و بیرو هزریان بەرامبەر کورد گۆڕاوە**

**بوونی زانکۆیەکی ئیسلامی و بوونی مەرجەع پێویستییەکی زۆر گرنگن کە پێویستە لە کوردستان هەبن**

# ئایندەی میدیای هەرێم
# هەژموونی میدیای سێبەرە

ئاشکرایە گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوورییەکان و سیستمی حوکمڕانییەکان، کاریگەریی ڕاستەوخۆ دەکەنە سەر گۆڕانی ڕێچکە و سرووشت و مۆدیلی کاری میدیایی، هەرچەندە ئەوەی تا ئێستا لە جیهاندا پۆلێن کراوە و ناسراوە، سێ مۆدیلی میدیایە، ئەویش مۆدیلی میدیای حکوومی و بازرگانی و خزمەتگوزاریی گشتی، یان نیشتمانییە. لە هەرێمی کوردستاندا سەردەمی شاخ و شۆڕشی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان سەرەتای کاری میدیایی بووە، بۆیە میدیایەکی سیاسی و شۆڕشگێڕی بووە، دواتریش کە حکومەتی هەرێم ڕاگەیەندراوە، ئەو جۆرە میدیایە لە میدیای حزبیدا خۆی بینیوەتەوە، واتە سەرەتا هەردوو حزبی باڵادەست میدیایان دامەزراندووە، یان درێژەیان بەو ئامرازانە داوە کە ڕۆژنامە و ڕادیۆ بوون و دواتریش تەلەفزیۆن و چەندین کەناڵی دیکەی میدیاییان هەبووە، دواتر دەرچوونی یاسای حزبەکان بە ڕەهایی مافی بوونی میدیا بە پارتی سیاسی دەدات، بە بێ دیاریکردنی ژمارە و چەندێتی و چۆنێتی، هەر حزبێک کە هەیە و دروست دەبێت، دەست بە دانانی کەناڵی جۆراوجۆری میدیایی دەکات، واتە تا ساڵانێك دوای ڕاپەڕین لەم هەرێمەدا میدیا، میدیای حزبی بوو، دواتر لە دەرەنجامی قۆرخکاریی میدیای حزبی جۆرێك لە میدیای دیکە بە ناوی میدیای ئەهلی و سەربەخۆ سەری هەڵدا، ئەگەرچی من نامەوێت لەسەر هۆکاری پاشەکشەی میدیای ئەهلی باس و خواس بکەم، تەنیا دەمەوێت هۆکاری گەیشتنی ئەم قۆناغە کە من بە سەردەمی میدیای سێبەری دەزانم، باس بکەم. ئاشکرایە میدیای حزبی ئەگەرچی تا ئێستاش لەم هەرێمەدا بوونی هەیە، بەڵام هەر بە سەرهەڵدانی میدیای ئەهلی و دواتریش میدیای بازرگانی و میدیا لەژێر ناوی سەربەخۆدا، پارتە سیاسییەکان کەوتنە ئەوەی کە دەبێت میدیایەکیان هەبێت، کە هاوشێوەی ئەو جۆرانە لە میدیا بێت کە تا ڕاددەیەك دەنگی خەڵکی ناڕازی تێدا دیار بێت، تاوەکو وەرگرەکانیان بەرەو لای میدیای ئۆپۆزسیۆن و میدیا ئەهلییەکان نەڕۆن، نەشدەکرا کەناڵە حزبییەکەیان نەمێنن کە زمانحاڵیان بوون، بۆیە کەوتنە داهێنان و دامەزراندنی چەند کەناڵێك کە ناڕاستەوخۆ لەژێر ناوی دیکەدا خزمەت بە سیاسەتەکانی ئەوان بکات، ئیتر ئەمە دەرگای کردەوە بۆ سەرهەڵدانی چەندین کەناڵ کە نەزانرێت هی کێن و بۆ چ ئامانجێك کاردەکەن، دواتریش دروستبوونی حزبی نوێ و سەرهەڵدانی باڵەکان لەناو حزبەکان ژینگەی بۆ تەشەنەی ئەم جۆرە لە میدیا فەراهەم کرد، ئێستاش ئێمە لە بارودۆخێکداین کە جگە لە هەردوو



**پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید**

بۆ گولان نووسیویەتی

جۆری میدیای حزبی و سێبەر زیاتر ناتوانین پۆلێنی مۆدیلی میدیای وڵاتەکەمان بکەین. واتە مۆدیلی زاڵ ئەم دوو جۆرەن لە میدیا، کە بێگومانیش ململانێی پارتەکان و کێشەی ناوخۆیی هەندێك لە حزبەکان و دابەشبوون بۆ باڵەکان و پێویستبوون بە شەڕی میدیای شاراوە بە ناوی دیکەوە، زیاتر هاوکارێکی گەورەیە بۆ جۆری میدیای سێبەر لە بری میدیای حزبی، چونکە ئەو شەڕەی میدیای سێبەر دەیکات، هەرگیز بە میدیای حزبی لەژێرناوی حزبەکاندا ناکرێت و یاسا و بەرژەوەندیی حزبەکان ڕێگە بەو ململانێیە نادات.

کەواتە ماوە بڵێین: خۆری میدیای حزبی بەرەو ئاوابوونە و خۆری میدیای سێبەر لە هەڵهاتندایە، لێرەدا باسەکە ئەوە نییە کە کامیان باشن، بەڵام باسەکە لەوەدایە ئێمە هێشتا میدیامان ڕێکنەخستووە، کێ بەرپرسە لەم میدیایانە، کێ بەرپرسیارێتیی یاسایی و ئیتیکی ئەم کەناڵانە لە ئەستۆ دەگرێت؟ ئەگەر میدیای حزبی لەبەر بەرژەوەندییە سیاسییەکەی ئەرکی تا ڕاددەیەك نەتەوەیی لەئەستۆ دەگرێت، خۆ ئەم میدیایانە کە خاوەنەکانیان دیار نین، لەبەرچی ئەرك و بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و هاووڵاتی و نیشتمانی لەئەستۆ دەگرن؟

ئەوەی من مەبەستمە باسی بکەم تایبەتمەندیی ئەو جۆرە لە میدیا نییە، چونکە ئەوە زۆری دەوێت، هیوادارم بابەتی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە میدیاییەکانی داهاتوومان بێت، ئەوەندەی مەبەستمە دەمەوێت مەترسییەکانی هەژموونی ئەم میدیایە (میدیای سێبەر) لە چەند خاڵێکدا بخەمە ڕوو:

١. ئەرکی ڕێکخستنی میدیای ئاڵۆزتر کرد، کە ساڵانێکە هەوڵی بۆ دەدەین و هێشتا پێی نەگەیشتووین.

٢. ئەم جۆرە لە میدیا نەك تەنیا دەرگا دەکاتەوە بۆ سەرهەڵدانی میدیای زیاتری سێبەر لەسەرئاستی ناوخۆ، ئەگەریشی زۆرە پاڵپشت و سپۆنسەری ئەم جۆرە لە میدیانە دەستی دەرەکی و بێگانەش بێت.

٣. پرسی نەتەوە، نیشتمان، هاووڵاتی، هەرهەموویان لەبەردەم ئەم میدیایەدا دەکەونە بەردەم مەترسییەوە کە هیچ ئەرك و بەرپرسیاریەتییەکی دیار و دروستیان نەبووە.

٤. ئاڵۆزکردنی زیاتری ژینگە میدیاییەکەمان.

٥. دەرگاکردنەوە بۆ کاری زیاتری نائیتیکی و ناپیشەیی و پێشێلکاریی زیاتر بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان.

٦. تۆخکردنەوەی ململانێکان و دوورکەوتنەوەمان لە پێکەوەژیان و ئاسایشی نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی.

# میدیا و ئاسایشی کۆمەڵایەتی

بـۆ ئـەوەی ئاسـانتر لـە پەیوەندیـی نێـوان (میدیـاکار و دەسـەڵات و دیـاردە نەخـوازراوەکان) بگەیـن، سـەرەتا بـا تیشـکێك بخەینـە سـەر میتۆدەکانی میدیـا و کورتەیـەك لـە پێناسـەکانی:

● **یەکـەم:** زۆرن ئـەو میتۆدانـەی کـە کاری میدیایـی ئاراسـتە دەکـەن لـە جیهانـدا، ڕەنگـە هەندێکیـان لاواز بووبـن و هەندێکیشـیان هێشـتا بەهێـز بـن، بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشـدا کـەم تـا زۆر کار بەهەموویـان دەکرێت بەپێی شـوێن و کاتـەکان. دەکرێت ئـەو میتۆدانە وەك ئاسـانکارییەك کورت بکەینـەوە بۆ چەند میتۆدێك لەوانە بۆ نموونـە:

١. میتـۆدی دەسـەڵات، کـە ساڵانێکی زۆر هـەر یـەك لـە ئەڵمانیـای هیتلەر و ئیتاڵیـای مۆسـۆلینی و عێراقـی سـەدام و ئێسـتاش کۆریـای باکـوور و چیـن و میانمـار و زۆربـەی وڵاتـە عەرەبییـەکان و ئەفریقاییـەکان لەسـەری دەڕۆن.

٢. میتـۆدی ئازادیـی، کـە زیاتـر لـە کەرتـی تایبەتدایـە و بۆ ئازادیی ڕەهـا و قازانجی دارایی کار دەکات.

٣. میتـۆدی سۆشیالیسـتی، کـە نوێنەرایەتـی چینی کرێکاری دەکرد و زمانحاڵی حزبیشیان بوو.

٤. میتـۆدی گەشـەپێدان، کـە زیاتر لـە جیهانی سـێیەمدا بـۆ چەمکەکانـی ناسـنامە، زمـان و کەلتـوور کار دەکات.

٥. میتـۆدی بەشـداربوونی دیموکراسـییانە، کـە بـڕوای وایـە میدیـا لـە خزمەتـی خەڵکـە، نـەك بەپێچەوانـەوە.

٦. میتـۆدی بەرپرسـیارێتی کۆمەڵایەتـی، کـە زیاتـر لـە پـاش جەنگـی دووەمـی جیهانییـەوە دەرکـەوت و، لای وایـە ئازادیـی مافـە، بـەڵام ئەرکیشـە، هەروەهـا فـەزا و ئاسمانی ئازادی بـە بنمیچـی بەرپرسـیارێتییەوە گرێـدەدات و، وای دەبینێـت کـە میدیـای ئاسـت بـەرز مافێکـی کۆمەڵگەیـە و میدیاکاریـش بەرپرسـیارە بەرامبەر دەزگاکـەی و کۆمەڵگـە.

● **دووەم:** بۆ ئەوەی ئاسـانتر لە پەیوەندیی نێوان (میدیـاکار و دەسـەڵات و دیـاردە نەخـوازراوەکان) بگەیـن، بـا وەك نموونـە لـە پەیوەندیـی نێـوان (نەخـۆش و نەخۆشـی و پزیشـك) بگەیـن.

- ئەگـەر نەخـۆش و نەخۆشـییەکە یەکیـان گـرت، قسـەکانی پزیشـك تیادەچێـت.
- ئەگەر پزیشـك و نەخۆشییەکە یەکیان گرت، نەخۆشـەکە تیا دەچێت.
- ئەگـەر نەخـۆش و پزیشـك یەکیـان گـرت، نەخۆشـییەکە تیـا دەچێـت، ئەمـەش ڕاسـتە، بۆیـە سێگۆشـەی پەیوەندیـی نێـوان میدیـاکار و دەسـەڵات و دیـاردە نەخوازراوەکانیش بـەم جۆرەیـە:
- ئەگـەر میدیـاکار و دیـاردە نەخوازراوەکـە یەکدی بگـرن، دەسـەڵات بێ کاریگەریـی دەبێت.
- ئەگـەر دەسـەڵات و دیـاردە نەخوازراوەکـە یەکـدی بگـرن، میدیـاکار بـێ کاریگـەری تیـا دەبێـت.
- ئەگەر میدیاکارو دەسـەڵات تەبا بـن، دیاردە نەخوازراوەکـە تیـا دەچێت، ئەمـەش داواکراوە.



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەنووسێت

● **سێیەم:** راسپاردە گشتییەکان:

١. دیارکردنی فەلسەفە و بیردۆزی کارپێکراو لە بواری میدیا لە هەرێمی کوردستان.

٢. کارکردنی هەردوو یاسای مافی دەستخستنی زانیارییەکان و یاسای پاراستنی تایبەتمەندییەکانی تاك.

٣. کارکردنی دەزگاکانی میدیا بۆ دوورخستنەوەی گەندەڵکارانی بواری راگەیاندن.

٤. پابەندکردنی هەر دەزگایەك بە بەردەوامبوون لەسەر بەدواداچوونی دۆسیە کراوەکان، تا کاتی داخستنیان لەلایەن دادگاوە.

٥. پێویستیی پابەندبوونی میدیا بە دەستەواژە ڕێژەییەکانی وەك: تۆمەتبار نەك تاوانبار، لە گرتەیەکدا کە هێشتا لە راستی و دروستیی ناوەڕۆکەکەی دڵنیا نین، سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو کە ناوەکەی لەلامانە..

٦. دواخستنی بابەتە توندوتیژەکان لە دراما و هەواڵ بۆ پەخشی نیوەشەو.

٧. دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای راگەیاندن و کۆبوونەوە لەسەر پەیمانێکی پیشەگەرانە.

٨. دوورکەوتنەوە لە ئیرهابی میدیایی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی خێرای ناڕاست و فێربوونی داوای لێبووردنکردن لە هاووڵاتییان لە هەر هەواڵێکی ناڕاست.

٩. ڕێگەگرتن لە بنیاتنانی ئیمڕاتۆریەتی میدیایی لە نموونەی ئیمپڕاتۆریەتییەکەی (ڕۆبەرت مەردۆخ) کە سەردەکێشێت بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە و دەسەڵاتەکانی دەوڵەت.

١٠. خاوەندارێتی دەزگای میدیایی مافێکی بنیاتنراوە لە سەر دوو بنەمای متمانە و لێپرسراوێتی، ئازادیی میدیاییش نابێت لەسەر حیسابی سەروەریی یاسا بێت.

چوارەم: راسپاردە تایبەتەکان بە بواری کۆمەڵایەتیی

١. بایەخدان بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی ئاسایشی نیشتمانی.

٢. کردنەوەی بەشی میدیاکارانی کۆمەڵایەتی لە کۆلێژ و پەیمانگاکانی راگەیاندندا.

٣. بەشداریی پێکردنی میدیاکارانی کۆمەڵایەتی لە خولی تایبەت و وۆرکشۆپەکاندا.

٤. تیشك خستنەسەر لایەنە پۆزەتیڤ و گەشەکانی کۆمەڵایەتی.

٥. کاراکردنی رۆڵی داواکاریی گشتی بۆ بەدواداچوون و لێپرسینەوە لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.

٦. ڕێکخستنی سیمینارێکی هاوبەش لەلایەن وەزارەتەکانی رۆشنبیری، کاروباری کۆمەڵایەتی، سەندیکای رۆژنامەنووسان، بەشی کۆمەڵناسیی لە زانکۆکانی هەرێم، سەندیکاو یەکێتی کۆمەڵناسانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پەیوەست بە بواری کۆمەڵایەتی و پسپۆڕانی کۆمەڵناسی بۆ داڕشتنی بنەماکانی کاری میدیاکارانی کۆمەڵایەتی.